وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین / هەولێر
کۆلێژی ئەدەبیات
بەشی راگەیاندن

# ژیانی رۆژنامەوانی دوکتور سادق شەرەفکەندی
## (١٩٣٧-١٩٩٢)

## توێژینەوەیەکی مێژوویی ـ شیکارییە

بۆ( ١٠ وتار لە وتارە رۆژنامەوانییەکانی دکتور سادق شەرەفکەندی) بە نموونە

پێشکەش کراوە لە لایەن خوێندکار:
**حەمید ئەسکەندەر موختار**

وەکوو بەشێك لە پێداویستیی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە راگەیاندندا

بە سەرپەرشتیی: م.ی سادق حەمەغەریب

٢٧١٣ی کوردی ١٤٣٤ی کۆچی ٢٠١٣ی زایینی

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

يَاأَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَا
ئِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ
إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ ﴿١٣﴾

سورة الحجرات - الآية 13

**صدق الله العظيم**

به ناوی خوای گەورە و میهرەبان

ئەی خەڵکینە بێگومان ئێمە دروستمان کردوون لە نێر و مێ یەك، و کردوومان بە چەند گەل و هۆزێك، تا یەکتری بناسن، بەڕاستی بەرێزترینتان لای خوا پارێزکارترینتانە.

## پێشکەش:

- ئەم توێژینەوەیە پێشکەشە بە گیانی پاکی دوکتور سادق شەرەفکەندی کە ژیانی خۆی لە پێناو ئامانجە رەواکانی گەلەکەیدا بەخت کرد.

- پێشکەشە بە شەهیدانی هەر چوار پارچەی کوردستان کە گیانی خۆیان فیدای ئازادی و سەربەستی وڵاتەکەیان کرد.

- پێشکەشە بە دایك و باوکی خۆشەویستم، بەتایبەت رۆحی پاکی دایکی ئازیزم کە هەمیشە منی بۆ خوێندن هان دەدا.

-- پێشکەشە بۆ ئەڤین ئەکتیرەن (Evîn Ektîren) ئەوینی ژیانی من، کە هەمیشە پشتیوانی مەعنەوی من بووە لە ژیانمدا.

- پێشکەشە بۆ هەموو هاوڕێکانم و بەو کەسانەی کە تەنانەت وشەیەکیش هاوکارییان کردووم.

## سوپاس و پێزانین :

- سوپاس بۆ کاك نوورەدین سۆفی زادە کە پێشنیاری ئەم توێژینەوەی پێم کرد .
- سوپاس بۆ مامۆستای خوشەویست و بەڕێزم، مامۆستا سادق حەمەغەریب کە سەرپەرشتیی ئەم توێژینەوەی گرتە ئەستۆی خۆی و لە دەوڵەمەندکردنی ئەم توێژینەوەیەدا یارمەتیی دام.
- سوپاس بۆ د. ڕەحیم سورخی و د. حەبیب کەرکووکی کە بە ڕێنماییە زانستییەکانی خۆیان لە هەرچی زیاتر دەوڵەمەندکردنی ئەم توێژینەوەیەدا یارمەتیان کردم.
- سوپاس بۆ برایانی ئازیز و خۆشەویستم کاك سەلام ئیسماعیل پوور و سلێمان کەریمی کە ئەرکی پێداچوونەوەی توێژینەوەکەمیان گرتە ئەستۆ.
- سوپاس بۆ برای خۆشەویستم هۆزان بیرکار کە لە دانانی خشتەکانی شیکردنەوەی ناوەرۆکدا زۆر یارمەتی منی دا.
- سوپاس بۆ هەموو ئەو هاوڕێیانەی کە لەم پێوەندییەدا یارمەتیی منیان دا، بەتایبەتی کاك سمایل شەرەفی، ئەحمەد شێربەگی، چەکۆ ڕەحیمی، موعتەسەم نوورانی.

# پێڕست


پێشەکی .................... ١

**بەشی یەکەم: چوار چێوەی زانستیی توێژینەوە** .................... ٢

١- کێشەی توێژینەوە .................... ٣

٢- پرسیارەکانی توێژینە .................... ٣

٣-گرینگی توێژینەوە .................... ٣

٤-ئامانجی توێژینەوە .................... ٣

٥- جۆری توێژینەوە .................... ٤

٦- ڕێبازی توێژینەوە .................... ٤

٧-کۆمەڵگای توێژینەوە .................... ٤

٨- سامپڵی توێژینەوە .................... ٤

٩-چەمکەکانی توێژینەوە .................... ٤

١٠- سنووری توێژینەوە .................... ٤

١١-کەرەستەی توێژینەوە .................... ٥

١٢- ئاستەنگەکانی توێژینەوە .................... ٥

**بەشی دووەم: باروۆخی سیاسی ـ کۆمەلایەتیی ئێران لە سەردەمی ژیانی دوکتور شەرەفکەندیدا** ٦

**پاری یەکەم: دۆزی ئێران لە نێوان ساڵانی ١٩٣٧-١٩٧٩** .................... ٧

**ا:** دەسەڵات و حکوومەتی ئێران لە ساڵی ١٩٣٧ .................... ٧

**ب:** دۆخی سیاسیی کوردستان لەسەردەمی دەسەڵاتی ڕەزاشادا .................... ٧

**پ:** سیماکانی حکوومەتی ڕەزاشا .................... ٨

**ت:** هۆکارەکانی ڕووخانی حکوومەتی ڕەزاشا .................... ٩

**ث:** شەڕی دووهەمی جیهانی و هەڵوێستی ئێران( ١٩٣٩ - ١٩٤٥) .................... ١٠

**ج:** داگیرکردنی ئێران لە لایەن بەریتانیا و سۆڤێتەوە ٢٥ی ئووتی ١٩٤١ .................... ١٠

**چ:** لابردن و دوورخستنەوەی ڕەزاشا ١٩٤١ .................... ١١

**ح:** دۆخی کوردستان لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانیدا ( ١٩٣٩ - ١٩٤٥) .................... ١١

**خ:** ڕەوشی سیاسیی ئێران پاش ڕەزاشا(١٩٤١) .................... ١٢

**د:** سەرهەڵدانی قۆناغێکی نوێی سیاسی لە ئێراندا .................... ١٢

**ر:** کوومەتە ناسەقامگیرەکان و گرتنە دەستی دەسەڵات( ١٩٤٧ - ١٩٥١) .................... ١٣

**ز:** ڕینی یاسای بنەڕەتیی ئێران بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتی شا(٢٤-٢-١٩٤٩) .................... ١٣

**ژ:** میللی کردنی پیشەسازیی نەوت لە ئێراندا ( ٨-٣-١٩٥١) .................... ١٤

**س:** دکتور محەممەد موسەدیق و گەیشتن بە دەسەڵات (ئاڤریلی ١٩٥١) .................... ١٥

**ش:** کودەتای ١٩ی ئاگوستی ١٩٥٣ و لابردنی دوکتور موسەدیق .................... ١٥

**ف:** باودۆخی کوردستان پاش تێکچوونی کۆمار لە ساڵی ١٩٤٧ .................... ١٥

**ق:** ئاکامەکانی کوودەتای ١٩ی ئاگوستی ١٩٥٣ .................... ١٦

**ک:** شەڕی چەکداریی ١٩٦٧-١٩٦٨ .................... ١٧

**پاری دووهەم: ڕۆخانی ڕێژیمی پاشایەتی و دۆزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان** .................... ١٨

ا: ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێراندا(١١ی فورییەی١٩٧٩) .................... ١٨

**ب:** کورد پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی (١١ی فورییەی١٩٧٩) .................... ١٩

**پ:** دەرکردنی فیتوای جیهاد دژی گەلی کورد(١٩-٨- ١٩٧٩) .................... ١٩

ت: شەڕی ئێران و عێراق(١٩٨٠-١٩٨٨) ........ ٢٠
ث: هێرشکردنەوە بۆ سەر کوردستانی ئێران ........ ٢٠
ج: دوو ڕووداوی تاڵ و دوو خەساری گەورە لە مێژووی کوردستانی ئێراندا........ ٢١
چ: یەکەم: تیرۆرکردنی د.عەبدولرەحمان قاسملوو (١٣-٨ ١٩٨٩) ........ ٢١
ح: دووهەم: تیرۆرکردنی د.سادق شەرەفکەندی (١٧-٩-١٩٩٢) ........ ٢٢
خ: پێکهاتەی جیۆپۆلیتیك و کۆمەڵایەتیی کوردستانی ئێران ........ ٢٢
د: پێکهاتەی ئابووریی کوردستان ........ ٢٣
ر: بواری تەندروستی ........ ٢٣
ز ئاستی خوێندەواری ........ ٢٤

**بەشی سێهەم: ژیانی دوکتور سادق شەرەفکەندی و بەرهەم و بەرپرسایەتییە میدیاییەکانی** ... ٢٥

**پاری یەکەم: کورتەیەك لە ژیانی شەرەفکەندی**........ ٢٦
ا: شەرەفکەندی نموونەی قوتابییەکی زیرەك........ ٢٨
ب: بە هۆی هەژارەوە بیر نەتەوایەتی لای شەرەفکەندی دروست دەبێ........ ٢٩
پ: شەرەفکەندی بە هۆی دەست کورتییەوە دەچێتە بەشی کیمیا........ ٢٩
ت: پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لەگەڵ خوشکی وەزیری تەندروستیی سەردەمی کۆمار .... ٢٩
ث: لەبەر مامۆستا هەژار و دڵسوزی بۆ قوتابییەکانی بۆ کەرەج و ئەراك دوور دەخرێتەوە ٣٠
ج: ژیانی سیاسیی شەرەفکەندی(١٩٧٣-١٩٩٢) ........ ٣٠
چ: تیرۆرکردنی شەرەفکەندی لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە(١٧-٩-١٩٩٢) ........ ٣١
ح: ژیانی ڕۆژنامەوانیی سەعید شەرەفکەندی (١٩٨٢-١٩٨٩)........ ٣٢
**پاری دووهەم: بەرهەمەکانی شەرەفکەندی**........ ٣٤
ا: کتێبی کورتە مێژووی جووڵانەوەکانی نەتەوەی کورد ........ ٣٥
ب: کتێبی هەڵبژاردەیەك لە وتارەکانی د. سادق شەرەفکەندی ........ ٤١
**پاری سێهەم: بەرپرسایەتییە میدیاییەکانی شەرەفکەندی**........ ٤٢
ا: ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران ........ ٤٣
ب: مێژووی دامەزراندنی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران(٩-٦-١٩٨٠) ........ ٤٣
پ: کاتی بڵاوبوونەوەی بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران ........ ٤٥
ت: هۆکاری بڵاوبوونەوەی بەرنامە بە سێ زمان ........ ٤٥
ث: ئەرکەکانی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران ........ ٤٦
ج: ئاستەنگ و هەڕەشەکانی بەردەم ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران ........ ٤٧
چ: بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران........ ٤٧
ح: سەرچاوەکانی هەواڵ و زانیاری بۆ ڕادیۆ ........ ٤٧
خ: قۆناغەکانی گواستنەوەی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران ........ ٤٨
د: بەرپرسانی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران........ ٥٠
ذ: هەیکەلی بەڕێوەبردنی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران ........ ٥٠
ر: ستافی بەشی هەواڵسازی ........ ٥٠
ز: دەستەی نووسەران ........ ٥١
ژ: ستافی بەشی دەنگهەڵگرتن و مۆنتاژ (تەکنیك) ........ ٥١

**س**: ستافی بەشی تەکنیک ........ ٥١
**ش**: ستافی بەشی کوردیی دیالێکتی کرمانجیی خواروو ........ ٥١
**ص**: ستافی بەشی کوردیی دیالێکتی کرمانجیی سەروو ........ ٥١
**ض**: ستافی بەشی فارسی ........ ٥٢
ط: سەرچاوەی بەدەستخستنی هەواڵ و زانیاری بۆ رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران ........ ٥٢
ظ: داهاتی سەرەکیی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران ........ ٥٢
**ع**: ژمارەی ستۆدیۆکانی ........ ٥٢
**غ**: ماوەی بڵاوبوونەوەی بەرنامەکانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران ........ ٥٢
**ف**: کاتی بڵاوبوونەوەی بەرنامەکانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران ........ ٥٣
**ق**: فرێکانسی بڵاوبوونەوەی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران ........ ٥٣
**ک**: خشتەی رۆژانەی بەرنامەکانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران ........ ٥٤
دووهەم: : رۆژنامەی کوردستان ........ ٥٥
**ا**: مێژووی دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان ١-٦-١٩٤٦) ........ ٥٥
**ب**: تەکنیکی رۆژنامەوانی لە رۆژنامەکەدا لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد. ........ ٥٨
**پ**: لە رووی زمانەوانییەوە ........ ٥٨
**ت**: لە رووی ئازادیی دەربڕینەوە ........ ٥٨
**ث**: ناوەڕۆکی رۆژنامەی کوردستان لە سەردەمی کۆماردا ........ ٥٩
**ج**: لە رووی بڵاوکردنەوەوە ........ ٥٩
**چ**: ئامانجەکانی ........ ٥٩
**ح**: سەرچاوەکانی هەواڵ ........ ٥٩
**خ**: راستیی زانیارییەکان ........ ٥٩
**د**: قۆناغی دووهەمی دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان (١٩٤٧-١٩٦٣) ........ ٦٠
**ذ**: قۆناغی سێهەمی دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان (مەی ١٩٥٤-سێپتامبری ١٩٥٤ ........ ٦١
**ر**: قۆناغی چوارەمی دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان (١٩٦٥-١٩٧٠) ........ ٦٢
**ز**: قۆناغی پێنجەمی دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان پاش ساڵی ١٩٧١ ........ ٦٢
**ژ**: کۆمەڵێك تایبەتمەندیی رۆژنامەی کوردستان لە دوای قۆناغی پێنجەمەوە ........ ٦٥
**س**: رەنگی بوونی لاپەرەکانی رۆژنامەی کوردستان ........ ٦٥
**ش**: رۆژنامەی کوردستان لە رووی قەوارەوە ........ ٦٦
**ص**: دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان بە زمانی فارسی ........ ٦٦
**ض**: بەرپرسەکانی رۆژنامەی کوردستان ........ ٦٦
**ط**: سەرنووسەرانی رۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی ح. د. ك. ئێران لە پاش ساڵی ٢٠٠٦ ........ ٦٧
**ظ**: سەرنووسەرانی رۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی ح. د. کوردستان پاش ساڵی ٢٠٠٦ ........ ٦٧
**ع**: تایبەتمەندییەکانی رۆژنامەی کوردستانی قۆناغی پێنجەم ........ ٦٧
١. ئامانجەکانی ........ ٦٧
٢. لە رووی بڵاوکردنەوە ........ ٦٧
٣. سەرچاوەکانی هەواڵ ........ ٦٨
٤. راستیی زانیارییەکان ........ ٦٨

٥: پیشەیی بوونی کارگێڕانی ڕۆژنامەی کوردستان .... ٦٩
٦: پێگەی ڕۆژنامەی کوردستان لە نێو خەڵکدا .... ٦٩
٧: لایەنی گرافیکی ڕۆژنامەی کوردستان .... ٦٩
٨: ئاستەنگەکانی بەردەم ڕۆژنامەی کوردستان .... ٦٩
**بەشی چوارەم: شیکردنەوەی ناوەڕۆکی وتارەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی** .... ٧١
**ا:** بنەماکانی ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسی .... ٧٢
**ب: بارودۆخی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی ئێران و کوردستان و کاریگەری لە سەر کاری ڕۆژنامەگەری شەرەفکەندی و بەها ئەرێنی و نەرێنییەکان** .... ٧٣
**پ:** ئامانجەکانی ڕۆژنامەنووسیی :شۆڕشگێڕ .... ٧٧
**ت:** خشتەکانی پێوەندیدار بە شیکردنەوەی ناوەڕۆك .... ٨٠
ئەنجام .... ٩٣
پاشکۆی وێنە .... ٩٥
سەرچاوەکان .... ١٠٥

# پاشكۆی خشته

## خشتەكانی پێوەندیدار بە شیكردنەوەی ناوەڕۆك


٨٠
خشتەی ژمارە (١) : وتاری ئاگاداركردنەوەی خەڵكی ئێران لە سەر جوڵانەوەی كوردستان هەنگاوێك بەرەو سەركەوتنە........ ٨١
خشتەی ژمارە (٢): وتاری (چەند قسەیەك لەسەر هەڵوێستی جینایەتكارانەی ڕێژیم سەبارەت بە خەڵكی كوردستان)........... ٨٢
خشتەی ژمارە (٣): وتاری (بۆ خەبات چ زۆر ڕێگا) ..................................................... ٨٣
خشتەی ژمارە (٤): وتاری (شینی كوژرانی ١٣ لاوی سەقزی)............................................ ٨٤
خشتەی ژمارە (٥): وتاری (خومەینی و بزووتنەوەی جیهانی ئیسلام).................................... ٨٥
خشتەی ژمارە (٦): وتاری (یەكگروویی كۆمەڵانی خەڵك زامنی سەركەوتنە)............................. ٨٦
خشتەی ژمارە (٧): وتاری (تیرورریزم بە چی دەڵێن)....................................................... ٨٧
خشتەی ژمارە (٨): وتاری (یادێك لە ٢٨ی گەلاوێژ)....................................................... ٨٨
خشتەی ژمارە (٩): وتاری (جێگای تایبەتی هەركەس لە جۆڵانەوەدا)... .............................. ٨٩
خشتەی ژمارە (١٠): وتاری (با هەموومان بەشی خۆمان لە خەباتدا بەشداری بكەین).................... ٩٠
خشتەی ژمارە (١١):سەرجەم وشە بەهادارە ئەرێنییەكان لە كۆی ١٠ وتاردا............................. ٩١
خشتەی ژمارە (١٢):سەرجەم وشە بەهادارە نەرێنییەكان لە كۆی ١٠ وتاردا............................. ٩٢

# پێشەکی:

مێژوو، ڕۆڵێکی زۆر گرینگ لە کۆمەڵگادا دەگێڕێت، چوونکە ئەگەر ڕابردوویەك نەبێت، بێگومان داهاتوویەکیش لە ئارادا نابێت. کۆمەڵگای زیندوو ئەو کۆمەڵگایەیە کە ڕابردووی خۆی بزانێت و ئاگاداری ڕووداوەکان و بەسەرهاتەکانی خۆی بێت و زانیاریی لە سەر شۆناس و بەهاکانی کۆمەڵگای خۆی هەبێت. هەروەك هێرۆدۆت، باوکی مێژوو دەڵێت: ئەوەی کە  ئاگاداری مێژووی خۆی نەبێت، وەکوو منداڵ وایە.

مێژوو تەنیا بۆ وەبیرهێنانەوەی ڕابردوو نیە، بەڵکوو یەکێك لە ئامانجە سەرەکییەکانی مێژوو، بەکارهێنانی بۆ پاراستنی شۆناس، شارستانییەت و بەها باڵاکانی کۆمەڵگایە. ئێمە تەنیا لە بەر ئەوە باس لە مێژوو ناکەین کە ئاگاداری ڕابردوو بین، بەڵکوو لە ڕێگای زانینی ڕابردوو و سوود وەرگرتن لە ڕووداوە خۆش و ناخۆشەکانیەوە، دەتوانین یارمەتیدەری ڕەوتی گەشە و پێشکەوتنی کۆمەڵگاکەمان لە ئێستا و داهاتوودا بین و بە خەسارناسیی هەڵەکان و خوێندنەوەی ڕەخنەگرانەی ڕابردوو، ڕێڕەوێکی باش بۆ سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانجەکان پێڕەو بکەین.

هەموو نەتەوەیەك خاوەنی مێژوو، شانازی، بەسەرهاتی خۆش و ناخۆش، ڕۆشنبیران، کەسایەتییە ئایینی، سیاسی و کۆمەلایەتییەکانی خۆیەتی و شانازییان پێوە دەکات، بۆ نموونە، یۆنان بە وڵاتی ئەفلاتۆن، ئەرەستوو، و سوقرات ناسراوە. ئێمەی کوردیش خاوەن مێژوویەکی دوور و درێژ و پڕ لە کارەسات و ڕووداوی خۆش و ناخۆشین. کەم نین ئەو ڕێبەرانەی کە لە پێناوی مافەکانی ئەم گەلەدا گیانی خۆیان فیدا کردووە و ئێستا وەکوو سیمبۆلێك لە نێو نەتەوەی کورددا باسیان لێ دەکرێت، کەسانێکی وەکوو پێشەوا قازی موحەممەد، مەلا مستەفا بارزانی، شێخ سەعیدی پیران، شێخ مەحموودی حەفید، سمکۆئاغای شکاك، دوکتور قاسملو و....

یەکێکی دیکە لەم سەرکردانە کە گیانی خۆی لە پێناوی  داوا ڕەواکانی گەلەکەیدا بەخت کرد، دوکتور سادق شەرەفکەندییە کە وەکوو ڕێبەرێکی ڕۆشنبیر و زانا هاتە نێو مەیدانی خەباتی ڕەوای گەلەکەی و بە هەوڵی بێوچانی خۆی لەم پێناوەدا لاپەڕەیەکی زێڕینی لە خەباتی ڕەوای کورددا تۆمار کرد. کەسایەتییەك کە ماوەیەکی زۆر بەرپرسایەتیی ڕۆژنامەی کوردستان، زمانحاڵی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانی لە ئەستۆ بوو.

بە لەبەرچاوگرتنی گرینگیی مێژوو، من وەکوو خوێندکارێك، بیرم لەوە کردەوە کە وەکوو تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە خزمەتێك بە مێژووی گەلەکەم و زیندووکردنەوەی بەشێك لە مێژوو بکەم. چوونکە بە بڕوای من بەنرخترین سەرمایە بۆ هەر نەتەوە و کۆمەڵگایەك، بریتییە لە شوناس، کولتوور و بەها باڵاکانی ئەو نەتەوەیە. مێژووش ئامرازێکە کە دەتوانین شوناس و کولتووری خۆمان پێی بەهێز کەین و کۆمەڵگا بەرەو داهاتوویەك ڕێبەری بکەین کە لەگەڵ مێژوو، شوناس و بەها ڕاستەقینەکان یەك بگرێت، نەك داهاتوویەك کە ئێمە لە ڕابردووی خۆمان دابڕێت.

بۆیە هەڵبژاردنی توێژینەوەیەکی مێژوویی — شیکاریی وەکوو ژیانی ڕۆژنامەوانیی دوکتور سادق شەرەفکەندی، و شیکردنەوەی بەشێك لە وتارەکانی دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ ئەوەی کە منیش وەکوو خۆم بۆ پاراستنی ئەم ئامانجانە، هەنگاوێکم هەڵگرتبێت و بە باسکردن و ناساندنی کەسایەتییەکی وەکوو شەرەفکەندی، بنەمایەکم دانابێت تاکوو خوێندکارانی دوای ئێمە سوودی لێ وەربگرن و لایەنەکانی دیکەی ئەم مێژوویە و ئەم کەسایەتییە لێك بدەنەوە و شرۆڤەی بکەن.

ئەم توێژینەوەی من لە چوار بەش پێك هاتووە، بەشی یەکەم بریتییە لە چوارچێوەی زانستی توێژینەوە کە خوی لە کێشەی توێژینەوە، گرینگی توێژینەوە، ئامانجی توێژینەوە و.... دەبینێتەوە، بەشی دووهەم باس لە بارۆدوخی سیاسی کۆمەڵایەتی ئێران و کوردستان لە سەردەمی ژیانی دوکتور سادق شەرەفکەندیم کردووە کە ئەم بەشە لە دوو پار پێك هاتووە، پاری یەکەم پەیوەستە بە دۆزی ئێران لە نێوان ساڵەکانی ۱۹۳۷-۱۹۷۹ و پاری دووهەم پەیوەستە بە ڕۆخانی ڕێژیمی پاشایەتی و دوزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

بەشی سێهەمی توێژینەوەکەم تەرخان کردووە بە ژیانی دوکتور سادق شەرەفکەندی و بەرهەم و بەپرسایەتییە مێدیاییەکانی کە ئەویش لە سێ پار پێك هاتووە کە پاری یەکەم بریتی یە لە کورتەیەك لە ژیانی شەرەفکەندی، پاری دووهەم بریتییە لە بەرهەمەکانی شەرەفکەندی و پاری سێهەم بەپرسایەتییە مێدیاییەکانی شەرەفکەندی لە خو دەگرێت.

بەشی چوارەم و کۆتایی توێژینەوەکەم تەرخان کردووە بە شیکردنەوەی ناوەرۆکی وتارەکانی سادق شەرەفکەندی کە تیادا ۱۰ وتار لە وتارەکانی شەرەفکەندم بە نموونە وەرگرتووە کە سەرچاوەی وتارەکان کتێبی هەڵبژاردەیەك لە وتارەکانی سادق شەرەفکەندی یە کە لە نێوان ساڵەکانی ۱۳۶۲-۱۳۶۸ لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران و ڕۆژنامەی کورددستان چاپ و بڵاو کراونەتەوە.

# بەشی یەکەم:

# چوارچێوەی زانستیی توێژینەوە

1: کێشەی توێژینەوە
2: پرسیارەکانی توێژینەوە
3: گرینگیی توێژینەوە
4:ئامانجی توێژینەوە
5: جۆری توێژینەوە
6: **ڕێبازی توێژینەوە**
7: کۆمەڵگای توێژینەوە
8: سامپڵی توێژینەوە
9: چەمکەکانی توێژینەوە
10: سنووری توێژینەوە
11: کەرەستەی توێژینەوە
12: ئاستەنگەکانی توێژینەوە

## چوار چێوەی زانستیی توێژینەوە

### 1-1 کێشەی توێژینەوە:

کێشەی توێژینەوە بە شێوەیەکی سەرەکی پەیوەستە بە باسکردن و ئاوڕدانەوەیەکی گشتگیر سەبارەت بە ژیانی ڕۆژنامەوانیی دوکتور سادق شەرەفکەندی و ڕۆڵی ئەم کەسایەتییە وەکوو ڕۆژنامەنووسێکی شۆڕشگێر (بەپێی هەموو لایەنەکانی بواری ڕۆژنامەگەری)، لە ئاستی کۆمەڵگاکەی خۆیدا.

### 2-1 پرسیارەکانی توێژینەوە:

- دوکتور سادق شەرەفکەندی کێ بوو؟
- ژیانی ڕۆژنامەوانیی دوکتور سادق چۆن و کەی دەستی پێکرد؟
- دوکتور سادق وەکوو ڕۆژنامەنووسێك چەندە بۆ بەها و پرنسیپە دێمۆکراتیکەکان هەوڵ دەدات؟
- ئایا ئەوەی بانگەشەی دەکات، بەرامبەر بە نەیارانی خۆی و گەلەکەی، بۆ نموونە کۆماری ئیسلامی ئێران وەکوو جینایەتکار و دیکتاتۆر و تیرۆریست دەیناسێنێ، بۆ خۆی لە دەربڕینی کەلامی ڕۆژنامەنووسیدا چەندە پرەنسیپی دێمۆکراتیکی تێدایە کە بگونجێ لەگەڵ بەها و پرنسیپەکانی ڕۆژنامەنووسی؟

### 3-1 گرینگیی توێژینەوە:

گرینگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە یەکەمین توێژینەوەیە کە بە وردی باس لە ژیانی ڕۆژنامەوانیی کەسایەتییەکی خەباتگێر و شۆڕشگێری ڕۆژهەڵاتی کوردستان، واتە دوکتور سادق شەرەفکەندی دەکات و توێژەر هەوڵ دەدات زانیاریی ورد و بابەتی لەم بوارەدا پێشکەش بکات. لە لایەکی دیکەوە دوکتور سادق بە یەکێك لە کەسایەتییە ناسراو و دیارەکانی ناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد دێتە ئەژمار کە هەموو هەوڵی خوی بۆ سەرخستنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد داوە. بەتایبەتی لە بواری ڕۆژنامەوانیدا ڕابردوویەکی زێڕینی هەبووە، بۆیە توێژینەوەکەمان بە باسکردن لە ژیانی ڕۆژنامەوانیی ئەم کەسایەتییە تەرخان کردووە.

### 4-1 ئامانجی توێژینەوە:

ئامانج لەم توێژینەوەیە باسکردنێکی ورد و تەسەلە لەسەر ژیانی ڕۆژنامەوانیی دوکتور سادق شەرەفکەندی هەم لە ڕووی مێژوویی و هەم لە ڕووی شیکارییەوە، و توێژەر دەیەوێت بزانێت دوکتور سادق شەرەفکەندی لە چ بارودۆخێکدا دەست بە کاری ڕۆژنامەوانی کردووە؟ و ئامانجەکانی کاری ڕۆژنامەوانی دوکتور سادق شەرەفکەندی چی بوون؟ و بۆ چی هەوڵی دەدا؟. هەر وەها دەیەوێت بە پێشکەشکردنی ئەم توێژینەوەیە بنەمایەك و سەرچاوەیەك دروست بکات بۆ توێژینەوەکانی دوای خۆی کە لەم بوارەدا یان لە یەکێك لە تەوەرەکانی ئەم توێژینەوە ئەنجام دەرێت.

### 5-1 جۆری توێژینەوە:

جوری توێژینەوەکە دۆزینەوەیە، ئەم جۆرە توێژینەوەیە بەوە پێناسە دەکرێت کە بریتییە لەو توێژینەوانە کە توێژەر شتێکی نویّ دەکاتە ئامانج کە پێشتر لە سەری هیچ توێژینەوەیەکی زانستی نەکرابێت، بە واتایەکی دیکە، بریتییە لە ئەنجامدانی توێژینەوە لە بوارێکدا یان لە سەر دیاردەیەك کە پێشتر کەس لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکردووە.[1]

### 6-1 ڕێبازی توێژینەوە

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا پشتی بەستووە بە مێتودی مێژوویی - شیکاری، چوونکە باشترین میتودی زانستییە بۆ ئەم توێژینەوەیە و توێژەر لە ڕێگای ئەم توێژینەوەیەوە دەتوانێت بگاتە ئەو ئامانجانەی کە پێشتر وەکوو کردنەوەی دەروازەیەك بۆ توێژینەوەکانی دوای خوی، دەستنیشانی کردوون.

### 7-1 کۆمەڵگای توێژینەوە:

چوارچێوەی کۆمەڵگای توێژینەوە، بریتی یە لە کتێبی هەڵبژاردەیەك لە وتارەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی کە لە نێوان ساڵەکانی 1362-1368ی ڕۆژی لە رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران و رۆژنامەی کوردستان چاپ و بڵاو کراونەتەوە.

### 8-1 سامپڵی توێژینەوە:

سامپڵی توێژینەوەم بریتییە لە 10 وتار لە وتارە ڕۆژنامەوانییەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی، لە کە کتێبی هەڵبژادەیەك لە وتارەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی وەرگیراوە.

### 9-1 چەمکەکانی توێژینەوە:

توێژەر لەم توێژینەوەیەدا بۆ ئەوەی بگاتە ئەنجامێکی زانستی دروست، لە دوو چەمك سوودی بینیوە کە بریتین لە

-1چەمکی وشەی بەهاداری ئەرێنی

-2 چەمکی وشەی بەهاداری نەرێنی.

وشەی بەهاردار:" واتە هەر وشەیەك کە بەرامبەرەکەی بە چاك یا خود خراپ هەڵسەنگێنێت. واتە بەرامبەرەکەت دەنرخێنێت بە چاك یا خود خراپ."[2]

---

[1]- د. حەبیب کەرکوکی، وانەی مێتودی توێژینەوەی زانستی، بەشی چوارەم، ل14.

[2]- وتووێژ لەگەل د. رەحیم سۆرخی. هەولێر، 11-02-2013

### 10-1 سنووری توێژینەوە:

- سنووری کات: ئەو ماوەیە کە توێژینەوەی لەسەر کراوە، دەبێتە نێوان ساڵەکانی (1937-1992)، واتە لەو کاتەوە کە دوکتور سادق لە دایك دەبێت تا ئەو کاتەی کە لە ئەنجامی کردەوەیەکی تیرۆریستیدا گیانی لە دەست دەدات.
- سنووری شوێن: ئێران ـ رۆژهەڵاتی کوردستان.

### 11-1 کەرەستەی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا لە کۆمەڵێك کەرەستە سوود وەرگیراوە وەکوو:

- **پەرتووك**: لە بەر ئەوەی کە کتێب یەکێك لە کەرەستەکانی توێژینەوەی مێژووییە، توێژەریش لەم توێژینەوەیەدا هەوڵی داوە لە رێگای کتێبەوە زانیاری کۆ بکاتەوە، بەتایبەتی ئەو کتێب و بابەتانەی کە لە لایەن خودی دوکتور شەرەفکەندییەوە نووسراون، وەکوو "تاریخچە جنبش‌های ملی کرد، بەشێك لە وتارەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی،" جگە لەمانەش لە کۆمەڵێك کتێبی دیکە کە لەسەر ئەم کەسایەتییە نووسراون، سوودم وەرگرتووە، وەکوو کتێبی شەرەفکەندی، سیمای شۆڕشگێڕێکی نەتەوەیی، نووسین و کۆکردنەوەی سمایل شەرەفی، مەشخەڵی ئازادیخوازی، نووسینی ئەحمەد مەکلاوەیی، کتێبی سەفەری بێگەڕانەوەی شەهید سەید سەلام عەزیزی و... .
- **ئەرشیڤ**: لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دراوە لە رێگای ئەرشیڤی رۆژنامە و گۆڤارەکان و هەروەها وتارەکانەوە، زانیاری لەسەر بابەتەکە کۆ بکرێتەوە.
- **چاوپێکەوتن**: توێژەر لە رێگای چاوپێکەوتنەوە داتا و زانیاریی پێویستی بەتایبەتی لەو کەسانەی کە هاورێ و هاوسەنگەری نزیکی دوکتور سادق شەرەفکەندی بوون، وەکوو بەڕێزان، ئەحمەد شێربەگی، قادر وریا، جەلیل گادانی، موهەندیس رەزا خەیاتی و... وەرگرتووە.

### 1- 12 ئاستەنگەکانی توێژینەوە:

2- یەکێك لە ئاستەنگە هەرە گەورەکانم لەم توێژینەوەیەدا، ئاشنا نەبوونم لەگەڵ چۆنیەتیی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی بوو، لە بەر ئەوەی کە یەکەم جارە توێژینەوەیەکی زانستی ئەنجام دەدەم، رووبەڕووی کۆمەڵێك گرفت بوومەوە.

3- نەبوونی سەرچاوەی زانستیی پێویست یەکێکی دیکە لە گرفتە هەرە سەرەکییەکانی بەردەم توێژینەوە بوو.

4- نەزانینی زمان یەکێکی دیکە لە کێشەکانی بەردەم توێژینەوەکە بوو، چوونکە زۆر بابەت و نووسراو بە زمانە بێگانەکانی وەکوو ئاڵمانی، ئینگلیزی، فەرانسی، عەرەبی و... لە سەر کەسایەتیی دوکتور سادق شەرەفکەندی بڵاو کراونەتەوە کە بە هۆی شارەزا نەبوونم بەم زمانانە نەمتوانی سوودیان لێ وەربگرم.

# بەشی دووهەم:
# بارودۆخی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی ئێران لە سەردەمی ژیانی دوکتور شەرەفکەندیدا

پاری یەکەم: دۆزی ئێران لە نێوان ساڵانی ١٩٣٧- ١٩٧٩
ا: سیماکانی حکوومەتی رەزاشا:
ب: هۆکارەکانی رووخانی حکوومەتی رەزاشا
پ: نزیکبوونەوەی رەزاشا لە ئاڵمانی نازی:
ت: شەڕی دووهەمی جیهانی:
ث: داگیرکردنی ئێران لە لایەن بەریتانیا و سۆڤێتەوە:
ج: لابردن و دوورخستنەوەی رەزاشا:
چ: بارودۆخی کوردستان لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانیدا:
ح: رەوشی سیاسیی ئێران پاش رەزاشا:
خ: سەرهەڵدانی قۆناغێکی نوێی سیاسی لە ئێراندا:
د: حکوومەتە ناسەقامگیرەکان و گرتنە دەستی دەسەڵات:
ذ: گۆڕینی یاسای بنەڕەتیی ئێران بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتی شا:
ر: بە میللی کردنی پیشەسازیی نەوت لە ئێراندا:
ز: دوکتور محەممەد موسەدیق و گەیشتن بە دەسەڵات:
ژ: کودەتای ١٩ی ئاگوستی ١٩٥٣ و لابردنی دوکتور موسەدیق:
س: بارودۆخی کوردستان پاش تێکچوونی کۆمار:
ش: ئاکامەکانی کوودەتای ١٩ی ئووتی ١٩٥٣:
ص: شەڕی چەکداریی ١٩٦٧- ١٩٦٨
پاری دووهەم: رۆخانی رێژیمی پاشایەتی و دۆزی رۆژهەڵاتی کوردستان
ا: ئێران لە بەرەبەری شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ی گەلانی ئەم وڵاتەدا:
ب: رووخانی رێژیمی پاشایەتی لە ئێراندا:
پ: کورد پاش رووخانی رێژیمی پاشایەتی
ت: دەرکردنی فیتوای جیهاد دژی گەلی کورد
ث: شەڕی ئێران و عێراق
ج: هێرشکردنەوە بۆ سەر کوردستانی ئێران:
چ: دوو رووداوی تاڵ و دوو خەساری گەورە لە مێژووی کوردستانی ئێراندا:
ح: یەکەم: تیرۆرکردنی د.عەبدولرەحمان قاسملوو:
خ: دووهەم: تیرۆرکردنی د.سادق شەرەفکەندی:
د: پێکهاتەی جیۆپۆلیتیك و کۆمەڵایەتیی کوردستانی ئێران:
ذ:پێکهاتەی ئابووریی کوردستان:
ر: بواری تەندروستی:
ز: ئاستی خوێندەواری:

## پاری یەکەم: دۆزی ئێران لە نێوان ساڵانی 1937- 1979

ڕەزاخانی پەهلەوی کە لەدایبک بووی پارێزگای مازندەرانی سەر بە ئێرانە، ڕۆژی یەکشەممە 15ی مارسی 1874 لە گوندی ئالاشتی سەر بە شاری سەوادکووە لەم پارێزگایە دا لە دایبك بووە، ساڵی 1937 پاشای ئێران بوو، ناوبراو پاش ئەوەی کە چووە سەربازی، توانیی پلەکانی سەربازی یەك لە دوای یەك ببڕێت و پاش ئەنجامدانی کۆدەتای سالی 1920 کە بە پشتیوانیی بەریتانیا و لە لایەن سەید زیائەدین تەباتەبایی و خۆیەوە ئەنجام درا و تاران گیرا، سەید زیائەدین بوو بە سەرۆك وەزیرانی ئێران و ڕەزاخانیش بە پشتیوانیی بەریتانیا بوو بە وەزیری شەڕ. ناوبراو لەو ماوەیەدا کە وەزیری شەڕ بوو، توانیی دەسەڵاتی خۆی بەرفراوان و پێگەی خۆی بەهێز بکات. لە 25-10-1923 ناوبراو لە لایەن ئەحمەدشای قاجارەوە وەکوو سەرۆك وەزیرانی ئێران دیاری کرا و لە سالێ 30-10- 1925 بە فەرمی پاش هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی بنەماڵەی قاجار، پاشایەتیی بنەماڵەی پەهلەوی لە ئێراندا دا دەمەزرێنێت و تاکوو 1941 لە ئێراندا فەرمانڕەوایی دەکات.[1]

### الف: بارودۆخی سیاسیی کوردستان لەسەردەمی دەسەڵاتی ڕەزاشادا:

پاش ئەوەی کە ڕەزاشا توانیی لە ڕێگای کودەتایەکی سەربازییەوە کە بە یارمەتیی بەریتانیا هاتە دی، دەسەڵات بگرێتە دەست و لە ساڵی 1925 لە تاران خۆی وەکوو شا و دامەزرێنەری پاشایەتیی پەهلەوی ناساند. جووڵانەوەی سمکۆ کە تا ساڵی 1930 هەر مابوو، ببووە کوسپێك لە سەر ڕێگای ڕەزاخان کە دەیەویست دەسەڵاتێکی بەهێزی ناوەندی لە ئێراندا پێك بێنێت. بۆیە پاش دانانی پیلانێك لە ڕۆژی 21-6-1930یدا، سمکۆ لە لایەن سەرهەنگێکی لەشکری ئێرانەوە بۆ وتووێژ بانگ کرایە شاری شنۆ و ناجوامێرانە کوژرا.[2]

لەسەردەمی دیکتاتۆریی بیستساڵەی ڕەزاشادا، ستەمی نەتەوەیی گەیشتە ئەوپەڕی خۆی. شۆڤینیزمی ئێرانی بوو بە سیاسەتی فەرمیی ڕێژیمی پەهلەوی دژ بە گەلانی غەیری فارسی ئێرانی، بەشێوەیەك کە ئەم گەلانە کەوتنە ژێر توندوتیژترین ستەمی نەتەوەیی. بۆ لە ناوبردنی شوێنەواری نەتەوەیی و مێژوو و فەرهەنگی ئەم گەلانە بەرنامەیەك دارێژرا و لە درێژخایەندا بەڕێوە چوو کە مەبەستی تواندنەوەی گەلانی غەیری فارس بوو. دەستێوەردانی مێژووی کۆن و نوێ، گۆڕینی ناوی شار و گوندەکان، قەدەغەکردنی گەلێك ڕێوڕەسمە نەتەوەییەکان و تەنانەت قەدەغەکردنی جلوبەرگی نەتەوەیی، هەمووی بۆ ئەوە بوو کە نیشان بدرێ لە ئێراندا تەنیا تاقە نەتەوەیەك هەیە، ئەویش نەتەوەی فارسە. شێعرەکانی باباتاهیر، شاعیری بەناوبانگ کە بە شێوەزاری کۆنی لوڕی نووسرابوون، لە لایەن بەناو زانایانی ئەدەبەوە، دەستیان تێوەردرا و کران بە فارسی. ڕەشیدی یاسمی بە بڕیاری وەزارەتی ڕۆشنبیری، کتێبێکی نووسی بە ناوی "کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی او " (کورد و هاوپێوەندییە نەژادی و مێژووییەکەی) بۆ ئەوەی بیسەڵمێنێ کە کورد نەتەوەیەکی جیاواز نین و فارسن. لەبەر درگای هەموو پۆلەکانی قوتابخانەکان و ژووری دایرەکان نووسرابوو " فارسی سخن بگویید" واتە بە فارسی قسە بکەن.[3]

---

[1]- نجفقلی پسیان و خسرو معتضد، از سوادکوه تا ژوهانسبورگ: زندگی رضاشاه پهلوی، چاپی سێهەم، ساڵ ١٣٨٢، ل122.

[2]- دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادیدا، بەرگی یەکەم، چاپی دووهەم 1988، ل21.

[3]- هەمان سەرچاوە، ل23.

لەسەردەمی رەزاشادا ئەمنیە (ژاندارم) لە گوندەکانی کوردستاندا دەسەڵاتی رەهایان هەبوو، خۆیان بە خاوەنی گیان و ماڵ و ناموسی خەڵك دەزانی و یاسا هەر ئەوە بوو کە ئەمنیە دیاریی دەکرد.
لاوانی کوردستانیان بە زۆر بۆ سەربازی بەرێ دەکرد، خەڵکی کوردستان بە حەق ناوی خزمەتی سەبازییان نابوو ئیجباری، واتە بە زۆری و گورانیشیان بۆ دانابوو. گۆرانییەکی زۆر بەناوبانگ کە لە پێشدا ژیانی پڕ کویرەوەریی سەربازیی دەخستە بەرچاو:

مانگێ حەوت قران، رۆژێ چوار شایی
چ بدەم بە قەند و چ بدەم بە چایی
کوڕم گەورە کرد بە قەندی شاری
رەزاشا بردی لە بۆ ئیجباری
یا خوا رەزاشا تەختت وەرگەڕێ
ئیجباری کوردی دەبا بۆ شەڕێ[1]

## ب . سیماکانی حکوومەتی رەزاشا:

### 1- بەستراو بوون (سەربەخۆنەبوون)

دەستپێکی دەسەڵاتداریی رەزاشا بە سەرەتای بادانەوە دەژمێردرێت لە مێژووی پرۆسەی بەستراوەبوون لە ئێراندا، بەتایبەتی بە وڵاتی بەریتانیا.[2]

### 2- سەرەڕۆیی و حکوومەتی تاکەکەسی:

حکوومەتی رەزاشا حکوومەتێکی ملهوڕ و تاکەکەسی بوو، سەرەڕای بوونی یاسای جیابوونەوەی دەسەڵاتەکان لە دەستووری بنەڕەتیی ئێراندا، رەزاشا لە هەموو کاروبارەکاندا دەستێوەردانی دەکرد. دیاریکردنی نوێنەرانی مەجلیسی شورای میللی بە پێی لیستێك بوو کە لە لایەن فەرماندار، سەرلەشکر و سەرۆکی شارەبانیی بیاڤی هەڵبژاردنەکانەوە ئامادە دەکرا، دەبوایە سەرەتا رەزاشا مۆری پەسەندی لێ بدایە و پاشان بۆ وەزارەتی نێوخۆ بەرێ دەکرا.[3]

کەواتە هەرچەند حکوومەتی رەزاشا سیستەمی پارلەمانیی هەڵنەوەشاندەوە، بەڵام سیستەمی حوکمڕانیی ناوبراو لەگەڵ پاشا دیکتاتۆرەکانی پێش خۆیدا هیچ جیاوازییەکی نەبوو. وەزارەتەکان هیچ دەسەڵاتێکی بڕیاردانیان نەبوو و هێندێك لە وەزارەتەکان لەبەر ئاشنایی لەگەڵ رۆحییەی سەربازیی رەزاشا تەنانەت دەترسان بۆچوونی خۆیان سەبارەت بە پرسەکان دەربڕن.[4]

### 3- پەرەپێدانی گیانی نەتەوەپەرەستی و شۆڤینیزمی:

رەزاشا بۆچوونێکی شوڤێنیستیانەی لەمەڕ نەتەوەپەرەستی هەبوو. لەسەردەمی دەسەڵاتداریی رەزاشادا، زۆڵم و زۆرێکی بەرچاو بەرامبەر بە نەتەوەکانی ئێران وەکوو کورد، عەرەب، تورك، بەلووچ و... دەکرا و شۆناسیان حاشای لێ دەکرا. نانەوەی دووبەرەکی لە نێوان نەتەوەکانی ئێران و بەکارهێنانی هێزی چەك بۆ

---

[1]- دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سەرچاوەی پێشوو، ل24،25
[2]- حسين قاضی، کتێبی " سقوط رضا شاه" بەشی سیمای حکومت رضا شاه، سالی چاپ 1362، چاپخانەی مهر.ل154،
[3]- هەمان سەرچاوە. ل154
[4]- هەمان سەرچاوە. ل154

له ناوبردنی زمانی نەتەوەیی ئەو نەتەوانە، دابونەریت و کولتوور و ڕێوڕەسمە جوانەکانیان و جلوبەرگیان یەکێکی دیکە لە سیماکانی حکوومەتی ڕەزاشا بوو.[1]

**4- میلیتاریزە کردنی کۆمەڵگا:**

ڕەزاشا بە هۆی تایبەتمەندییەکانی خۆی و هەبوونی ڕۆحییەی لەشکری، ئەرتەشی کردە بنەما و کۆڵەکەی دەسەڵات. ناوبراو بەرپرسە لەشکرییەکانی خوی بە بەراورد لەگەڵ بەرپرسانی دیکەی حکوومەتەکەی، بە گرینگتر دەزانی و بایەخێکی زیاتری پێ دەدان. بۆیە بۆ دروستکردنی ئەرتەشێکی نوێ زۆر هەوڵی دەدا. بەڵام ئەو ئەرتەشەی کە ئەو دروستی کرد، بە مەبەستی سەرکوت و بێدەنگکردنی نەیارانی ناوخویی، دەست بەسەرداگرتن و تاڵانکردنی عەشیرەکان و بەهێزکردنی بنەماکانی حکوومەتی خۆی بەکاری هێنا. هەر بۆیە ئەرتەشی ئەو کاتی ئێران بەهیچ شێوەیەك ئەرتەشێکی نیشتمانی نەبوو کە لە بەرامبەر هێرشەکانی دوژمنانی دەرەکیی ئێراندا بتوانێ خۆڕاگری بکات.[2]

**5- نەهێشتنی ئازادییەکان و گرتن و کوشتنی ئازادیخوازان:**

لەسەردەمی دەسەڵاتداریی ڕەزاشا، چالاکییە سیاسییەکان بە تەواوەتی یاساغ بوو، هەر کەسێك کە قسەیەکی بە دژی کردبایە، سەرکوت دەکرا. ڕەزاشا جگە لە دوورخستنەوە، زیندانی کردن و کوشتنی نەیارانی، بەرامبەر بە دۆستان و لایەنگرانی خۆشی بەشێوەیەکی بێبەزەییانە هەڵسوکەوتی دەکرد. بۆ نموونە کەسێکی وەکوو نوسرەتوودەولەی فیروزی فەرمانفەرما کە یەکێك لە لایەنگرانی ڕەزاشا بوو، لە سالی 1930 لە ماڵی خۆیدا دەستبەسەر کرا و هەر لەوێش کوژرا. عەبدولحوسەینخانی تەیموور تاش کە وەزیری دەربار و سەرەکیترین بەڕێوەبەری کاروبارەکانی حکوومەتی ڕەزاشا بوو، لە ساڵی 1933 زیندانی کرا و هەر لەوێش کوشتیان. سەردار ئەسعەدی بەختیاریش کە لە نێوان ساڵەکانی 1923-1928ڕۆڵێکی گەورەی لە بەهێزکردنی دەسەڵاتی ڕەزاشادا بینیبوو، تووشی چارەنووسێکی هاوشێوە هاتەوە. ڕەزاشا بەرپرسایەتیی وەزارەتی شەڕی لێ سەندەوە و بە بێ دادگاییکردن، لە زینداندا کوشتی. ناوبراو لە ماوەی دەسەڵاتداریی خۆیدا هەموو هەوڵێکی دا کە پێش بە سەرهەڵدانی هەرچەشنە ناڕەزایەتییەك یا خود پێکهاتنی ڕێکخراوە سیاسییەکان بگرێت. ڕەزاشا هیچ باوەڕێکی بە پارتە سیاسییەکان نەبوو، بۆیە هەموو پارتە سیاسیەکانی هەڵوەشاندەوە.[3]

## پ: هۆکارەکانی ڕووخانی حکوومەتی ڕەزاشا

### - نزیکبوونەوەی ڕەزاشا لە ئاڵمانی نازی:

لە ساڵەکانی پاش شەڕی یەکەمی جیهانیدا، سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر بە ئاڵمان گۆڕانی بەسەردا هات. چوونکە بەریتانیا و فەرانسە زیاتر لە لایەن حکوومەتی کۆمونیستی یەکێتیی سۆڤێتەوە هەستیان بە مەترسی دەکرد، بۆیە بەریتانیا پێشخستن و بەهێزکردنی ئاڵمانی نازیی بە ڕێبەرایەتیی هیتلر بۆ بەرەنگاربوونەوەی سۆڤێت بە شتێکی باش دەزانی. لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا بوو کە بەریتانیا ئیزنی بە حکوومەتی ڕەزاشا دا تاکوو پێوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی خۆی لەگەڵ ئاڵمانیا پەرە پێ بدات. ئاستی پێوەندیی بازرگانی و

---

[1]- حسین قاضی، سەرچاوەی پێشوو، ل155.

[2]- هەمان سەرچاوە، ل155

[3]- هەمان سەرچاوە، ل156

پیشەسازیی دوو وڵات لە ماوەیەکی کورتدا فراوان بوو و سەدان پسپۆڕ و شارەزای خەڵکی ئاڵمان لە ئێراندا دەستیان بە کار کرد.[1]

### ت: شەڕی دووهەمی جیهانی:

شەڕی دووهەمی جیهانی[2] بە هێرشی هیتلر بۆ سەر پۆڵۆنیا لە مانگی سیپتامبری 1939 دەستی پێکرد، بەریتانیا و فەرانسە و پاشان ئامریکا، بەرامبەر بە ئاڵمانیا شەڕیان ڕاگەیاند، یەکێتیی سۆڤێت بە هۆی واژۆکردنی پەیماننامەی (خۆبواردن لە دەستدرێژیکردن بۆ سەر یەکتر) لەگەڵ ئاڵمان بە شێوەیەکی نهێنی، بە ڕاگەیاندنی بێلایەنی لە شەڕدا، جەختی کردەوە کە ڕێگا بە هیچکام لە لایەنەکانی شەڕ نادات کە بە خاکی ئێراندا تێپەڕ بن.[3]

لە ساڵی 1941 سوپای ئاڵمان لە ناکاو بەرەو سنوورەکانی سۆڤێت وەڕێ کەوت و زۆر بە خێرایی لە خاکی ئەو وڵاتەدا پێشڕەویی کرد، پاش ئەم هەنگاوە، ئێران بە هۆی پێگەی جوغرافیایی گرینگیی خوی، کەوتە بەر سەرنجی هێزە ڕێککەوتووەکان (متفقین). چوونکە باشترین ڕێگە بۆ گواستنەوەی یارمەتیی ئابووری و سەربازیی بەریتانیا و ئەمریکا بۆ سۆڤێت بوو تاکوو پێش بە پێشرەوی و سەرکەوتنی ئاڵمان بگرن. لە لایەکی دیکەوە ئەگەری دەستبەسەرداگرتنی چاڵە نەوتییەکانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە لایەن ئاڵمانیاوە، ترس و دڵەڕاوکییەکی زۆری خستە ناو دڵی بەریتانیا.[4]

لە مانگی 7ی ساڵی 1941 بەریتانیا و سۆڤێت هەبوونی هاوڵاتییانی ئاڵمانییان لە ئێراندا کردە بیانوویەك دژ بە ئێران و خوازیاری دەرکردنیان بوون و پاشان هێندێك داواکاریی دیکەیان خستە ڕوو. حکوومەتی ڕەزاشا کە تووشی بارودۆخێکی زۆر خراپ هاتبوو. لە لایەك شاهیدی سەرکەوتنە یەك لە دوای یەکەکانی ئاڵمانیا لە شەڕدا بوو و لە لایەکی دیکەوە هیتلر بەڵێنیی بە ڕەزاشا دابوو کە لە بەهاری 1942 سەربازەکانی دەگەنە ئێران و لە لایەکی دیکەوە کەوتبووە بەر مەترسیی هێرشی هێزەکانی وڵاتە ڕێککەوتووەکان.[5]

### ث: داگیرکردنی ئێران لە لایەن بەریتانیا و سۆڤێتەوە:

لە 25ی ئووتی 1941، باڵوێزەکانی بەریتانیا و سۆڤێت، لە دوو نامەی جیاوازدا کە بۆ ئێرانیان ناردبوو، ڕایانگەیاند: " لەبەر ئەوەی کە دەوڵەتی ئێران لە بەرامبەر داواکارییەکانیان، سیاسەتێکی ناڕوونی پەیڕەو کردووە و بۆ دەرکردنی ئاڵمانییەکان هیچ هەنگاوێکی هەڵنەگرتووە، هێزەکانی سۆڤێت و بەریتانیا هاتوونەتە نێو خاکی ئێران و خەریکی بەرەوپێشچوونن". مەسەلەی بوونی دانیشتوانی ئاڵمانی لە ئێراندا بۆ بەریتانیا و سۆڤێت تەنیا بیانوویەك بوو. لە ڕاستیدا داگیرکردنی ئێران بە مەبەستی لەناوبردنی ترسی خۆیان و کردنی ئێران بە هێڵی گواستنەوەی پێداویستییەکانی بەرەی شەڕ بوو، کە بۆ ئەوان زۆر گرینگ بوو. چوونکە ئەوان

---

[1]- حسین قاضی، سەرچاوەی پێشوو، ل160،

[2]- ئەم شەڕە لە نێوان وڵاتانی یەکگرتوو کە پێکهاتبوون لە ئاڵمان، ئیتالیا و ژاپۆن، و وڵاتانی ڕێککەوتوو کە پێك هاتبوون لە بەریتانیا، فەرانسە، سۆڤێت و ئامریکا لە ساڵی 1941 دەستی پێکرد و لە کۆتاییدا بە سەرکەوتنی ڕێککەوتووەکان لە ساڵی 1945 کۆتایی پێ هات. بڕوانە (- حسین قاضی، هەمان سەرچاوە، ل160)

[3]- هەمان سەرچاوە، ل161.

[4]- هەمان سەرچاوە، ل162.

[5]- کریستین بولارد، کتێبی شترها باید بروند، وەرگێڕان، دکتر علی اکبر فرهنگی، بەشی جنگ دوم جهانی، ل 98، ساڵی

دەیانتوانی ئامرازەکانی شەڕی خۆیان لە ڕێگای هێڵی ئاسنی ئێرانەوە بگوازنەوە بۆ سۆڤێت و بە هاتنی هێزە بیانییەکان، ئێران لە باکوور و باشوورەوە لە لایەن ڕێککەوتووەکانەوە داگیر کرا.[1]

**ج: لابردن و دوورخستنەوەی ڕەزاشا:**

ئەرتەشی 121 چەندهەزار کەسیی ڕەزاشا لە بەرامبەر هێزەکانی سۆڤێت و بەریتانیا بەرەنگارییەکی ئەوتۆیان نەکرد و پاش 6 ڕۆژ بە تەواوەتی هەڵوەشایەوە. ڕەزاشاش کە ڕۆژێك لە لایەن بەریتانیاوە لە سەر کورسیی دەسەڵات دانرابوو، هەر لە لایەن ئەو وڵاتەوە لەسەر دەسەڵات لابرا و بۆ دوورگەی مۆریس لە زەریای هیند دوور خرایەوە.[2]

**چ: بارودۆخی کوردستان لە سەردەمی شەڕی دووهەمی جیهانیدا:**

پاش ئەوەی لە 25ی ئووتی 1941 هێزەکانی یەکێتیی سۆڤیت لە باکوورەوە و هێزەکانی ئەمریکا و بەریتانیا لە باشوورەوە ئێران داگیر دەکەن، حکوومەتی ڕەزاشا رووخا و کۆنترۆڵی باشووری ئێران کەوتە دەست بەریتانیا و ئەمریکا و باکووریش کەوتە دەست یەکێتیی سۆڤێت. بە تێکچوونی حکوومەتی ڕەزاشا تا رادەیەك ئازادی و دێموکراسی لە ئێراندا پەیدا بوو. حیزب و ڕێکخراوەکان بووژانەوە و پەرەیان گرت. پاش بیست ساڵ دیکتاتۆری، ئێران ئازادیی بە خۆیەوە بینی. لە کاتێکدا بەشی باشووری کوردستانی ئێران لە لایەن ئەمریکا و بەریتانیاوە داگیر کرابوو، لە بەشی باکوور تاکوو شاری ورمێ سوپای سوور جێگیر ببوو.[3] ناوچەی مەهاباد لەو دۆخە دوور بوو، واتە هیچ وڵاتێك لەشکری لەم ناوچەیەدا جێگیر نەکردبوو. بۆیە مەهاباد خاوەن تایبەتمەندییەکی جیاواز بوو و هەروەها رابردوویەکی دوور و درێژی لە جووڵانەوەی نەتەوەیی کورددا هەبوو. ئەوە بوو کە یەکەمین ڕێکخراوی بەهێزی سیاسیی کوردی بە ناوی کۆمەڵەی ژ-کاف واتە کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد لە 16ی ئووتی 1942 لە مەهاباد لە لایەن یازدە کەسەوە پێك هات. بەڵام بە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵەی ژ-کاف کۆمەڵەیەکی ناسیۆنالیست و لە لایەکی دیکەوە ڕێکخراوێکی داخراو و نهێنی بوو کە رووی لە کۆمەڵانی بەرینی خەڵك نەدەکرد و وەڵامدەری دۆخی نوێی کوردستانی ئێران نەبوو، هەر بۆیە ژ-کاف هەڵوەشێنرایەوە و لە جیاتیی ئەو، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە ڕێکەوتی 16-8- 1945 لە شاری مەهاباد دامەزرا و بەرنامەی خۆی بڵاو کردەوە. هەر لە سەرەتاوە ئەم بەرنامەیە کە بەڕاستی ئاواتە سەرەکییەکانی گەلی کوردی دەگرتەوە، لە ماوەیەکی کەمدا زۆربەی دانیشتوانی کوردستانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا.[4]

لە 17-12- 1945 دوا نیشانەی دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندی کە بریتی بوو لە شارەبانیی مەهاباد، لە لایەن خەڵکەوە دەستی بە سەردا گبرا. چەکدارانی شارەبانی چەك كران و دەسەڵات بە تەواوەتی کەوتە دەست خەڵك.

---

[1]- کریستین بولارد، سەرچاوەی پێشوو، ل 98،

[2]- هەمان سەرچاوە، ل99

[3]- دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سەرچاوەی پێشوو، فەسڵی دووهەم، دامەزراندنی کۆماری کوردستان، بەرگی یەکەم، ل54.

[4]- هەمان سەرچاوە، ل 54.

ڕووداوەکان زۆر بە خێرایی بەرەو پێش دەچوون، لە ڕۆژی پێك هاتنی حیزبی دێموکرات لە16-8-1945 تاکوو دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد واتە 22-1-1946تەنیا 160 ڕۆژ، واتە کەمتر لە 6 مانگی خایاند.[1]

### ح: ڕەوشی سیاسیی ئێران پاش ڕەزاشا:

پاش لابردنی حکوومەتی ڕەزا شا وڵاتی ئێران ئازادیی بە خۆیەوە بینی. جێگیربوونی ئازادییە دێمۆکراتییەکان و چوونە پێشی جووڵانەوەی دێمۆکراتیکی گشتی لە سەرانسەری ئێراندا، هەروەها تێکشکانی ئاڵمانی هیتلری و سەرکەوتنی خەباتی گەلان بەسەر فاشیزمدا بواری خۆش کرد کە حیزبە سیاسییەکان لە سەرانسەری ئێراندا سەر هەڵ بدەن. حیزبەکانی وەکوو حیزبی توودەی ئێران کە ئەو کات هێزە دێموکرات و چەپەکانی لە ڕیزی خۆیدا کو کردبووە، لە نێو شارە پیشەسازییەکانی وەکوو ئابادان و ئیسفەهان و هەروەها لە ناوچەکانی باکووری ئێران لە مازندەران و گیلان زۆر بەهێز و سەرکەوتوو بوون. حیزبی توودە نەك تەنیا لە چوارچێوەی ئێراندا بەڵکوو لە گشت وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەهێزترین ڕێکخراوی سیاسی بوو.

بوونی ئازادی و بوونی ڕێکخراوە دێمۆکراتیکەکان لە ئێراندا سەرەڕای ئەوەی کە ڕۆژ بە ڕۆژ خەڵکی زیاتریان لە دەوری خۆیان کو دەکردەوە، ببووە هۆی ئەوەی کە دەسەڵاتی دەولەتی ناوەندی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لاوازتر بێت. لەبەر ئەو نیمچە دێموکراسییەی کە پێك هاتبوو، حکوومەتی ناوەندیی ئێران نەیدەتوانی بە هاسانی زەبر لە هێزە دێموکراتەکان بدات و سەرکوتیان بکات. بە کورتی لەو سەردەمەدا ئۆپۆزیسیۆنێکی دێمۆکراتیکی بەهێز لە ئێراندا بەدی دەکرا.[2]

### خ: سەرهەڵدانی قۆناغێکی نوێی سیاسی لە ئێراندا:

پاش کوتایی هاتنی شەڕی دووهەمی جیهانی لە 2ی سیپتەمبەری 1945، بە پێی ڕێککەوتننامەی نێوان بەریتانیا و سۆڤێت کە لە بەرواری ژانویەی 1942 مۆر کرابوو، بەڵێنیان بە ئێران دابوو کە پاش 6 مانگ لە تەواوبوونی شەڕی دووهەمی جیهانی،ریککەوتووەکان هێزەکانی خۆیان لە ئێران بکشێننەوە. بە پێی ئەم ڕێککەوتننامەیە دەبوایە هێزەکانی سۆڤێت لە 2ی مارسی 1946 لە ئێران بکشێنەوە، بەڵام سۆڤێت هێشتا بە نیاز بوو بمێنێتەوە. بەریتانیا و ئەمریکا لە 4و 9ی مارسی ئەو ساڵەدا لە پێوەندی لەگەڵ ئەم بابەتە بە توندی نیگەرانیی خۆیان دەربڕی. لە 23ی مارس ئاندرە گرۆمیکۆ بەڵێنیی دا کە هێزەکانی سۆڤێت لە ماوەی 6 حەوتوودا ئێران چۆڵ بکەن. ئەم بەڵێنەیان بردە سەرێ، بەڵام پاش ئەوەی کە تاران ڕەزامەندیی دەربڕی بۆ پێکهێنانی کومپانیای نەوتی ئێران و سۆڤێت.[3]

سۆڤێت پاش وەرگرتنی بەڵێنی دانی ئیمتیازی نەوتی باکووری ئێران، لە لایەن قەوام سەلتەنە بە تەواوەتی پشتی لە هەردوو حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و فیرقەی دیمۆکرانی ئازەربایجان کرد، ئەمەش ڕێخوشکەر بوو تاکوو جارێکیتر محەممەد ڕەزا شا ئەم دوو حیزبە و حکوومەتی میللیی ئازەربایجان و کۆماری کوردستان لە ناو بەرێت و هەموو دەستکەوتە نەتەوەییەکانی ئەم دوو نەتەوە، بەتایبەتی دەسکەوتی

---

[1]- دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سەرچاوەی پێشوو، ل 55.

[2]- هەمان سەرچاوە، ل32.

[3]- دیوید مك داول، تاریخ معاصر کرد، و: ابراهیم یونسی، ل 414، سالی چاپ، 1380.

کولتووری و زمانەوانی لەبەین بەرێت. هەر بۆیە هێزەکانی محەمەدرەزاشا خویان تەیار کرد بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی فیرقەی دیمۆکراتی ئازەربایجان و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان.[1]

رۆژی 12ی دیسامبری 1946، واتە راست سالێك پاش پێکهێنانی حکوومەتی میللیی ئازەربایجان، لەشکری حکوومەتی ناوەندی گەیشتە شاری تەورێز. پێش گەیشتنی لەشکری شا دەسەلات لە شارەکەدا کەوتبووە دەستی ئەو کەسانەی کە دوژمنی فیرقەی دێمۆکراتی ئازەربایجان بوون، بۆیە نەك هەر بچووکترین بەربەرەکانێیەك دژی ئەرتەش نەکرا، بەلکوو تا گەیشتنی ئەوان، بە سەدان کەس لە بەرپرسانی فیرقەی ئازەربایجان لە سێدارە دران. بەم چەشنە ژیانی یەك سالەی حکوومەتی میللیی ئازەربایجان کۆتایی پێ هات.[2]

بەپێی ئامارێکی ناتەواو لە ماوەی حەوتوویەکدا واتە لە 12-18ی دیسامبەری 1946نزیك بە 15 هەزار کەس لە شار و گوندەکانی ئازەربایجان لە لایەن کۆنەپەرەستانەوە کوژران و پاکتاو کران.[3]

پاشان لە 26ی سەرماوەز واتە 17ی دیسامبەر 1946، راست سالێك پاش چەککردنی شارەبانیی مەهاباد، لەشکری حکوومەتی ناوەندی گەیشتە مەهاباد و شاری داگیر کرد، بەمەش کۆتایی بە تەمەنی کورتی کۆماری کوردستان هات و 28 کەس لە بەرێوەبەرانی حیزبی دێموکرات و کۆماری کوردستان و لە پێش هەموویاندا پێشەوا قازی محەممەد گیران. [4]

پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان و گیرانی پێشەوای کورد و دامەزرێنەری کۆمار، بی هیواییەکی زۆر کەوتە نێو دلی کۆمەلانی خەلکی کوردستان. قازی محەممەد، سەیفی قازی و سەدری قازیش پاش دادگاییکردن لە لایەن حکوومەتی موحەممەدرەزاشاوە بڕیاری سێدارەیان بۆ دەرچوو و لە ئاکامدا لە بەرواری 30ی مارسی 1947 لە مەیدانی چوارچرای مەهاباد لە سێدارە دران و شەهید کران.[5]

**د: حکوومەتە ناسەقامگیرەکان و گرتنە دەستی دەسەلات:**

پاش کشانەوەی هێزەکانی رێککەوتووەکان لە ئێران، حکوومەتە ناسەقامگیرەکان یەك لە دوای یەك دەهاتنە سەر دەسەلات. بە رووخانی حکوومەتی قەوام سەلتەنە، لە ماوەی 3 سالدا، لە نۆڤامبەری 1947 تاکوو 4ی 1951، شەش حکوومەت هاتنە سەرکار.[6] دەستێوەردانی ئاشکرا و شاراوەی لایەنە دەرەکییەکان و داردەستەکانیان لە کاروباری ناوخۆیی ئێراندا، نەبوونی هەماهەنگی لە نێوان مەجلیس و حکوومەت و قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکانی سەرچاوەگرتوو لەوانە، رۆلێکی بنەرەتییان لە سست بوونی حکوومەتەکانی ئەو سەردەمەدا هەبوو.[7]

**ذ: گۆڕینی یاسای بنەڕەتیی ئێران بۆ فراوانکردنی دەسەلاتی شا:**

پاش ئەوەی کە هەولدان بۆ کوشتنی محەممەد رەزا شا، لە رووداوی 4-2-1949، سەرکەوتوو نەبوو، ئەمە دەرفەتێکی باش بوو بۆ شای ئێران تاکوو بەم بیانووە دیسان جارێکیتر ئازادییە بەدەستهاتووەکان

---

[1]- دیوید مك داول، سەرچاوە پێشوو، ل 415.

[2]- دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سەرچاوەی پێشوو، بەشی ئاشبەتال، بەرگی یەکەم، ل.111.

[3]- هەمان سەرچاوە ل112

[4]- هەمان سەرچاوە، بەشی دوارۆژەکانی کۆماری کوردستان، ل117

[5]- هەمان سەرچاوە، ل121.

[7]- هوشنگ مهدوی، سیاست خارجه ایران در دوران پهلوی، بەشی ایران پس از خاتمه جنگ جهانی دوم، ل146. چاپخانەی ادر.

له ناو بەرێت. پاش ئەم ڕووداوە حیزبی توودە وەکوو داردەستی سیاسەتی دەرەکیی سۆڤێت ناسێنرا. محەممەد ڕەزا شا توانی لە 24-2-1949 و لە بارودوخێکی پڕ لە ترس و تۆقاندا کە لە ئەنجامی میلیتاریزەکردنی ئێران و ڕاگەیاندنی حکوومەتی سەربازی پێك هاتبوو، یاسای بنەرەتی بگۆڕێت. شا کە لە یاسای بنەرەتیی مەشرووتەدا[1] بێدەسەلات بوو، لە یاسای بنەرەتیی نوێدا، دەسەلاتی هەڵوەشاندنەوەی دوو مەجلیس، فەرماندەیی گشت هێزە چەکدارەکان، ڕاگەیاندنی شەڕ و ئاشتی و دانانی وەزیرەکانی بەدەستەوە گرت.[2]

**ر: بە میللی کردنی پیشەسازیی نەوت لە ئێراندا:**

گۆڕانکارییەکی گەورەی دیکە کە دەسکەوتێکی زۆر گەورە بۆ وڵاتی ئێران بوو ، بریتی بوو لە بە میللیکردنی پیشەسازیی نەوت. بەریتانیا هەوڵێکی زۆری دا تاکوو لە ڕێگای نوێنەری خۆیەوە بە ناوی نێڤیل گێس ئیمتیازی بەشێك لە نەوتی ئێران بەدەست بخات. نێڤیل گێس توانیی ڕەزامەندیی گولشائیان، وەزیری دارایی ئێران لەم بوارەدا لە سالی 1950 بە دەست دەستەبەر بکات و ڕێککەوتنی هاوپێچکراو (الحاقی) لە نێوانیاندا مۆر کرا کە بە ڕێککەوتنی گێس- گولشائیان ناوبانگی دەرکرد. گەلاڵەکە بۆ مەجلیس نێردرا بەلام مەجلیس ڕەتی کردەوە. ئەمەش ڕێگەی خوش کرد بۆ بە میللی کردنی پیشەسازیی نەوت. پەسەند نەکردنی گەلاڵەکە بوو بە هۆی ئەوەی کە محەممەد ساعێد، سەرۆكوەزیرانی ئەوکات لە دەسەلات بکشێتەوە و مەجلیس عەلی مەنسوور وەکوو سەرۆك وەزیران دیاری بکات. ناوبراویش هەر بەو شێوەیە گەلاڵەکەی بردە مەجلیس. جبهەی میللی بە ڕێبەرایەتیی دوکتور محەممەد موسەدیق کە لە سالی 1950 دامەزرا، لە مەجلیسدا کەمینە بوو، بەلام لایەنگرانی زۆر بوون و لە نێو خەڵکدا پێگەی هەبوو. ئەم جبهەیە فراکسیۆنێکی 8 کەسییان پێك هێنا و کەوتنە دژایەتیکردنی گەلاڵەی گێس- گولشائیان.

خەڵکیش پشتیوانییان لە موسەدیق دەکرد، ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی کە جارێکی دیکە گەلاڵەکە پەسەند نەکرێت و لە ئاکامدا حکوومەتی مەنسووریش دەستی لە کار کێشایەوە. ئەمجارە ڕەزمئارا بوو بە سەرۆكوەزیران. ناوبراویش وەکوو دوو سەروكوەزیرانی پێشووی خۆی هەوڵی پێش بە ڕەوتی بەمیللیکردنی پیشەسازیی نەوت بگرێت، ئەمەش بوو بە هۆی سەرهەڵدانی ناڕەزایەتیی خەڵك. خەڵك هاتنە سەر شەقام و داوای بەمیللی بوونی پیشەسازیی نەوتیان کرد. بەلام بە هۆی ئەوەی کە ڕەزمئارا دەسەلاتێکی زۆری هەبوو و لە لایەن بەریتانیا و ئەمریکاوە پشتیوانی دەکرا، مەجلیس نەیتوانی پرۆژەی بەمیللی کردنی پیشەسازیی نەوت پەسەند بکات. بەلام پاش ئەوەی کە خەلیل تەهماسبی، یەکێك لە ئەندامانی فیدائیانی ئیسلام، ڕەزمئارای لە 7-3-1951 تیرۆر کرد، ڕۆژی دواتر واتە 8-3-1951، کۆمیسیۆنی نەوتی مەجلیس پرۆژەی پێشنیارکراوی بەمیللی کردنی نەوتی پەسەند کرد.[3]

---

[1]- مشروطه: واتە سیستمی سیاسیی خاوەنی یاسای بنەڕەتی کە لەودا نوێنەرانی خەڵك لە پەرلەماندا یاسا دادەنێن و حکوومەتیش ئەو یاسایانە جێبەجێ دەکات، دەستووری. ( ڕوانە فەرهەنگی هەژیر، ئامادەکردن و کۆکردنەوەی هەژیر عەبدوڵلا، چاپخانەی موکریان، هەولێر 2008)

[2]- امیر مدنی، تاریخ معاصر ایران، بەرگی 1، بەشی (سوء قصد به شاه). ل178، سالی چاپ، 1374،

[3]- هەمان سەرچاوە، بەشی (زمینەهای شکلگیری نهضت ملی شدن نفت ایران) ل178،179.

پرۆژەی بەمیللی کردنی پیشەسازیی نەوتی ئێران لە15-3-1951 لە مەجلیسدا پەسەند کرا و 5 رۆژ دواتر شای ئێرانیش بە ناچاری گەلاڵەکەی پەسەند کرد و ئەمەش بوو بە هۆی دڵخۆشیی خەڵکێکی زۆر لە ئێراندا.[1]

### ز: دوکتور محەممەد موسەدیق و گەیشتن بە دەسەڵات:

لە مانگی 4ی 1951 دوکتور محەممەد موسەدیق، ئەرکی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەتی پێ ئەسپێردرا. موسەدیق بەو مەرجە پێکهێنانی حکوومەتی نوێی قبووڵ کرد کە گەلاڵەی بەمیللیکردنی پیشەسازیی نەوت جێبەجێ بکرێت. مەجلیسیش ئەمەی قبووڵ کرد. بە پێی ئەم گەلاڵەیە حکوومەت دەبێ هەموو ئیمتیازەکانی دەرهێنانی نەوتی ئێران لە بەریتانیا وەگرێتەوە و بە نرخێکی باش بیفرۆشێتە کڕیارەکان.[2]

ئەم کارە بوو بە هۆی ناڕەزایەتیی بەریتانیا و بەریتانیا لە رێگای هاوپەیمانانی خۆیەوە کارێکی کرد کە بەرهەمهێنانی نەوت لە ئێراندا تەنیا بگاتە ئاستی دابینکردنی پێداویستییە ناوخۆییەکانی و چەندین پاڵاوگەی نەوت لە ئێران راوەستان. بەریتانیا بەوەش رانەوەستا و دەستی دایە گەمارۆدانی ئێران و ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری خستە سەر ئابووریی ئێران.[3]

### ژ: کودەتای 19ی ئاگوستی 1953 و لابردنی دوکتور موسەدیق:

لە سەردەمی حکوومەتی موسەدیق، بە هۆی ئەوەی کە ناوبراو هەوڵی ئەوەی دەدا ئێران لە بەستراوبوون بە بێگانە رزگار بکات، بوو بە هۆی ناڕەزایەتیی بەریتانیا و ئەمریکا. بە پێی بەڵگەکانی بەردەست، ئەو کوودەتایە کە لە 19-8-1953 ئەنجام درا، لە لایەن بەریتانیا و ئەمریکاوە بەڕێوە چوو. بەرپرسە ئەمریکاییەکان بە راوێژکردن لەگەڵ بەریتانیا، فەزلوڵڵا زاهیدییان وەکوو بەرپرسی سەربازیی کوودەتا هەڵبژارد و محەممەد رەزاشایان رازی کرد کە زاهیدی قبووڵ بکات و پشتیوانی لە کوودەتا بکات.

لە ئەنجامدا لە 15ی ئاگوست، محەممەد رەزا شا کۆتایی بە شك و گومانەکانی خۆی هێنا و بڕیاری لابردنی دوکتور موسەدیق و دەستنیشانکردنی فەزلوڵڵا زاهیدیی لە جێگای ئەو واژۆ کرد.[4]

رۆژی 16ی ئاگۆست، کاتژمێر یەکی نیوەڕۆ، نەسیری کە نامەی لابردنی موسەدیقی بردبووە لای تاکوو تەسلیمی بکات، لە لایەن موسەدیقەوە بڕیاری دەستبەسەرکردنی درا و شاش بێدەرەنگ ئێرانی بەجێ هێشت و سەرەتا بۆ بەغدا و پاشانیش بۆ رۆمای پێتەختی ئیتالیا هەڵات. بەمەش خۆپێشاندانێکی زۆر گەورە لە تاران لە لایەن خەڵك بەڕێوە چوو و دروشمی دژی شا بەرز کرایەوە و پەیکەرە و وێنەکانی شا لە دائیرە حکوومییەکان هێنرانە خوارەوە. بەڵام بارودۆخەکە زوو گۆڕا و لە رێگای دەستێوەردانی CIAی ئامریکاوە کوودەتا لە 19-8-1953 بەڕێوە چوو و سەرکەوت.[5]

---

[1]- امیر مدنی سەرچاوەی پێشوو، ل180.

[2]- هەمان سەرچاوە، بەرگی 2، بەشی (کودتای 28 مرداد سال 1332). ل 72

[3]- هەمان سەرچاوە، ل72

[4]- هەمان سەرچاوە، ل72

[5]- هەمان سەرچاوە. ل 73.

پاش کوودەتاکە موسەدیق لە ماڵەکەی خۆی دەستبەسەر کرا و سەرلەشکر زاهیدی بوو بە سەرۆکوەزیران و شا دووبارە گەڕایەوە بۆ ئێران. بەم شێوەیە قۆناغێکی نوی لە ئێراندا هاتە ئاراوە.[1]

**س: بارودۆخی کوردستان پاش تێکچوونی کۆمار:**

پاش تێکچوونی کۆماری جوانەمەرگی کوردستان و لەسێدارەدرانی پێشەوا قازی محەممەد لە31-3-1947، بێ هیواییەکی زۆر کەوتە ناو دڵی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان. هەموو ئەندام و کادیرانی حیزبی دێموکرات یان دەستبەسەر و زیندانی کران یا خود بۆ کوردستانی عێراق رۆیشتن، یا بە تەواوەتی بێدەنگییان هەڵبژارد. بەداخەوە شۆڕشگێڕان هەوڵیان نەدەدا بە تێکۆشانی خۆیان گەلی کورد رزگار بکەن، بەڵکوو چاوەڕوانی ئەوە بوون کە لە جێگایەکی دیکە و لە دەرەوە هێزێك بێت و ئازادیی کوردستانیان بۆ بەدی بینێ.[2]

**ش: ئاکامەکانی کوودەتای 19ی ئووتی 1953:**

پاش کوودەتای 19ی ئووتی 1953، بارودۆخەکە زیاتر تێك چوو. حکوومەتێکی سەر بە ئیمپریالیزم و کۆنەپەرەستی بەسەر ئێراندا زاڵ بوو، یاسای بەمیللیکردنی نەوت کە بەرهەمی خەباتی دوور و درێژی گەلانی ئێران بوو، پێشێل کرا و جارێکی دیکە کونەپەرەستی پەلامارێکی توندی بردە سەر هێزە نیشتمانی و دێموکراتەکانی ئێران. رۆژنامە و گۆڤارە ئاشکراکان داخران، شوێنەوارێك لە ئازادییە دێمۆکراتییەکان نەما، هەزاران مرۆڤی بەشەرەف کەوتنە زیندان و دەربەدەر کران، بەسەدان کەس یان ئیعدام کران یان لە ژێر ئەشکەنجەدا شەهید بوون.[3]

ناوچەی کوردستان و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانیش لەو پەلامارە بێبەش نەبوون، سەدان ئەندامی حیزب گیران، ئەشکەنجە دران و زیندانی کران.[4]

کوودەتای 19ی ئووتی 1953 ئەگەر بۆ هەموو هێزە نیشتمانی و دێموکراتەکانی ئێران ئاکامێکی شوومی بەدواوە بوو، بۆ حیزبی توودەی ئێران زەبرێکی زۆر گورچووبڕ و رووخێنەری لەگەڵ بوو. رێکخراوەکانی ئەم حیزبە لێك پەرش و بڵاو بوون و زۆر لە تێکۆشەرانی کەوتنە زیندان و پۆلیسی شا دەستی خستە نێو رێکخراوەکانی ئەم حیزبە و لە ژوورەوە زەبری لێدان و بنکۆڵی کردن.[5]

رێژیمی شا پاش کوودەتاکە گشت شوێنەواری بزووتنەوە ئازادیخوازییەکانی لە ژیانی سیاسیی ئێران سڕییەوە. لە نێوان ساڵەکانی 1953-1958 سێ هەزار کەس لە ئەندامانی حیزبی توودە ی ئێران دەستبەسەر کران. حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیش بە شێوەیەکی نهێنی چالاکیی دەکرد. لە مانگی مەی ساڵی 1954 غەنی بلووریان  یەکەمین ژمارەی رۆژنامەی کوردستانی پاش لە ناوچوونی کۆماری کوردستان چاپ کرد و لە مەهاباد و سەقز و سنە بڵاوی کردەوە. بەڵام زۆری نەخایاند و لە ژمارەی پێنجەمی خۆیدا لە سیپتامبری هەر ئەو ساڵە، چاپخانەکەی لە تەورێز ئاشکرا بوو. ئەم رۆژنامەیە خوازیاری

---

[1]- امیر مدنی، سەرچاوەی پێشوو، ل 77.

[2]- دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سەرچاوەی پێشوو، بەشی (هۆیەکانی تێکچوونی کۆمار) ل 155.

[3]- عەبدوڵڵا حەسەن زادە، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی یەکەم، فەسلی یەکەم، لە کودەتای 28ی گەلاوێژەوە تاکوو کونگرەی دووهەم 1343، ل 13.

[4]- هەمان سەرچاوە، ل15.

[5]- هەمان سەرچاوە ، ل 15.

کوردستانێکی سەربەخۆ و ئازاد لە دەسەڵاتی حکوومەتە دیکتاتورەکانی وەکوو عێراق و ئێران و تورکیە بوو.[1]

ڕێژیمی شا بەتایبەتی پاش دامەزراندنی رادیۆیەکی کوردی لە سۆڤیێت لە ساڵی 1947، زۆر لە کوردەکان و دەستێوەردانی سۆڤیێت و پشتیوانیی ئەو وڵاتە لە کوردەکان دەترسا. ئەم ترسە تا ئاستێك رۆیشت کە ساڵی 1951 حکوومەتی تاران بڕیاری دا کۆمەڵێك بەرنامە بە زمانی کوردی بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ بەرنامەکانی سۆڤیێت بڵاو بکاتەوە. لە ساڵی 1958 جارێکی دیکە 250 کەس لە ئەندامانی چالاکی حیزبی دێموکرات لە لایەن ساواکی ڕێژیمی شاوە دەستبەسەر کران کە غەنی بلوریان و عزیز یووسفی لە نێوانیاندا بوون. ئەوانەش کە مابوون جارێکی دیکە هەڵاتن بۆ باشووری کوردستان[2]

### ص: شەڕی چەکداریی 1967- 1968

پاش هاتنی ئەندامانی حیزبی دێموکرات بۆ باشووری کوردستان، شۆڕشی کورد لە رۆژهەڵات جارێکی دیکە تووشی هەرەسهێنان هاتەوە. هەتا ساڵی 1967 بارودۆخی کوردستانی باشوور بۆ ئەندامانی حیزبی دێموکرات گونجاو نەبوو، بۆیە هێندێك لە کادر و ئەندامانی حیزبی دێموکرات جارێکی دیکە ناچار بوون باشووری کوردستان بە جێ بهێڵن و بگەڕێنەوە بۆ ئێران. ڕێژیمی شا کەوتە ترسەوە و هێزێکی چەکداری زۆری بۆ لە ناوبردنی ئەوان تەرخان کرد، ئەندامانی حیزب جگە لە شەڕ و بەربەرەکانێ هیچ چارەیەکی دیکەیان نەمابوو. بەم جورە خەباتی چەکداری لە لایەن ئێرانەوە بەسەر ئەندامانی حیزبی دێموکراتدا سەپێنرا.[3]

لەم شەڕەدا ئەندامانی حیزبی دێموکرات توانیان بۆ ماوەی 18 مانگ بەربەرەکانێیەکی قارەمانانە لە خۆیان نیشان بدەن. ئەم راپەڕینە لە نێو خەڵکیشدا جێگای خۆی گرتەوە و دۆست و لایەنگری زۆر بوون.[4]

لە راپەڕێنی چەکدارانەی 67-68 سەرمایەیەکی مرۆیی مەزن بوو بە قوربانی و تێکۆشەرانی وەك مەلا رەحیم وێردی، عەبدوڵڵا موعینی، مەلا مەحموود زەنگەنە، نحۆی شکاك، مەلا ئاوارە، سمایلی شەریفزادە لە پێناوی بەدەست هێنانی مافە رەواکانی گەلەکەیاندا گیانیان بەخت کرد.[5]

پاش تێکشکانی شەڕی چەکدارانە، ڕێژیمی شا پەلاماری خەلکی کوردستانی دا و بەسەدان کەسی بە شێوەی رەشبگیر لە زیندانەکان پەستاوت.[6]

پاش ئەم قۆناغە خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا، جارێکی دیکە دامرکایەوە، تاکوو بەرەبەری شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی 1979 کە دیسان سەری هەڵدایەوە.

---

[1]- دیوید مك داول، سەرچاوەی پێشوو، بەشی (ایجاد یك جنبش ملی)، ل429

[2]- دیوید مك داول، سەرچاوەی پێشوو، ل43.

[3]- عەبدوڵڵا حەسەن زادە، سەرچاوەی پێشوو، بەشی بزووتنەوەی چەکداری 46-1347 ، ل 48، 45،46.

[4]- هەمان سەرچاوە، ل47

[5]هەمان سەرچاوە، ل 48

[6]-- هەمان سەرچاوە، ل50

## پاری دووهەم: ڕۆخانی ڕێژیمی پاشایەتی و دۆزی ڕۆژهەڵاتی کوردستان

### الف: ئێران لە بەرەبەری شۆڕشی ساڵی 1979ی گەلانی ئەم وڵاتەدا:

خەڵکی ئێران بەگشتی لە دەست ستەمکاری و زۆڵم و زۆری ڕێژیمی شا وەزاڵە هاتبوون و تەنیا بیانوویەك بەس بوو کە ئەم خەڵکە بڕژێنە سەر شەقامەکان و ڕق و تووڕەیی خۆیان بەرامبەر بە ئەم ڕێژیمە دەربڕن.

هەر بۆیە لە ڕێکەوتی 18-2-1978 بە بۆنەی چلەی قوربانیانی سەرکوتی خوێناویی ڕاپەڕینی خەڵکی قوم ڕاپەڕینێکی بەربڵاو لە تەورێز، ناوەندی پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات ڕووی دا. لەم ڕاپەڕینەدا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵك کوژران و بریندار بوون. ئەم ڕاپەڕینە سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە خەبات دژی ڕێژیمی پاشایەتی بوو. ئەم ڕووداوە هەم لە نێوخۆی وڵات و هەم لە دەرەوەی وڵات دەنگدانەوەی بەرچاوی هەبوو. هاوکات لەگەڵ ئەم شۆڕشە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانیش کە ئەو کات عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری بوو، بڕیاری دا لە زووترین کاتدا بگەڕێتەوە کوردستان. چوونکە ئەوانیش بە تەواوەتی هەستیان بەوە کردبوو کە ئەم ڕاپەڕینە لەگەڵ ڕاپەڕینەکانی دیکە جیاوازە. هەرچەند ڕێژیمی شا لە ڕێگای دانی بەڵێنیی چاکسازی و گۆڕینی چەندین وەزیر و بەرپرسی بەدناو و دانانی شاپۆری بەختیار وەکوو سەرۆك وەزیران، هەوڵی دا متمانە بەو خەڵکە بێنێت کە هەوڵ بۆ گۆڕانکاری دەدەن، بەو مەرجەی کە خەڵك واز لە خۆپیشاندان بێنێن و بگەڕێنەوە بۆ ماڵەکانیان. بەڵام بە هۆی ئەوەی کە خەڵکەکە زۆر باش ڕێژیمی پاشایەتییان ناسیبوو، متمانەیان بەو ڕێژیمە نەکرد و بەردەوام بوون لەسەر ڕاپەڕینەکان. ڕاپەڕینەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ پەرەی دەگرت و هەر ڕۆژ شارێك دەهاتە نێو ریزی دژبەرانی شا و لایەنگرانی ڕووخانی ئەم ڕێژیمە و دروشمی مەرگ بۆ شایان بەرز دەکردەوە.[1]

### ب: ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی لە ئێراندا:

ئەگەرچی لە سەرەتای ساڵی 1978دا ڕووخانی ڕێژیمی شا تەنیا بۆ چاوەدێرانی سیاسی جێگای پێشبینی بوو، بەڵام لە یەکەمین مانگی پاییزی ئەو ساڵدا هەموو خەڵکی ئێران و زۆر لە وڵاتانی دنیا مەسەلەی ڕووخانی ئەم ڕێژیمەیان بە مەسەلەی مانگ و حەوتوو دەزانی.[2]

حەمە ڕەزا شا 16-1-1979بە بیانووی چارەسەری پزیشکی سەفەرێکی بۆ دەرەوەی وڵات کرد، بەڵام هەم شا و هەم خەڵکی ئێران دەیانزانی کە ئەمە دوایین سەفەری شایە و جارێکی دیکە چاوی بە ئێران ناکەوێتەوە. چەند ڕۆژ پاش ڕۆیشتنی شا لە ئێران، لە1-2-1979 خومەینی وەکوو سەردارێکی سەرکەوتوو لە فەرانسە گەڕایەوە ئێران. هاتنی خومەینی و ڕۆیشتنی شا نیشانەی تەواوبوونی قۆناغێکی مێژوویی 2500 سالە و دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ بوو.[3]

لە 11ی فورییەی 1979دا بە شێوەیەکی فەرمی کۆتایی بە ڕێژیمی پەهلەوی لە ئێراندا هات و ڕێژیمێکی ئیسلامی بە ئایدۆلۆژیایەکی جیاوازەوە جێگەی ڕێژیمی پێشووی گرتەوە.[4]

---

[1]- عەبدوڵلا حەسەن زادە، سەرچاوەی پێشوو ، فەسلی سێهەم، بەشی ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە لە ئێراندا، ل 107، 109.

[2]- هەمان سەرچاوە، بەشی ڕووخانی ڕێژیمی شا، ل123

[3]- هەمان سەرچاوە، ل124

[4]- هەمان سەرچاوە، ل125

**پ: کورد پاش رووخانی رێژیمی پاشایەتی**

لە ئەنجامی رووخانی رێژیمی پاشایەتی لە ئێراندا لە ساڵی 1979، کوردستانی ئێران بوو بە هەرێمێکی خۆبەڕێوەبەر. پاش ئەوەی کە شا لە ئێران هەڵات، حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران نوێنەرەکانی خوی بۆ وتوویژ لەگەڵ رێژیمی نوێ نارد بۆ تاران.[1]

هەر لەم پێوەندییەدا رۆژی 27-3-1979 شاندێکی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتیی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە سەفەرێکدا بۆ تاران، لەگەڵ خومەینی دیداریان کرد و لەسەر پرسی کورد و گیرو گرفتەکان و مافەکانیان قسەیان لەگەڵ کرد، بەڵام ناوبراو دیدارەکەی لە چوارچێوەی زیارەتێکی تەکیەی شێخدا هێشتەوە و وەڵامی داخوازییەکانی نەدانەوە و ئەو مەسەلەی رادەستی مەهدی بازرگان، یەکەم سەرۆکوەزیرانی کاتیی ئێران پاش سەرکەوتنی شۆڕش کرد. 31-3 شاندەکە چاوی بە بازرگان کەوت و باسی مافەکانی کوردیان لەگەڵ کرد، بازرگان خۆشحاڵیی خۆی لەم دیدارەدا دەربڕی و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی بە شتێکی باش و جێگای پەسەند لە قەڵەم دا. بەڵام هەموو ئەو هەوڵانە بێ ئاکام مانەوە و هیچ ئاوڕێك لە داخوازە رەواکانی گەلی کورد نەدرایەوە.[2]

ئایەتوڵڵا خومەینی لە کۆتاییدا خودموختاری بۆ کوردستانی رەد کردەوە، لەبەر ئەوەی کە لە روانگەی ئەوەوە خودموختاری دژی پێوانەکانی ئیسلام بوو.[3]

**ت: دەرکردنی فیتوای جیهاد دژی گەلی کورد**

لە پێوەندی لەگەڵ باسکردنی مافە رەواکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان، چەندین شاندی کوردی لە لایەنە سیاسییە جوراوجورەکان سەردانی تارانیان کرد و لە تارانیش هەر بەو شێوە چەندین شاند بۆ گوێگرتن لە داواکارییەکانی کورد هاتنە کوردستان، بەڵام لە راستیدا لە روانگەی حکوومەتەوە هەموو ئەمانە بۆ کات کوشتن بوو و حکوومەتی تازە بەدەسەڵاتگەیشتوو بە دوای کاتدا دەگەڕا تاکوو خوی بەهێز بکات و هێزە چەکدارەکانی بۆ دەرکردنی هێزەکانی پێشمەرگە لە کوردستان رێك بخات. بۆیە لە کۆتاییدا رۆژی 19-8-1979، فتوای جیهاد دژی گەلی کورد لە لایەن ئایەتوڵڵا خۆمەینییەوە دەرچوو و حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران جارێکی دیکە بە نایاسایی راگەیەندرا.[4]

بە هۆی ئەوەی کە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، رێژیمی خومەینی داواکارییەکانی هەموو گەلانی ژێردەستی لە ئێراندا بە سەرکوت وەڵام دایەوە و لەم نێوانەدا تەنیا کوردەکان قورس و قایم راوەستابوون، بۆیە ببوونە کۆسپ لەبەرامبەر ئەم رێژیمەدا. هەر بۆیە لە هەموو لایەکەوە لەشکرکێشی بۆ سەر کوردستان دەستی پێکرد و لە زۆر شوێن دەسکەوتەکانی خەڵکی کورد پەلامار دران. نموونەیەك لەم کارانەی رێژیمی ئێران، کارەساتی رۆژی 2-9-1979ی گوندی قارنێ لە چەند کیلۆمەتریی شاری نەغەدەی سەر بە

---

[1]- - ژێرار شالیان، تێراژیدیای کورد، راپۆرتێك بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، وەرگێڕان، وریا رەحمانی، بەشی کوردەکانی ئێران، بزووتنەوەی کورد پاش شۆڕشی ئیسلامی، ل 136 چاپخانە موکریان- هەولێر ، ساڵی چاپ، 2012

[2]- عەبدوڵڵا حەسەن زادە، سەرچاوەی پێشوو، فەسلی سێهەم، چوونی هەیئەت بۆ لای خومەینی، ل 143،144،145

[3]- - ژێرار شالیان، سەرچاوەی پێشوو، ل136

[4]- عەبدوڵڵا حەسەن زادە، هەمان سەرچاوە، بەرگی یەکەم، فەسلی سێهەم، ، شەڕی سێ مانگە، ل 161.

پارێزگای ئازەربایجانی رۆژئاوا بوو. لەم کردەوەیەدا 68 کەس لە دانیشتوانی ئەم گوندە لە لایەن پاسدارەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بە شێوەی بەکۆمەڵ و تەنیا بە هۆی کوردبوونیانەوە کوژران. [1]
بەڵام لە ئاکامی ئەم شەڕەدا کە ماوەی سێ مانگی خایاند و ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی سیڤیلی کوردستان بوونە قوربانی، بە هۆی بەربەرەکانێی هێزی پێشمەرگە، هێزەکانی رێژیم ناچار بوون خاکی کوردستان بە جێ بهێڵن. دوابەدوای ئەوە ئایەتوڵڵا خومەینی لە 17-11-1979 دانی بە شکستی هێزەکانی خۆیدا نا و پەیامێکی ئاراستەی گەلی کورد کرد کە لەم پەیامەدا بەڵێنیی دابوو کێشەی کورد و گیروگرفتە ئابووری و کۆمەلایەتییەکانی خەڵکی کوردستان چارەسەر بکات. بۆیە دیسانەوە چەندین هەیئەت لە لایەن نوێنەرانی کورد و دەوڵەتەوە بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکە سەردانی یەکتریان کرد. بەڵام لە راستیدا دەوڵەت مەبەستی لەم دانیشتنانە تەنیا و تەنیا بەدەست خستنی کات بوو تاکوو بە مەبەستی ئەنجامدانی هێرشێکی دیکە بۆ سەر کوردستان خۆی باشتر تەیار بکات.[2]

**ث: شەڕی ئێران و عێراق**

هەر لە سەرەتای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لە ساڵی 1979، ئەم ریژیمە نێوانی لەگەل حکوومەتی بەغدا خۆش نەبوو، لە لایەکی دیکەوە، بە هۆی ئەو بارودۆخەی کە پاش رووخانی رێژیمی شا بە سەر ئێراندا هاتبوو، حکوومەتی بەغداش پێی وابوو کە رەنگە دەرفەتێکی باش بێت تاکوو تای تەرازوو لە کێشەی دەیانساڵەی نێوان دوو وڵاتدا بۆ لای خۆی رابکێشێت. هەر بۆیە سەدام حوسێن، سەرۆك کۆماری ئەو کاتی عێراق لەبەر چاوی هەموان و لەبەرامبەر کامێرای تەلەڤیزیۆنەکانەوە رێککەوتننامەی ساڵی 1975ی جەزایری دڕی و یەك لایەنە ئەو رێککەوتنامەیەی هەڵوەشاندەوە. [3]
پاش ئاڵۆزتربوونی ناکۆکییەکان لە 22ی سیپتامبەری 1980 سوپای عێراق پەلاماری ئێرانی دا و ئەم شەڕە بۆ ماوەی 8 ساڵ درێژەی کێشا کە بە پڕ خەسارترین شەڕی ناوچەیی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی دێتە ئەژمار کە بە سەدان هەزار مرۆڤ تێیدا کوژران و بریندار بوون و خەسارێکی گەورەی ئابووری لە هەر دوو لایەن کەوت و وێرانکارییەکی زۆری بە دواوە بوو.[4]

**ج: هێرشکردنەوە بۆ سەر کوردستانی ئێران:**

پاش دەستپێکردنی شەڕی نێوان ئێران و عێراق، هێزەکانی ئێران جارێکی دیکە بە مەبەستی دەرکردنی هێزەکانی پێشمەرگە لە کوردستان و خستنەوەی لە ژێر کونترۆڵی خۆیان هێرشیان کردە سەر ناوچەکانی کوردستانی ئێران. هەرچەند کە هێزەکانی پێشمەرگە توانیان بۆ ماوەیەکی درێژ بەرەنگاری بکەن، بەڵام لە کۆتاییدا رێژیمی ئێران لە ئۆپەراسیۆنی وەلفەجری 2 دا لە ساڵی 1983 توانیان حاجی ئۆمەران بگرن و لە ئۆپەراسیۆنی وەلفەجری 3دا سۆپای ئێران بەرەو پێنجوێن هاتە پێش و شۆێنە ئیستراتژیکەکانی کوردستانیان گرت. [5]

لە کۆتاییەکانی سالی 1984 بە هۆی پاشەکشەی هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە و موجاهیدنی خەڵك بەرەو کوردستانی عێراق، کوردستانی ئێران بە تەواوەتی کەوتە ژێر کونترۆلی هێزەکانی

---

[1]- عەبدوڵڵا حەسەن زادە، سەرچاوەی پێشوو، فەسلی سێهەم، ، شەڕی سێمانگە، ل 162.
[2]- هەمان سەرچاوە، ل164
[3]- هەمان سەرچاوە، ل259، فەسلی چوارەم، شەڕی ئێران و عێراق، ل258،
[4]- ، هەمان سەرچاوە، ل259
[5]- ژێرار شالیان، سەرچاوەی پێشوو، بەشی کوردەکانی ئێران، بزووتنەوەی کورد پاش شۆڕشی ئیسلامی، ل 138.

ڕێژیمی ئیسلامی ئێران.[1] **( هەڵبەت ئەوە بێجگە لە ناوچەی نەوسوود و بەرزاییەکانی هەورامانە کە تا نیوەی مانگی مارسی 1988 لە ژێر کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگەدا بوو و پاش ئۆپەراسیۆنی وەلفەجری 10 و داگیرکرانی ناوچەی هەڵەبجە لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە، هێزی پێشمەرگەی دیموکرات بە ناچار پاشەکشەی لەو ناوچەیە کرد).**[2]

ئیتر لەم قۆناغە بە دواوە تاکوو ئێستا کوردستانی ئێران لە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندایە و هەر چەشنە بزاڤێکی مافخوازانە بە تەواوی سەرکوت دەکرێت. هەموو دەستکەوتەکانی کورد جارێکی دیکە لێیان زەوت کراوە و قۆناغێکی نوێ لە سەرکوت و ئەشکەنجە و زیندانیکردنی جیابیران و ئازادیخوازان دەستی پێ کردووە.

## - چ: دوو ڕووداوی تاڵ و دوو خەساری گەورە لە مێژووی کوردستانی ئێراندا:

## یەکەم: تیرۆرکردنی د.عەبدولڕەحمان قاسملوو:

پاش سنوور بەزاندی هێزە کوردییەکان و ڕۆیشتنیان بۆ باشووری کوردستان، شێوازێکی نوی لە خەبات دژی حکوومەتی ناوەندیی ئێران دەستی پێکرد کە بریتی بوو لە شەڕی چەکداری. جگە لە شێوازەکانی دیکەی خەبات وەکوو دیپلۆماسی و شەڕی ڕاگەیاندن و کاری ڕێکخستن و.... ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری لە سەر بەرزبوونەوەی ورەی خەڵکی کوردستان و نەبڕانی هیوایان بەوەی هەبوو کە جارێکی دیکە شۆڕشی کورد وەکوو پاش تێکچوونی کۆماری کوردستان و لەسێدارەدانی پێشەوا قازی محەممەد، تووشی دامرکان بێتەوە. ئەمەش بە تەواوی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی وەڕاڵە هێنابوو و ماندووی کردبوو، لە لایەکەوە ئایەتوڵڵا خۆمەینی تازە کۆچی دوایی کردبوو و لە لایەکی دیکەوە، ڕەفسەنجانی وەکوو سەرۆك کۆماری ئەوکاتی ئێران، بانگەشەی چارەسەرکردنی کێشەی کوردی لە ڕێگای دیالۆگەوە دەکرد و هەروەها شەڕی ئێران و عێراقیش کۆتایی پێ هاتبوو.[3]

بۆیە جارێکی دیکە بە بیانووی چارەسەرکردنی کێشەی کورد، حکوومەتی ناوەندیی ئێران لە د.عەبدولڕەحمان قاسملوو سکرتێری ئەو کاتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کە ئاڵاهەڵگری داواکارییە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بوو، داوای وتووێژی کرد. دوکتور قاسملوو و ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات کە هەر لەمێژ بوو بانگەشەی ئاشتییان دەکرد، پێشوازییان لەم پیشنیارە کرد، بۆیە پاش چەند دانیشتنێك لە نێوان هەردوو لادا لە ڤییەننای پایتەختی ئوتریش ، لە کۆتاییدا ڕۆژی 13-8-1989 لە سەر مێزی وتووێژ دوکتور قاسملوو لە گەل دوو هاوڕێی لە لایەن بە ناو دیپلۆماتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە تیرۆر کران.[4]

قاسملوو بوو بە قوربانیی ئەو بیرۆکەیە کە دەیتوانی لە ڕێگای وتووێژەوە لەگەڵ ڕێژیمی ئێران ئەنجامی باش بۆ کوردەکان بە دەست بێنێت، هیچ گومان لەوەدا نییە کە قاسملوو بە دەستی دەزگای سیخوڕیی ئێران

---

[1]- عەبدوڵڵا حەسەن زادە، سەرچاوە پێشوو، بەرگی دوهەم، فەسڵی پێنجەم، سنوور بەزاندن،ل 38،

[2]- وتوێژ لەگەڵ سەلام ئیسمائیپوور، بەپرسی بەشی فارسی ڕۆژنامەی کوردستان، کۆیە 21-02-2013.

[3]- ژێرار شالیان، سەرچاوە پێشوو، بەشی کوردەکانی ئێران، بزووتنەوەی کورد پاش شۆڕشی ئیسلامی، ل 139 چاپخانەی موکریان- هەولێر ، ساڵی چاپ، 2012

[4]- شەهاب خالیدی، DR. Qasimlo Banga Aştî Û azadî، بەشی هەشتەم، Kul û Kovanek mezin، ل67.

کوژرا، هەر بۆیە بڕیاری دەستبەسەرکردنی دوو دیپلۆماتی ئێران لە لایەن دەوڵەتی نەمساوە دەرچوو، بەڵام ئەم بڕیارە جێبەجێ نەکرا و دیپلۆماتە ئیرانییەکان لە نەمسا چوونە دەر، چوونکە نەمسا نەیویست خۆی بەم کێشەیەوە سەرقاڵ بکات. کوژرانی قاسملوو بوو بە هۆی ئەوەی کە زەبرێکی گەورە لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بکەوێت.[1]

## دووهەم: تیرۆرکردنی د.سادق شەرەفکەندی:

پاش تیرۆرکردنی دوکتور قاسملوو، دوکتور سادق شەرەفکەندی لە 13-08-1989 لە یەکەم پلینۆمی کومیتەی ناوەندیدا، ئەرکی سکرتێری پێ ئەسپێردرا. [2]

شەرەفکەندی لە ١٧ی سیپتامبەر ساڵی 1992 لە چێشتخانەی میکۆنۆس لە بەرلینی ئاڵمان، کاتێك کە بەشداریی کۆبوونەوەیەکی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی کردبوو، تیرۆر کرا. حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و بەشێکی زۆر لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی پلاندانان و جێبەجێکردنی ئەو تیرۆرە دەخەنە ئەستۆی کۆماری ئیسلامی، ئەم بۆچوونە تا ئێستا لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە بە درۆ خراوەتەوە. هەر چەند کە دواتر پاش دەستبەسەرکردنی 3 کەس لە تاوانبارانی ئەم تیرۆرە، بە ناوەکانی کازم دارابی، خەڵکی ئێران، یوسف ئەمین و عەباس راحیل بە رەگەز عەرەب و خەڵکی لوبنان و ئەندامانی حیزبوڵڵای لوبنان، دادگایەک لە شاری بەرلین دوای شیکردنەوەی رووداوەکانی کارەساتی میکۆنۆس، لە بەرواری 10ی ئاڤریلی 1997، نێردراوەکانی کۆماری ئیسلامیی بە تاوانباری ئەنجامی ئەو تیرۆرە ناسی. عەلی خامنەیی، رێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، عەلی ئەکبەر هاشمی رەفسەنجانی، سەرۆک کۆماری ئەو کات و عەلی فەلاحیان، وەزیری ئیتلاعاتی ئەو کات بۆ دادگا بانگ کران. بە پێی بەڵگەکانی بەردەستی دادگاکە، کاربەدەستانی ئەو کاتی کۆماری ئیسلامی بە تاوانبار و بەرپرسی سەرەکیی دەرکردنی بڕیاری تیرۆرەکە ناسران.[3]

## -خ: پێکهاتەی جیۆپۆلیتیک و کۆمەڵایەتیی کوردستانی ئێران:

هەڵکەوتی جوغرافیایی کوردستانی ئیران کەوتۆتە بەشی رۆژئاوای ئێرانەوە کە لە باکوورەوە، کوردستانی تورکیە، لە باشوور پارێزگاکانی خووزستانو هەمەدان، لە رۆژئاوا حکوومەتی هەرێمی کوردستانو لە رۆژهەڵاتیەوە پارێزگاکانی ئازەربایجانو زنجان هەڵکەوتوون. پێوانەی کوردستانی ئێران بە "125000" کیلومیتری چوارگوشە مەزەندە دەکرێت. هەروەها دەکەوێتە نێوان هێلی پانی 40.31 پلەی شیمالیو هێلی درێژی 48.44 پلەی رۆژهەڵاتی. لە لایەکی دیکەوە پێوانەی خاکی کوردستان 8 لە سەدی رووپێوی خاکی ئێرانەو 27 لە سەدی تێکڕای خاکی کوردستانی گەورە دەگرێتەوە. لە رووباری ئاراس لە پاڵ چیای ئاراراتەوە بەرەو خوار دەکێشرێ تا باشوری دەریاچەی ورمێ بە پانتایی 50 کیلومیترو ناوەنجی پانتایی لە ناوچەکانی سنە و کرماشانو ئیلام نزیکەی 300 کیلومیتر دەبێ. پێوانەی کوردستانی ئێران لە باکورەوە بۆ باشوور نزیکەی 900 کیلومیتر دەبی.[4]

---

[1]- ژێرار شالیان، سەرچاوەی پێشوو، ل 138.

[2]- سمایل شەرەفی، شەرەفکەندی سیمای شۆڕشگێڕێکی نەتەوەیی، لاپەڕە114.

[3]-لۆقمان مێهفەر، کتێبی میکۆنوس بکوژانی شەرەفکەندی ریسوا دەکا، بەشی پێنجەم، ساڵی 2007، ڵ116

[4]- ناسر ساڵحی، وتاری رۆژهەڵاتی کوردستان و گەشەی ئابووری، بەرواری نووسین: 14 / 8 / 2009، ئادریسی ئینترنێتی: www.komale.com

کوردەکانی ئێران لە ناوچە شاخاوییەکاندا دەژین واتە لە شوێنێك کە شارەکان هەزار مەتر لە ئاستی دەریاکان بەرزن، ئاو و هوای کوردستان قارەییە و رەوشی ئاو و هەوا زۆر دەگۆڕدرێت، بەڵام وشکایی ئاو و هەوای ئێران لە شوێنەکانی دیکەی ئێران کەمترە، کوردەکان لە 125 هەزار کیلۆمەتر لە 4 میلیۆن دۆنم ناوچەی شاخاویی ئێراندا نیشتەجێن.[1]

بە هۆی دابەشبوونە ئیدارییەکانی دەوڵەتی ئێران، ناوی کوردستان تەنیا بە ناوچەی سنە دەگوترێت، ئەمە لە حاڵێکدایە کە پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام و بەشێك لە ئازەربایجانی رۆژئاواش کوردن. لە بەر ئەوەی کە دەوڵەتی ئێران هیچ ئامارێکی لە کوردەکانی ئێران بلاو نەکردۆتەوە، ئامارێکی ورد لە حەشیمەتیان بەر دەستدا نییە، بەڵام کورد لە سەدا 15ی حەشیمەتی گشتیی وڵات پێك دەهێنن، واتە نزیکەی 7 میلیۆن حەشیمەتیان هەیە، رێژەی گەشەی ساڵانەی حەشیمەتی کورد، پتر لە 2/8 لە سەدە، کە لە نێونجی گەشەی حەشیمەتی وڵات زۆرترە. هەروەها حەشیمەتێکی مەزنی کوردەکان لە دەرەوەی کوردستان لە قووچان و دەرەگەز کە سەر بە پارێزگای خۆراسانن، و هەروەها باکووری ئێران لە رامسەر دەژین. ئەم کوردانە لە سەرەتای سەدەی 17 لە لایەن شاعەباسەوە بۆ ئەو شوینانە دوور خراونەتەوە تا سنوورەکانی ئیمپراتۆریی ئێران بپارێزن. حەشیمەتیان نزیکەی 600 هەزار کەسە. هەروەها دەبێ ئەوەش لەبەر چاو بگیرێت کە لەسەدا 15ی دانیشتوانی کوردستان فارس و ئازەرین.[2]

لە نێوان هەر چوار پارێزگای کوردستان، پارێزگای کرماشان لە هەموویان پێشکەوتووترە و زۆربەی خەڵکەکەی شیعەن.[3]

### د: پێکهاتەی ئابووریی کوردستان:

پێکهاتەی ئابووریی کوردستان یەك بەرهەمییە و خاوەن هیچ تەکنۆلۆژیایەکی پیشەسازی نییە، تەنیا بەشێکی پڕ قازانج کە لە بواری پیشەسازیدا گەشەی کردووە بەرهەمی نەوت لە پارێزگای کرماشانە. لە ئاکامدا ئاستی داهاتی خەڵکی کوردستان لە بنەڕەتدا لە نێونجی داهاتی ئێران بە گشتی کەمترە. بە هۆی گەشە نەکردنی پیشەسازی، هێشتا ژمارەیەکی زۆر کەم کارگە لە کوردستاندا هەیە و بە هۆی ئەوەی کە دەرفەتی کارکردن لە کوردستاندا کەمە، خەڵکی ناوچە کوردنشینەکان بۆ ناوچە دەوڵەمەندەکانی دیکەی ئێران وەکوو تاران و ئیسفەهان و خووزستان کۆچ دەکەن. هەر بۆیە کوردستان گرینگترین بەشی چالاکی حەشیمەتی خوی بە قازانجی ناوەندە پیشەسازییەکان لە دەست دەدات.[4]

### ر: بواری تەندروستی:[5]

هەتا ئەو شوێنەی کە پەیوەندیی بە بەشی تەندروستییەوە هەیە، کوردستان بە دەست نەبوونی کادیری پسپۆڕەوە دەناڵێ، ژمارەی پزیشکانی کوردستان بە بەراورد لەگەڵ شوێنەکانی دیکەی ئێران کەمترە.
هەرچەند کە ئاو و هەوای کوردستان لە چاو مەڵبەندەکانی دراوسێی زۆر سازگارە و کانیاوی خاوێن لە گوندەکاندا زۆرن، لەگەڵ ئەوەشدا زۆر کەس بە دەست نەخۆشیی سیلی ریخۆڵە، تەراخوم و مالاڕیا و...هوە

---

[1]- ژێرار شالیان، سەرچاوەی پێشوو، بەشی کوردەکانی ئێران، بپێکهاتەی کۆمەلایەتی ، ل 140-141.
[2]- ژێرار شالیان، ، سەرچاوەی پێشوو، بەشی کوردەکانی ئێران، بپێکهاتەی کۆمەلایەتی،ل 141
[3]- هەمان سەرچاوە،ل141
[4]- هەمان سەرچاوە. ل141
[5]- هەمان سەرچاوە، ل 141.

دەناڵێنن کە لە زۆر ناوچەی کوردستاندا بڵاو بوونەتەوە و زۆر بە کەمی پزیشك روو دەکاتە گوندەکانی کوردستان.

**ز: ئاستی خوێندەواری:**

بەپێی ئاماری ساڵی 1945 پتر لە 95% دانیشتوانی کوردستانی ئێران نەخوێندەوار بوون. نەخوێندەواری لە نێو ژناندا سەدی سەد بوو.[1]

هەر وەها بەپێی ئاماری خوێندنی ساڵی 1954-1955 لە شاری مەهاباد کە دانیشتوانی نزیکەی 250 هەزار کەس دەبوو، تەنیا 17 قوتابخانەی لێ بووە، کە ژمارەی قوتابخانەی کچانەی پۆلە سەرەتاییەکان 4 قوتابخانە بووە و بۆ کوڕان 8 قوتابخانە و ناوەندییش بۆ کچان 1 و بۆ کوڕان 3.[2]

پاش تێپەڕ بوونی چەندین ساڵ بارودۆخەکە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بە خۆیەوە نەبینیوە و ئێستاش لە بواری خویندەواریدا ژمارەی قوتابخانەکان وەڵامی پێویستییەکانی حەشیمەت ناداتەوە و جێگای سەرسووڕمان نییە ئەگەر گوندێك کە 250 تا 300 قوتابیی هەیە، تەنیا مامۆستایەکی هەبێت. ژمارەیەکی زۆر لە منداڵان بەتایبەت لە گوندەکان قەت ناچنە قوتابخانە. کەوابوو رێژەی نەخوێندەواری لە سەرەوەیە. لە ساڵی 1975 پتر لە 70% خەڵك بە گشتی و 80% ژنان نەخوێندەوار بوون. لە سەدا 2/5ی کچان و 1/4 کوڕان قەت نەدەچوونە قوتابخانە. لە گوندەکاندا 95% هەموو ژنان و 85%ی پیاوان نەخوێندەوار بوون، ژمارەی نەخوێندەواران لە شارەکاندا کەمتر بوو، (60%ی ژنان و 40%پیاوان).[3]

بە هۆی قەدەغە بوونی پەروەردە بە زمانی کوردی لە قوتابخانەکان، منداڵانی کورد بە زمانی فارسی پەروەردە دەبینن و خوێندن و نووسینی گشتیی کوردە خوێندەوارەکان بە زمانی فارسییە، لەبەر ئەوەی کە زمانی فارسی زمانی فەرمیی سیستەمی پەروەردەی ئێرانە.[4]

---

[1]- دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سەرچاوەی پێشوو، فەسڵی یەکەم، ئاوڕێك بۆ سەر وەزعی گشتیی کوردستانی ئێران، ل15.

[2]- دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، کوردستان و کورد، لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی ئابووری، وەرگێران، عەبدوڵلا حەسەن زادە، فەسڵی یەکەم، کوردستان و نەتەوەی کورد، خوێندن، ل 34،چاپی دووهەم، ساڵی 2006، هەولێر،

[3]- ژێرار شالیان، سەرچاوەی پێشوو ، ل 141.

[4]- هەمان سەرچاوە، ل141

# بەشی سێهەم:
# ژیانی دوکتور سادق شەرەفکەندی و بەرهەم و بەرپرسایەتییە میدیاییەکانی

## پاری یەکەم: کورتەیەك لە ژیانی دوکتور سادق شەرەفکەندی

الف: شەرەفکەندی نموونەی قوتابییەکی زیرەك
ب: بە هۆی هەژارەوە بیر نەتەوایەتی لای شەرەفکەندی دروست دەبێ
پ: شەرەفکەندی بەشی پزیشکی بۆ دەردەچێ بەڵام بە هۆی دەست کورتییەوە دەچێتە بەشی کیمیا
ت: پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لەگەڵ خوشکی وەزیری تەندروستیی سەردەمی کۆمار:
ث: لەبەر مامۆستا هەژار و دڵسوزی بۆ قوتابییەکانی بۆ کەرەج و ئەراك دوور دەخرێتەوە
ج: ژیانی سیاسیی شەرەفکەندی
چ: تیرۆرکردنی شەرەفکەندی لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە:
ح: ژیانی رۆژنامەوانیی سەعید شەرەفکەندی

# پاری یەکەم: کورتەیەک لە ژیانی دوکتور سادق شەرەفکەندی

محەممەد سادق شەرەفکەندی ناسراو بە دوکتور سەعید، کوڕی مەلا محەممەد ناسراو بە مەلا محەممەدی بۆر[1]، ڕۆژی سێشەممە 1938/1/11 بەرامبەر بە 21ی بەفرانباری ساڵی 1316ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی نیشتمانپەروەر لە گوندی تەرەغە[2] ی شاری بۆکان[3] لە کوردستانی ئێران[4] لە دایك بوو. هەر لە تەمەنی منداڵیدا باوکی لە دەست دا. پاش ئەوەی کە باوکی دوکتور سادق کۆچی دوایی دەکات دایکی بە جێی دەهێڵێت و شوو بە کەسێکی تر دەکات[5] و سەرپەرشتیکردنی کەوتە سەر شانی براگەورەکەی، شاعیری گەورەی کوردستان، خوالێخۆشبوو، مامۆستا هەژار[6]. لە راستیدا پاش ئەوەی کە هەژار وەکوو شاعیرێکی کورد بەناوبانگ دەبێت، ناوبانگی بنەماڵەکەشی هەم لە بۆکان و هەم لە مەهاباد دەر دەکەوێت. ناوبراو بچووکترین منداڵی بنەماڵەکەیان بوو و دوو برای لە خۆی گەورەتری هەیە بە ناوەکانی مامۆستا هەژار واتە عەبدولڕەحمان کە هەڵبەت لە یەك دایك نەبوون و دایکیان جیاواز بوو و براکەی دیکەی بە ناوی عەبدوڵلا. هەروەها خوشکێکی هەیە بە ناوی زەینەب کە ئێستا خۆشکەکەیان دانیشتووی شاری ورمێ سەر بە پارێزگای ئازەربایجانی رۆژئاوا لە کوردستانی ئێرانە و کوڕێکیشی بە ناوی مەحموود، شەهیدی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانە و دایك و براکەی لە مەهاباد دەژین. زەینەب هەرچەند خوێندەواریی نەبوو

---

[1]- وتووێژ لە گەڵ جەلیل گادانی، کۆیە، 5-11-2012

[2]- گوندی تەرەغە کەوتووەتە 22 کیلۆمەتری رۆژئاوای بۆکان. بڕوانە ( مهدی کریم زادە، وتاری کوە ترغە، سێشەممە 12ی ئۆکتۆبری 2012، ماڵپەڕی )

[3]- **بۆکان** شارێکی کوردستانی ئێرانە کە لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا "هەڵکەوتووە. ئەم شارە لە ١٣ خولەك و ٤٦ پلەی درێژایی رۆژهەڵاتی و ٣٢ خولەك و ٣٦ پلەی پانایی باکوریدا هەڵکەوتووە. بە پێی دوایین دابەشکردنەکانی ئێران، بەرینایی بۆکان ٢٥٤١.٣٠٦ کیلومەتری چوارگۆشەیە و لە باشوری رۆژهەڵاتی پارێزگای ئازەربایجانی رۆژئاوای ئێراندا هەڵکەوتووە. حەشیمەتی شاری بۆکان بە پێی سەرژمێریی ساڵی 1385ی هەتاوی ١ ٢٠٤، ٢٠٨ کەس بووە. زۆربەی دانیشتوانی ئەم شارە سەر بە ئایینزای سوننەن. بڕوانە (ویکی پیدیا، شهرستان بوکان. )

[4]- هەڵکەوتی جوغرافیایی کوردستانی ئیران کەوتووەتە بەشی رۆژئاوای ئێرانەوە، کە لە باکووری کوردستانی تورکیە، لە باشوورەوە پارێزگای خووزستان، لە رۆژئاواوە کوردستانی تورکیە، عێراق و هەرێمی کوردستانی عێراق و لە رۆژهەڵاتەوە پارێزگاکانی ئازەربایجانو زەنجان هەڵکەوتووە. پێوانەی کوردستانی ئێران بە "125000" کیلومیتری چوارگوشە مەزەندە دەکرێت. هەروەها دەکەوێتە نێوان هێلی پانی 40.31 پلەی شیمالیو هێلی درێژی 48.44 پلەی رۆژهەلاتی. لە لایەکی دیکەوە پێوانەی خاکی کوردستان 8 لە سەدی ڕۆپێوی خاکی ئێرانەو 27 لە سەدی تێکڕای خاکی کوردستانی گەورە دەگرێتەوە. لە رووباری ئاراسەوەلە پاڵ چیای ئاراراتەوە بەرەو خوار دەکێشری تا باشوری دەریاچەی ورمێ بە پانتایی 50 کیلومیترو ناوەنجی پانتایی لە ناوچەکانی سنەو کرماشانو ئیلام نزیکەی 300 کیلومیتری دەبێو پێوانەی کوردستانی ئێران لە باکورەوە بۆ باشوور نزیکەی 900 کیلومیتر دەبی. بروانە (ناصر صالحی، وتاری رۆژهەڵاتی کوردستان و گەشەی ئابووری، بەرواری نووسین: 14 / 8 / 2009، ئادریسی ئینترنێتی: )

[5]- وتووێژ لەگەل د. رەحیم سۆرخی. هەولێر 22-2-2013.

[6]- عەبدولڕەحمان شەرەفکەندی«مامۆستا هەژارە. لە ساڵی 1300ی هەتاوی لە شاری مەهاباد لە دایك بووە، هەژار یەکێك لە ناودارترین و گەورەترین شاعیرانی کورد بووە کە چەندین بەرهەمی ئەدەبی و شیعری هەیە کە یەکێك لە گرینگترین بەرهەمەکانی بریتییە لە فەرهەنگی فارسی –کوردیی هەژار. بڕوانە (پەیجی فەرمیی مامۆستا هەژار لە فیسبووک)

بەڵام زۆربەی شێعرەکانی برا گەورەکەی خۆی، مامۆستا هەژاری لەبەر بوو و هەست و بیرێکی کوردایەتیی زۆری لە مێشك و دڵدا بوو.[1]

سادق شەرەفکەندی خوشك و برایەکیشی دوای خۆی هەر لە منداڵیدا مردوون. واتە ئەگەر مردووەکان حیساب بکەین، شەرەفکەندی دەبێتە منداڵی چوارەم. برای گەورەی شەرەفکەندی بە ناوی عەبدوڵلا کە ئێستا لە مەهاباد ژیان دەکات، سەردەمی کۆماری کوردستان بە مەبەستی خوێندن بۆ تەورێز بەڕێ دەکرێت و تاکوو 2ی دواناوەندی دەخوێنێت و دوای رووخانی کۆمار لە بەرخاتری دایك و خوشك و براکەی لە مەهاباد ماوەتەوە و ئەرکی بنەماڵەکەی کەوتووەتە سەر شانی. چوونکە هەژاری شەرەفکەندیش پاش تێکچوونی کۆمار، پەڕیوەی عێراق بووە و هەتا تێکچوونی شۆڕشی ئەیلوول نەگەڕاوەتەوە ئێران.[2] پاش ئاوارەبوونی هەژار دوکتور سادق تاکوو 28 ساڵ ناتوانێ برا گەورەکەی خۆی ببینێت. بەڵام خەڵکی مەهابادیش بە هۆی هەژاری شاعیر، ئاگایان لە بنەماڵەی شەرەفکەندی دەبن و یارمەتی دەدەن.[3]

بنەماڵەکەیان سەرەتا زۆر هەژار و دەسکورت بوون.[4] بەڵام بنەماڵەیەکی زانستدوست بوون، بۆیە سەرەڕای کەمداهاتیی بنەماڵەکەی و هەژاربوونیان و نەبوونی ئیمکانات لەو سەردەمە و نەبوونی قوتابخانە لە زۆربەی زۆری گوندەکاندا، لە گوندی تەرەغەوە لە ساڵی 1944دا چوونەتە شاری بۆکان و لەوێ خۆیندنی پۆلی یەك و دووی سەرەتایی تەواو کردووە. سەردەمی منداڵیی شەرەفکەندی هاوکات بوو لەگەڵ پەرەئەستاندنی خەباتی رزگاریخوازانەی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان و دامەزراندنی کۆماری کوردستان. بەهۆی رێنوێنی و ئامۆژگارییەکانی مامۆستا هەژار، برای زانا و خەباتگێڕی شەرەفکەندی، زۆر دیمەن لە خەباتی مێژوویی ئەوکاتە لە بیر و زەینیدا مایەوە.[5]

پاش ساڵێك لە سەردەمی کۆماردا، واتە ساڵی 1946 دێنە مەهاباد. لە مەهاباد لە ماڵێکی گچکەی گەڕەکی مزگەوتی رۆستەمبەگدا بوون و دراوسێی ماڵی حاجی ساڵحی فەقێ محەممەد، واتە بابی سدیق حەیدەری، وەزیری تەبلیغاتی کۆمار بوون. هۆکاری کۆچکردنیشیان ئەوە بوو کە مامۆستا هەژار کاری ئەدەبی و سیاسیی زیاتر لە مەهاباد بوو کە ببووە پێتەختی کۆمار. پاش گیرسانەوەی بنەماڵەکەی لە مەهاباد، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی هەر لەو شارە تەواو کرد، خۆیندنی سەرەتایی شەرەفکەندی و تەواوکردنی لە کاتێکدا بووە کە لە هەموو شاری مەهاباد لەو سەردەمەدا قوتابخانەی سەرەتایی کوڕانە 2-3 قوتابخانە بووە و سادق شەرەفکەندی پاش ئەوەی کە دێتە مەهاباد، لە قوتابخانەی سەعادەت خوێندوویەتی. کتێبی وانە لەو سەردەمەدا زۆر کەم بوون، قوتابیان کە دەچوونە قوتابخانە، جاری وا هەبوو کە تا نیوەی ساڵ کتێبیان نەبوو، ئەویش لە رێگای خزم و دوست و ئەو کەسانەی سەردانی تەورێز و ورمێیان دەکرد، بە دەستیان دەگەیشت.[6]

---

[1]- وتووێژ لە گەڵ جەلیل گادانی، کۆیە، 5-11-2012.

[2]- وتووێژ لەگەڵ جەلیل گادانی، کۆیە، 5-11- 2012.

[3]- - وتووێژ لەگەل د. رەحیم سۆرخی. هەولێر 22-2-2013.

[4]- هەمان سەرچاوە.

[5]- سمایل شەرەفی، شەرەفکەندی سیمای شۆڕشگێڕێکی نەتەوەیی، لاپەڕە112

[6]- وتووێژ لە گەڵ جەلیل گادانی، کۆیە، 5-11-2012.

قۆناغی دواناوەندیش هەتا پۆلی یەك هەبوو و بۆ درێژە دان بە خوێندن دەبوایە بچنە ورمێ یان تەورێز.[1] ئەم سیاسەتەش نیشانەی دانانی جیاوازی و هێشتنەوەی کورد لە هەژاری و نەخوێندەواریدا لە لایەن حکوومەتی ئەودەمی ئێرانەوە بوو کە ڕەزاشا پاشایەتیی دەکرد.

### الف: شەرەفکەندی نموونەی قوتابییەکی زیرەک:

شەرەفکەندی قۆناغەکانی سەرەتایی خوێندن بە سەرکەوتوویی دەبڕێ و لە هەموو پۆلەکاندا لە قوتابیانی هەرە زیرەك بووە. قۆناغەکانی ناوەندی و دواناوەندیشی لە دواناوەندیی ئیرانشەهری تەوریز خوێندووە.[2] ئەمەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی ئیمکاناتی خوێندن. ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ ئەوەی کە بنەماڵەکەی شەرەفکەندی بنەماڵەیەکی زانستپەروەر بوونە.

شەرەفکەندی لە قۆناغی منداڵیدا هیچ کاتێك کاری بۆ دابینکردنی بژیوی ژیانی بنەماڵەکەی خۆی نەکردووە و بەردەوام سەرقاڵی خۆێندن بووە. بە پێی قسەکانی شەرەفکەندی بۆ خۆی، لە قۆناغی منداڵیدا زۆر سەربزێو و هاوکاتیش زیرەك بووە، هەر ئەوەندەی کە لە کاتی گوتنەوەی وانەدا گوێی لە مامۆستاکە دەبوو، کتێبەکەی لەبەر دەکرد و لە وانەکە شارەزا دەبوو و لەبەری دەکرد. شەرەفکەندی خوێندنەکەی هەر لەسەر پۆل بووە و کەمتر لە ماڵ خوێ بە خوێندن سەرقاڵ کردووە.[3]

یەکێ لە هاوپۆلییەکانی قۆناغی خوێندکاری دکتور سادق شەرەفکەندی کە ـ لە بەر مەسەلەی ئەمنیەتی ناکرێ ناوی بهێنرێ ـ دەیگوت: "مامۆستایەکمان هەبوو کە تاقیکردنەوەکانی هەمووی تێگەیشتنی بوو و خوێندکاران دەیانتوانی لە کاتی تاقیکردنەوەدا برۆنە دەرێ و چای بخونەوە، جگەرە بکێشن و دوای بێنەوە و وڵامی پرسیارەکان بدەنەوە. مامۆستاکە کتێبێکی بە ئێمە ناساندبوو کە دەبوایە بخوێنینەوە. بۆیە ئەوەی مامۆستا لەسەر پۆل باسی دەکرد من دادەنیشتم هەمووم دەنووسی و دوکتور سادقیش هیچی نەدەنووسی و بەس گوێ لێ رادەگرت. لە کاتی ئەزمووندا من دەستم کرد بە خوێندنی هەموو ئەم شتانەی کە لەسەر پۆل نووسیبووم و دوای رۆیشم ئەو کتێبەی کە مامۆستا بە ئێمە ناساندبوو کڕیم و خوێندمەوە. بەڵام دوکتور سادق شەوی پێش تاقیکردنەوەکە هاتە لام و وتی:" ئەو کتێبە بە منیش بدە با چاوێك لێ بکەم." بەیانیەکەی کە ئەزموونمان دا و ماوەیەك دواتر کە ئەنجامەکەی هاتەوە، خوێندکاران هەموویان دڵڕاوکێیان هەبوو و دەترسان و دەیانزانی کە لە تاقیکردنەوەکەدا خراپ بوون. بەڵام کاتێ ئەنجامی تاقیکردنەوەکان هاتەوە، ئەوەی منی سەرسام کرد، ئەوە بوو کە سادق شەرەفکەندی لەسەر بیست، نوزدە و نیوی هێنابوو. منیش سێزدەم وەرگرتبوو و کەسێکی تریش دە و نیوی وەرگرتبوو. دەنا ئەوانەی تر هەر هەموویان لە ژێر نمرەی دەیان وەرگرتبوو و هەموویان کەوتبوون. مامۆستاکەش زۆری پێی سەیر بوو کە هاتە ژوورێ بە فارسی وتی:"سادق شەرەفکەندی کام یەك لە ئێوەیە؟" سادقیش هەستا و وتی منم و چووە لای مامۆستا و مامۆستا دەستی خستە سەرشانی و وتی:" ئەم خوێندکارە لە بیستی من، نوزدە و نیوی وەرگرتووە." پاشان مامۆستا لێ دەپرسێ:"باشە چۆن توانیت ئەم نمرەیە بە دەستی بخەیت؟" سادقیش لە وڵامدا وتی:" من هەر لەسەر پۆل گۆیم لە ئێوە راگرتووە و پاشان چۆمەتە کتێبخانە و ئەو کتێبانەی کە حەزم لێ بووە وەرم

---

[1]- وتووێژ لە گەڵ جەلیل گادانی، کۆیە، 5-11-2012.

[2]- هەمان سەرچاوە.

[3]- هەمان سەرچاوە.

گرتووە و خوێندوومەتەوە و پاشان شەوی ئیمتیحانیش چوومەتە لای هاورێیەکم و کتێبەکم لێ وەرگرتووە و خوێندوومەتەوە."

### ب: بە هۆی هەژارەوە بیر نەتەوایەتی لای شەرەفکەندی دروست دەبێ:

هەر لە تەمەنی منداڵیدا شەرەفکەندی هەستی نەتەوایەتی لای دروست دەبێ. دوکتور سادق لەم بوارەدا دەڵێت:" کاتێ تەمەنم حەوت ساڵان بوو، منیان نارده بەر خوێندن بۆ قوتابخانەیەك لە بۆکان. کاتێ گەیشتمە قوتابخانەکە، منداڵان سروودی نەتەوەیی کۆماری کوردستانیان دەخوێندەوە، بە منیان گوت تۆش حەزت لێیە وەکوو ئەمانە بیت و ئەم سرووده بخوێنی؟ من ئەوکات هەموو ناخم پڕ بوو لە شەوق و هۆگری، بۆ ئەوەی وەکوو ئەوان بم. بۆیە هەرچی هەمە، دەگەڕێتەوە بۆ هەژاری برام کە وای کردووە ئاوا نەتەوەی بیر بکەمەوە. شەرەفکەندی سەرەڕای ئەوەی کە لە بەشی کیمیا دەیخوێند، بەڵام لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەکان زانیاری زۆری پێ بوو، بە تایبەتی لە بواری فەلسەفەوە. یەکێ لە هاورێیەکانی دوکتور سادق کە لەبەر هۆکاری ئەمنییەتی ناکرێ لێرەدا ناوێ بهێنرێ، دەڵێت:"دوکتور سادق لە تەمەنی خوێندکاری خۆیدا هەر چەند کە لە بەشی کیمیا دەیخوێند، بەڵام ناوی سەرۆك وەزیرانی گشت وڵاتانی ئەورووپی دەزانی و ئاگاداری گشت گۆڕانکارییەکانی دەوروبەر و وڵاتانی دووردەستی وەکوو ئەورووپاش بوو." [1]

### پ: شەرەفکەندی بەشی پزیشکی بۆ دەردەچێ بەڵام بە هۆی دەست کورتییەوە دەچێتە بەشی کیمیا:

سادق شەرەفکەندی بە بەردەوام بوون لەسەر خوێندن توانی بۆ بەشی پزیشکی کۆرسیەکی زانکۆ بۆ خۆی تەرخان بکات، بەڵام لەبەر خراپی بواری ئابوورییەوە نەیتوانی لەم بەشەدا بخوێنێتەوە.

هەر لەم پێوەندییەدا کاتێ 15 ساڵ بە سەر ئاوارەبوونی هەژار تێپەڕ دەبێ، سادق شەرەفکەندی کە ئەو کات 23 ساڵان دەبێ، نامەیەك بۆ برای خۆی دەنرێت و پێ دەڵێت:" ئەوە ئێستا من خوێندکارم و لە دانشسەرای تەربیت معلمی تاران شیمی دەخوێنم. بەڵام براکەم، من بۆ پزیشکی دەرچووبووم کەچی بە هۆی ئەوەی کە پارەمان نەبوو چوومەتە بەشی کیمیا[2].

سادق شەرەفکەندی بە بەردەوامبوون لە سەر خوێندن توانیی ساڵی1959 لە دانیشسەرای باڵای تاران بەکالۆریۆس لە بواری کیمیادا وەربگرێت، هەر لەو ساڵەدا بوو بە مامۆستای کیمیا و هەتا ساڵی1965 لە شارەکانی ورمێ و مەهاباد بە ئەرکی مامۆستایەتییەوە خەریك بوو.[3]

### ت: پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لەگەڵ خوشکی وەزیری تەندروستیی سەردەمی کۆمار:

شەرەفکەندی هەروەها پاش وەرگرتنی بەکالۆریۆس لە بواری کیمیادا بڕیاری پێکهێنانی ژیانی هاوبەش لەگەل نوسرەتخانمی کچی سەید عەبدوڵڵا تەهازادە، ناسراو بە سەید عەولای سەید تەهای دەوافرۆش دەدات کە ئەویش بەکالۆریۆسی هەبوو لە بواری نۆژداری. هەر لەو ساڵەدا ژیانی هاوبەش پێك دەهێنێت.[4]

---

[1]- [1]- وتووێژ لەگەل د. رەحیم سۆرخی. هەولێر 22-2-2013

[2]- هەمان سەرچاوە.

[3]- سمایل شەرەفی، شەرەفکەندی سیمای شۆڕشگێڕێکی نەتەوەیی، لاپەڕە112

[4]- وتووێژ لەگەڵ جەلیل گادانی، کۆیە، 5-11-2012

خاتوو نوسرەت ئێستا خانەنشین بووە و لە تاران دەژێت. ناوی تەواوی نوسرەتخانمی ئەیووبیان بووە. خەلکی مەهابادە و لە بنەماڵەیەکی ناسراوی شارن. برا گەورەکەی سەید محەممەد ئەیووبیان وەزیری تەندروستیی کۆمار بووە و ئێستا کۆچی دوایی کردووە.[1]

بەرهەمی ژیانی هاوبەشی دوکتور سادق شەرەفکەندی لەگەل خاتوو نوسرەت ئەیووبیان 2 کوڕ و کچێك بوو کە هەموویان توانیان خوێندی باڵا تەواو بکەن.[2]

### ڤ: لەبەر مامۆستا هەژار و دڵسوزی بۆ قوتابییەکانی بۆ کەرەج و ئەراک دوور دەخرێتەوە:

پاش ئەوەی کە خوێندنەکەی تەواو دەکات دەبێتە مامۆستایەکی زۆر سەرکەوتوو و حکومەت دەنێرێتە مەهاباد، لەوێ سادق شەرەفکەندی لەگەڵ چەند مامۆستایەکی تر بە چەشنێك وانە بە قۆتابیان دەڵێن و ئەرکی پیرۆزی خۆیان رادەپەڕینن کە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەو ساڵ خوێندەواری لە مەهاباد زۆر گەشە بکات، بە چەشنێك کە بەشێکی زۆر لە قوتابییەکانی توانیان سەرکەوتن لە خوێندندا بە دەست بێنن و بگەنە ئاستی زانکۆ.[3] لە لایەکی ترەوە بە هۆی نیگەرانی رێژیمی پاشایەتی ئێران لە مەڕ کاریگەری شۆڕشی ئەیلوول لە کوردستانی ئێراق لە سەر کوردەکانی ئێران و هەروەها برا گەورەکەی واتە مامۆستا هەژار کە ئەودەم لە شۆڕشی ئەیلوول و لە رادیۆی شۆڕشدا رۆڵێکی شوێندانەری هەبوو، ساڵی 1965 لەگەڵ کۆمەڵێك مامۆستای تری کورد، بۆ ئەراك و پاشان بۆ کەرەج دوور خرایەوە.[4]

دواتر لەوێ ئەوندە زیرەك دەبێ کە پاش تێپەڕ بوونی 5 ساڵ بەسەر دوورخستنەوەی ساڵی1970، دەیگوازنەوە بۆ زانکۆ تەربیەت موعەلیم لە تاران و هەر لەوێ لە ئاستی بە کالۆریۆس دەست دەکات بە وانە وتنەوە و دەبێتە مامۆستای زانکۆ. پاشان لە دانشسەرای تەربیت معلمی تاران درێژە بە خوێندن دەدات و ماستەر لە بەشی شیمی وەردەگرێت. پاش تەواوکردنی ماستەر ساڵی1972 بە کەڵکوەرگرتن لە بۆرسی حکومەت بۆ وەرگرتنی دوکتوراکەی دەنێردرێتە پاریس و توانیی دوکتورای کیمیای ئانالیتیك لە زانستگای سۆربوونی پاریس وەربگرێت.[5]

### ج: ژیانی سیاسیی شەرەفکەندی:

شەهید سەید سەلام عەزیزی لە کتێبەکەی خویدا بە ناوی سەفەری بێ گەڕانەوە، چۆنیەتیی ئاشنابوونی شەرەفکەندی لە گەڵ حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بەم شێوەیە دەخاتە روو: " تێکۆشانی شەرەفکەندی لە حیزبی دێموکراتدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1973، ئەو کاتە کە لە پاریس خەریکی وەرگرتنی دوکتورا بوو، لەو ساڵەدا لەگەل رێبەری شەهیدی حیزبەکەمان، دوکتور قاسملوو لە پاریس ئاشنا دەبێ و بە ناسینی خەت و رێبازی سیاسیی حیزبی دێموکرات داوای ئەندامەتی لەم حیزبە دەکات. پاش گەڕانەوە بۆ

---

[1]- وتووێژ لەگەڵ جەلیل گادانی، کۆیە، 5-11-2012

[2]- هەمان سەرچاوە.

[3]- وتووێژ لەگەل د. رەحیم سۆرخی. هەولێر 22-2-2013

[4]-- هەمان سەرچاوە.

[5]هەمان سەرچاوە.

ئێران دەبێتە نوێنەری دوکتور قاسملوو بۆ پێوەندی لەگەڵ دەرەوەی وڵات و هەروەها لەگەڵ هێندێك تێكۆشەری لەمێژینەی حیزب لە ناوخۆی وڵاتدا."[1]

پاش وەرگرتنی دوکتورا لە ساڵی1976 گەڕایەوە تاران و وەك مامۆستای زانکۆی تەربیەت موعەلیم درێژەی بە ئەرکی پیرۆزی مامۆستایەتی دا. لەم کاتەدا شەرەفکەندی وەکوو خەباتکارێکی سیاسی، بە شێوەیەکی فەرمی دەستی بە کار و تێکۆشانی حیزبی لە شاری تاران کرد، دروست کاتێك کە هاودەم لەگەڵ پەرەسەندنی شۆڕشی ناوخۆی گەلانی ئێران دژی رێژیمی پاشایەتیی ئەوکات بوو. شەرەفکەندی توانیی لەم ئەرکەدا بە باشی سەرکەوێ و ئەمەش بووە هۆی دڵخۆشیی رێبەریی ئەو کاتی حیزبی دێموکرات.

هەر بۆیە پاش ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و دەست پێکردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزب، ساڵی1979 پلەی تەشکیلاتیی شەرەفکەندی بەرز دەبێتەوە بۆ راوێژکاری کومیتەی ناوەندی و لە خەزەڵوەری ساڵــی1980 لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبدا وەکوو ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا و بەرپرسایەتیی کومیتەی حیزبی لە تاران پێ ئەسپێردرا[2].

دوکتور سەعید شەرەفکەندی سەرەڕای ئەوەی کە رووبەڕووی زۆر ناخۆشی و مەترسی و زەحمەت هاتەوە، بەڵام ئەرکی خۆی لەم پلە تەشکیلاتیەدا بە باشی بە جێ گەیاند و لە هیچ هەوڵ و تێکۆشانێك دریغی نەکرد.

هاوڕێ دوکتور سەعید هاوینی 1980 لە لایەن دەفتەری سیاسیی حیزبەوە بۆ کاری تەواو وەخت بانگ کرایە کوردستان. لە پلینۆمی کومیتەی ناوەندی لە هاوینی1980دا بە ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردرا. لە کۆنگرەکانی5و6و7و8و9دا هەموو جارێك بە ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژێردراوە.[3]

لە ساڵی 1986 ئەرکی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی بە ئەستۆوە بوو. بەڵام پاش شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو لە 22ی پووشپەڕی ساڵی 1368ی رۆژی بەرامبەر بە 13-08-1989 لە یەکەم پلینۆمی کومیتەی ناوەندیدا، ئەرکی قورسی سکرتێری پێ ئەسپێردرا. [4]

### چ: تیرۆرکردنی شەرەفکەندی لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە:

بە مەبەستی بەشداریکردن لە کۆنگرەی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیست لە 14-18ی سیپتامبەری 1992 بەرامبەر بە 23-28ی خەرمانانی ساڵی 1371، سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ دوو کەس لە هاوڕێیانی بە ناوەکانی فەتاح عەبدولی، ئەندامی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە دەرەوەی وڵات و هۆمایوون ئەردەڵان کادری حیزب لە وڵاتی ئالمان، سەردانی ئەو وڵاتە دەکات. مەبەستی ناوبراو لە

---

[1]- سەلام عەزیزی، سەفەری بێ گەڕانەوە، لاپەڕە 30-31

[2]- سمایل شەرەفی، شەرەفکەندی، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە113

[3]- Nevîn Gûngor Reşan ،کتێبی ناودارانی کورد (Navdarên Kurd)- چاپی یەکەم نیشانی 2008، لاپەرە 208

[4]- - سمایل شەرەفی، هەمان سەرچاوە، لاپەڕە113

بەشداری کردن لەم کۆنگرەیەدا راکێشانی بیروڕای گشتیی جیهان بۆ دوزی کورد بوو. ناوبراو بە نیاز بوو کار بکات بۆ بەدەستخستنی پشتیوانیی جیهانی لە چارەسەری پرسی کورد.[1]

رۆژی چوارشەممە، 16ی سیپتامبەری 1992، شەرەفکەندی لەگەڵ عەبدولی و دێهکوردی لە کۆبوونەوەی ئینترناسیۆناڵ سۆسیالیستدا بەشدارییان کرد، لەم کۆبوونەوەیەدا جەلال تاڵەبانی، سکرتێری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانیش بەشدار بوو، ناوبراو پێشتر شەرەفکەندیی ئاگادار کردبوو کە بە پێی هێندێک زانیاری کە لە بەردەستماندان، پیاوەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەدواتدان. [2]

شەرەفکەندی لە ١٧ی سیپتامبەر لە چێشتخانەی میکۆنۆس لە بەرلینی ئاڵمان، کاتێک کە بەشداریی کۆبوونەوەیەکی سەرانی گرووپەکانی دژ بە رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی کردبوو، تیرۆر کرا. حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و بەشێکی زۆر لە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی پلاندانانی ئەو تیرۆرە دەخەنە ئەستۆی کۆماری ئیسلامی، ئەگەرچی تا ئێستا لە لایەن کاربەدەستانی ئێرانەوە بە درۆ خراوەتەوە، بەڵام دواتر پاش دەستبەسەرکردنی 3 کەس لە تاوانبارانی ئەم تیرۆرە، بە ناوەکانی کازم دارابی، خەڵکی ئێران، یوسف ئەمین و عەباس راحیل بە رەگەز عەرەب و خەڵکی لوبنان و ئەندامانی حیزبوڵڵای لوبنان، دادگایەک لە شاری بەرلین دوای شیکردنەوەی ڕووداوەکانی کارەساتی میکۆنۆس، لە بەرواری 10ی ئاڤریلی 1997، نێردراوەکانی کۆماری ئیسلامیی بە تاوانبارانی ئەنجامی ئەو تیرۆرە ناساند. عەلی خامنەیی، رێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران، عەلی ئەکبەر هاشمی رەفسەنجانی، سەرۆک کۆماری ئەوکات و عەلی فەلاحیان، وەزیری ئیتلاعاتی ئەو کاتی کۆماری ئیسلامی لە لایەن دادگاوە داوا کران. بە پێی بەڵگەکانی بەردەستی دادگاکە، کاربەدەستانی ئەو کاتی کۆماری ئیسلامی بە تاوانبار و بەرپرسی سەرەکیی دەرکردنی بریاری تیرۆرەکە، ناسران.[3]

### ح: ژیانی رۆژنامەوانیی سەعید شەرەفکەندی:

کاک سەعید لە بەهاری ساڵی 1980بە بەردەوامی لە بەشی راگەیاندنی حیزبدا کاری کردووە، ئەوەی راستی بێت، هەتا سەردەمی گیرانەوەی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامی و پەڕینەوەی رێبەرایەتیی حیزب بۆ باشووری کوردستان و جێگیربوونی لە گوندی کاولکراوی "گەلاڵە" لە ساڵی 1981 بەرپرسایەتیی ناوبراو تەنیا لە رادەی هاوکاریدا بووە. دیارە .کاک سەعید ئەو ماوەیە بەرپرسی تەشکیلاتی حیزب بووە بەڵام نێوە نێوە لە نەبوونی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادەدا بەرپرسایەتیی کۆمیسیۆنی "رادیۆ ـ چاپەمەنی" ی لە ئەستۆ بووە. لە گەلاڵە، واتە پێش دەستپێکردنی کۆنگرەی شەشەمی حیزب بەرپرسی راستەوخۆی رۆژنامەی کوردستان و رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران بووە. بە واتایەکی دیکە، کاک سەعید لە پاییزی ساڵی 1982 هەتا هاوینی ساڵی 1989 واتە پێش شەهید بوونی رێبەری مەزن، دوکتور قاسملوو وێڕای ئەرکی جێگری سکرتێری حیزب، بەرپرسی یەکەم و راستەوخۆی" کۆمیسیۆنی راگەیاندن و چاپەمەنیی "" حیزب بووە[4].

---

[1]- مهران پاینده، عباس خداقلی، حمید نوذری، کتێبی (هنوز در برلین قاضی هست- ترور و دادگاه میکونوس) چاپی دووهەم، ساڵی 2000، چاپخانەی نشر نیما، شوێنی چاپ ئاڵمان، بەشی یەکەم، لاپەڕە 39

[2]-هەمان سەرچاوە، ل40

[3]-لۆقمان مێهفەر، کتێبی میکۆنۆس بکوژانی شەرەفکەندی ریسوا دەکات، ساڵی چاپ 2007، بەشی پێنجەم ل116

[4]- وتووێژ لە گەڵ ئەحمەد شێربەگی، ژنێڤ- سووئیس، سێ شەممە، 2012/11/06

دوکتور سەعیدی شەرەفکەندی کەسایەتییەکی رووناکبیر بوو کە چەند زمانی رۆژهەڵاتی و ئەورووپیی دەزانی. ئەمەش وای کردبوو کە ناوبراو زیاتر بتوانێ لە کارەکانیدا سەرکەوتن بەدەست بێنێت. شەرەفکەندی توانایی قسەکردنی بە پێنج زمانی زیندووی جیهانی هەبوو کە بریتی بوون لە کوردی، فارسی، تورکی، فەرانسی و عەرەبی.[1]

هەرچەند لەو سەردەمەدا نەبوونی پێداویستییەکان و مەترسیی هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر بنکەکانی چاپەمەنی و رادیۆ کارکردنی بۆ ناوبراو زۆر ئەستەم کردبوو، بەڵام لەم قۆناغە هەستیارەشدا و سەرەڕای کەموکۆڕیی زۆر، ناوبراو توانیی ئەرکی خۆی بە باشی بە جێ بگەیەنێت و رێگا نەدات کەم و کۆڕییەکی ئەوتۆ بکەوێتە ناو کارەکانی.[2]

ناوبراو لە ماوەی کاری رۆژنامەوانیی خۆیدا بە دەیان و بگرە بە سەدان وتاری سیاسی و کۆمەڵایەتیی لە رۆژنامەی کوردستان و رادیۆ دەنگی کوردستان بڵاو کردۆتەوە کە ئێستاش بەشێکی زۆریان هەر بایەخیان ماوە و زیندوون.

بەڵام توێژەر بۆ ئەوەی  بتوانێ لە ئامانج و بۆچوونەکانی د. سادق شەرەفکەندی و ئەو کۆسپ و ئاستەنگانەی کە لە پرۆسەی کاری رۆژنامەوانیدا، رووبەرووی بوونەتەوە، تێبگات، هەوڵ دەدات لە رێگای ناساندنی ئەو دەزگا راگەیەنەرانەی کە شەرفکەندی ماوەیەك بەپرسایەتی کردووەن و هەروەها ناساندنی بەرهەمەکانی شەرەفکەندی بەشێوەیەکی تێروتەسەل و شیکردنەوەی وتارەکانی، وڵامی بەشێکی زۆر لەو پرسیارانە بداتەوە  کە سەبارەت بە کاری رۆژنامەوانی شەرەفکەندی، لە زەینی خوێنەردا درووست دەبێ و بخاتە بەر دیدی خوێنەرانی هێژای ئەم کتێبە. چوونکە ناکرێ ئامانج و ئەرك و ئاستەنگەك و هەڕشەکانی بەردەم کاری رۆژنامەوانی شەرەفکەندی لە ئامانج و ئەرك و ئاستەنگ و مەترسییەکانی بەردەم ئەو دەزگایانەی کە ناوبراو بەرپرسایەتی کردوون، جیا بکەینەوە. بۆیە کاتێ ئێمە باس لە مێژووی ئەو دەزگا راگەیەنەرانە دەکەین  کە شەرەفکەندی بەرپرسایەتی کردوون، راستەوخۆ باس لە ژیانی رۆژنامەوانی ئەم کەسایەتییەش دەکەین.

---

[1]- Nevîn Gûngor Reşan، سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە 208

[2]- وتوویژ لە گەڵ ئەحمەد شێربەگی، ژنێڤ- سووئیس، سێ شەممە، 2012/11/06

# پاری دووهەم:

# بەرهەمەکانی د. سادق شەرەفکەندی

یەکەم: کتێبی کورتە مێژووی جووڵانەوەکانی نەتەوەی کورد

دووهەم: کتێبی هەڵبژاردەیەك لە وتارەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی

دوکتور سادق شەرەفکەندی زۆر بەرهەمی بیستراو، بینراو و خوێنراوی هەیە بەڵام ئێمە لەم توێژینەوەیەدا تەنیا ئاماژە بە بەرهەمە نووسراوەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی دەکەین کە وەکوو کتێب چاپ و بڵاو کراونەتەوە.

## یەکەم: کتێبی کورتە مێژووی جووڵانەوەکانی نەتەوەی کورد:

کورتەمێژووی جووڵانەوەکانی نەتەوەی کورد، لە بنەڕەتدا زنجیرەیەك وتارە کە لە ساڵەکانی 1980 و 1981 بۆ ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ئامادە کراوە و بە هەر دوو زمانی کوردی و فارسی بڵاو کراوەتەوە. لە ساڵی 1984دا بە زمانی فارسی لە لایەن کۆمیسیۆنی چاپەمەنیی حیزبی دێموکراتەوە چاپ کراوە. تەها عەتیقی جارێکی دیکە بۆ زمانی کوردی وەری گێڕاوەتەوە و لە دەرەوەی وڵات چاپ کراوە کە بەداخەوە ژمارەیەکی زۆر کەمی لە کوردستاندا لێ بڵاو بۆتەوە. هەڵبەت بەو وەرگێڕانە کوردییەوە کە هاوکات لەگەڵ وتارە فارسییەکەدا لە ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو کرابووەوە، ئەوە دووەم وەرگێڕانی بۆسەر زمانی کوردییە.[1]

کتێبەکە لە ١٢١ لاپەڕەی ٢٠-١٤ سم دا چاپ کراوە. لە پێشەکییەك و دوو بەش پێك دێت کە هەر بەشەی سێ فەسڵی لە خۆ گرتووە.[2]

لە پێشەکیی کتێبەکەدا نووسەر هۆکاری نووسینی ئەم کتێبە بەم شێوەیە باس دەکات: "نەتەوەی کورد لە مێژە بۆ گەیشتن بە ئازادی و دیاریکردنی چارەنووسی خوی خەبات دەکات. سەرانسەری سەدەی نۆزدەهەم کورد مێژوویەکی پڕ لە خوێنی هەبووە، لەسەرەتای سەدەی بیستەم تاکوو شەڕی دووهەمی جیهانی، کورد خەباتی خوی درێژە پێ داوە. یەکێك لە بەندەکانی سروودی نەتەوایەتیی کورد واتە ئەی ڕەقیب دەڵێت:" ئێمە رۆڵەی ڕەنگی سوور و شۆڕشین، سەیری کە خوێناوییە رابردوومان. ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە کورد هەتا چ ئاستێك شانازی بە رابردووی خوێناویی خۆی دەکات و رێز لە خەباتی باب و باپیرانی رابردووی خوی دەگرێت. بەڵام راستییەکە ئەوەیە کە ئێستاش نەتەوەی کورد شارەزایی و زانیارییەکی باشی لەسەر رابردووی خۆی نییە و کەمن ئەو کەسانەی کە بە باشی ئاگاداری مێژووی نەتەوەی خۆیانن. بۆیە من بە مەبەستی زیاتر ناساندی وردەکارییەکانی شۆڕشەکان و ئەو بارودۆخەی کە شۆڕش تێیدا سەری هەڵ داوە، دەستم بە نووسینی ئەم کتێبە کرد. تاکوو خوێنەران بە خوێندنەوەی ئاگاداری رابردووی خۆیان و لایەنە باش و خراپەکانی بن و سوودی لێ وەرگرن."[3]

کەواتە، لەم پێشەکییەدا بۆمان دەردەکەوێ کە لایەنی مێژوویی چەندە بۆ شەرەفکەندی بایەخدار بووە و ناوبراو لەسەر ئەو باوەڕە بووە کە ئەگەر ئێمە ئاگاداری مێژووی خۆمان نەبین، مەحکوومین بەوەی کە دووبارە ئەم مێژووە بە سەر گەلی ئێمەدا دووبارە بێتەوە. بۆیە پێویستە ئێمە وەکوو نەوەی ئێستا و داهاتوو بایەخێکی زۆر بە لایەنی مێژوو بدەین و لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی بە وردی بخەینە بەر زەینمان و سوودی لێ وەرگرین.

نووسەر هەر لە پێشەکییەکەیدا باس لەو کێشە و گرفتانەش دەکات کە لە نووسینەوەی مێژووی کورددا دێنە پێشێ، وەك: نەبوونی زانیاری و سەرچاوەی سەربەخۆ لەو بوارەدا کە ئەگەریش هەبێت، یان لە لایەن

---

[1]- وتاری ئاوڕدانەوەیەك لە کتێبە مێژووییەکەی د.سادقی شەرەفکەندی . سۆران عەلیپوور، یەک شەممە, 23. 9. 201، www.kurdistanukurd.com

[2]- هەمان سەرچاوە.

[3]- سعید بدل، تاریخچه جنبش ملی کرد از قرن نوزدهم تا پایان جنگ جهانی دووهەم، لاپەڕەی الف.

دوژمنانی کوردەوە شێوێنراوە یا ئەگەر هەوڵێك لە لایەن کەسانێکی دیکەوە درابێت، لە کاناڵی دوژمنانی کوردەوە زانیارییەکانیان بەدەست هێناون[1].

سەرچاوەی یەکەمی ئەو کتێبە کە دوکتور سەعید کەڵکی لێ وەرگرتووە، کتێبی "کوردستان و کوردەکان". بە سەرپەرشتیی ژێرار شالیان و لە نووسینی (عبدالرحمان قاسملوو و کەندال نەزان و عیسمەت شەریف وانلی و م. نازدار)ە؛ ساڵی 1978 لە پاریس چاپ کراوە. هەروەها کاك سەعید دەنووسێ کە بەشی یەکەمی ئەو کورتە مێژوویە، بەتایبەت ئەوەی کە باسی جووڵانەوەکانی سەدەی نۆزدە دەکات، کورتکراوەیەکی وەرگێڕدراوی ئەو بەشە لەو کتێبەی سەرەوەیە کە لە لایەن کەندال نەزانەوە نووسراوە، واتە لە بنەمادا ئەو کتێبە هاوکات هەم نووسین و هەم وەرگێڕانە[2].

سەرچاوەکانی دیکە بۆ نووسینی ئەو کتێبە بریتین لە: "جووڵانەوەی نەتەوەیی کورد"ی کریس کۆچێرا و وەرگێڕدراوی کوردیی کتێبەکەی خالفین بە ناوی "خەبات لە ڕێی کوردستاندا" و کتێبی "کوردەکان"ی حەسەن ئەرفەع.[3]

فەسڵی یەکەمی بەشی یەکەم تەرخان کراوە بۆ ئاوڕدانەوەیەکی کورت لە دۆخی کورد لە دەوڵەتی عوسمانی و ئەو ڕێککەوتنەی کە لە نێوان میرە کوردەکان و سوڵتان سەلیم دوای شەڕی چاڵدێران مۆر کراوە. هەر لەو فەسڵە و لە تەوەری "کوردستانی فێئۆدال"دا، باس لە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی فێئۆدالیی کوردی لەو سەردەمەدا و کاریگەری پێوەندییە خێڵەکییەکان لە سەر بزووتنەوە کوردییەکان دەکات و لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانی بە وردی دەخاتە روو.

ناوبراو لەم بەشەدا دەڵێت: پاش شەڕی چاڵدێران لە نێوان ئیمپراتۆریی عوسمانی و سەفەویدا کە بوو بە هۆی دابەشبوونی کوردستان بە سەر دوو ئیمپراتۆری لە ساڵی 1514 " ئەوەی کە کوردی هان دا تاکوو لەگەل ئیمپراتۆریی عوسمانی ببێتە هاوپەیمان و بکەوێتە یەك بەرە، لایەنی ئایینی بوو، چوون کە بەشی هەرە زۆری کوردەکان سەر بە ئایینزای سوننە و ئیمپراتۆریی عوسمانی بوون، بەڵام شا ئیسماعیلی سەفەوی شیعە بوو. پاش تەواوبوونی شەڕەکە کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریی عوسمانی بە هۆی ئەوەی کە بەتایبەتی لە رووی جیۆپۆلیتیکەوە فاکتەرێکی بەهێز بوون، بوونە خاوەنی کۆمەڵێك دەسکەوتی باش. وەکوو:

1- دەرکردنی پارە بە ناوی خۆیان.

2- خوێندنی وتارەکانی نوێژی هەینی بە ناوی خۆیان.

3- نەدانی باج بە ئیمپراتۆریی عوسمانی.

کوردەکانیش لە بەرامبەر ئەو پوانانەدا دەبوا پابەندی هێندێك شت بوایەن وەکوو:

1- دژی ئیمپراتۆریی عوسمانی شۆڕش نەکەن.

2- بۆ پێشگرتن لە ئیمپراتۆریی سەفەوی، بیر لە فراوانکردنی سنووری دەسەڵاتی خۆیان نەکەن.

ئامانج لەم رێککەوتنەش ئەوە بووە کە پێش لە دروستبوونی حکوومەتێکی بەهێز لەکوردستان بگیرێت.[4]

---

[1]- وتاری ئاوڕدانەوەیەك لە کتێبە مێژووییەکەی د.سادقی شەرەفکەندی . سۆران عەلیپوور، یەک شەممە, 23. 9. 201، www.kurdistanukurd.com

[2]- هەمان سەرچاوە.

[3]- سعید بدل، سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە ب و ج.

[4]- هەمان سەرچاوە ،ل2

له بەشی کوردستانی فێئۆدال کە بەشێکی زۆر دەوڵەمەندە و بە شێوەیەکی ورد و زانستیانە باسی لە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە کردووە، لە لاپەڕەی 3دا باس لە پێشکەوتنە ئەدەبی، زمانەوانی و فەرهەنگییەکانی سەدەی نوزدە دەکات کە لە ژێر دەسەڵاتی میرنشینەکانی ئەو کاتی ئیمپراتۆریی عوسمانیدا هاتنە ئاراوە. نووسەر دەڵێت: " کوردستان لەو ماوەیەدا وەکوو سیستەمێکی سەربەخۆ لە لایەن میرە کوردەکانەوە بەڕێوە دەبرا، ئەدەبیات بەگشتی و کولتوور و شارستانییەت گەشەی کرد. لە شارە کوردنشینەکانی وەکوو بەتلیس، جزیرە و هەکاری کە پایتەختی بەهێزترین میرە کوردنشینەکان بوون، شاعیران، زانایان و موزیکدانەران، پشتیوانییان لێ دەکرا و هان دەدران."
ناوبراو لە هەمان لاپەڕەدا ئاماژە بەوەش دەکات کە هەبوون ئەو کوردانەی کە بۆ خۆشیرین کردن لە لای ئیمپراتۆریی عوسمانی دەچوونە ژێر دەسەڵاتی ئەوان و توانایی و بەرهەمەکانیان دەخستە خزمەت ئیمپراتۆرەکان بۆ ئەوەی کە ببن بە خاوەنی پلە و پایە. کەسانی وەکوو فزوولی، نەقی و نەبی و....
لە لایەکی دیکەوە، شەرەفکەندی ئەو ئاستەنگ و کەم و کۆڕییانەی کە ڕێگر بوون لە بەردەم پێکهاتن و پێشکەوتنی تێگەیشتوویی (شعور) نەتەوەیی، لە سیستەمی عەشایریی ئەو سەردەمەدا دەبینێت و ڕەخنەیان لێ دەگرێت.
لە لاپەڕە 5ی ئەو کتێبەدا دەڵێت: ئاستەنگ و کۆسپی سەرەکی بۆ پێکهاتن و پێشکەوتنی شعووری نەتەوەیی سیستەمی عەشایریی سەدەی نوزدە بوو. عەشیرەگەری هۆکاری سەرەکیی شکستی هەموو ئەو بزووتنەوە و شۆڕشانە بوو کە لە سەرەتای سەدەی نوزدەدا دەستیان پێکرد، بەڵام لە کۆتاییدا بە هۆی خیانەت، گۆڕینی پێوەندییەکان و هاوپەیمانییەکان، بوونی ناکۆکی لە نێو بەرەی کوردی و لە کۆتاییدا باڵادەستبوونی ئایدۆلۆژیای عەشایری تووشی شکست هاتن و پێش لە ئاوابوونی کوردستانی سەربەخۆ و یەکپارچە گیرا.[1]
شەرەفکەندی لە کتێبەکەی خۆیدا تاک لە چوارچێوەی عەشیرەدا بەم شێوەیە پێناسە دەکات:

**1- تاک سەرەتا ئەندامی عەشیرەیە.**

**2- پاشان موسڵمان، ئێزیدی، مەسیحی و...**

**3- لە کۆتایی هەموویاندا کوردە.**[2]

لەم پێناسەیەی شەرەفکەندیدا بە ئاشکرا دەردەکەوێ کە سیستەمی عەشایری کۆسپێکی گەورە لە بەرامبەر یەکگرتنەوەی گەلی کورددا بووە، چوونکە کاتێك ئێمە دەتوانین یەکگرتوو بین، کە بەرژەوەندیی نەتەوەیی لەسەرووی بەرژەوەندیی گرووپ یا ئایین و هەر شتێکی دیکەوە بزانین. لە سیستەمی عەشایریدا تاکەکان سەربەخۆ نین و ناتوانن بەشێوەیەکی ئازاد و سەربەخۆ بیر بکەنەوە و تەنیا کۆمەڵە کەسێك لەم سیستەمەدا بڕیاری کۆتایی دەر دەکەن و ئەندامانی دیکە ناچارن گوێڕایەڵ بن. چوونکە سەرۆك عەشیرەکان زۆر بە ئەستەم پێکەوە ڕێك دەکەون، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە خۆیان لە مەترسیدا ببینن یان بێڕێزییان پێ بکرێت، ئەم یەکگرتنەش کاتییە و پاش ماوەیەکی کورت بە هۆی بچووکترین کێشە هەڵدەوەشێتەوە. لە مێژووی گەلی کورددا ناکۆکی و خیانەتگەلی لەم چەشنە زۆرن.
بۆیە شەرەفکەندی وەکوو کەسایەتییەکی ڕۆشنبیر و نەتەوەیی، ئەم سیستەمە دەخاتە بەر ڕەخنە و بە کۆسپی سەرەکیی پێشکەوتنی کورد لە هەموو بوارەکانی ژیانیدا دەزانێت.

---

[1]- سعید بدل، سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە 5

[2]- هەمان سەرچاوە، ل7

فەسڵی دووەمی بەشی یەکەم باس لە جووڵانەوە و ڕاپەڕینەکانی کورد لە سەرەتای سەدەی نۆزدەیەمەوە تا شەڕی یەکەمی جیهانی دەکات کە بەکورتی جووڵانەوەکانی بابان و پاشای گەورەی ڕەواندز و ڕاپەڕینی بەدرخان و یەزدانشێر و لەدوای ئەوانەش، شێخ عوبەیدوڵلای نەهری دەگرێتەوە.

لەم بەشەدا لە لاپەرەی 10 کزبوونی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریی عوسمانی بە یەکێك لە هۆکارەکانی پێشێلکردنی ئەو بەڵێنانە دەزانێت کە ئیمپراتۆریی عوسمانی لە گەڵ میرنشینەکانی کورددا مۆری کردبوو. چوونکە ئیمپراتۆریی عوسمانی لەو سەردەمەدا بەتەواوەتی بەرەو کزبوون ڕۆیشتبوو، بۆیە پێویستی بە سەرچاوەی ئابووری و مرۆیی نوێ بوو تاکوو بتوانێ خۆی بپارێزێت. بۆیە رووی لە کوردستان کرد کە هێشتا کەڵکی لێ وەر نەگیرابوو، بۆ ئەم مەبەستە، ناچار بوو هەموو ئەو ئیمتیازاتەی کە بە کوردی دابوو، پێشێڵی بکات. لە لایەکی دیکەوە بە درێژایی ئەم سەدەیە، خاکی کوردستان مەکۆی شەڕی نێوان رووس و تورکەکان (1828-1830)و (1877-1878) و فارس و تورك بوو. ئەم شەڕانەش ببووە هۆی کاولکاریی زۆر لە کوردستان، ئەمەش بوو بە هۆی دژایەتیی کوردەکان لە گەڵ ئیمپراتۆریی عوسمانی بە مەبەستی پاراستنی ئەو ئیمتیازانەی کە پێشتر هەیانبوو و ئێستا کەوتبوونە مەترسییەوە. بۆیە ئەگەر سەرنج بدەن، تەنیا چەند شۆڕشێك نەبێت، هەموو ئەوانەی دیکە لە میرنشینە سەربەخۆکانی وەکوو بابان، سۆران، هەکاری، بادینان و بۆتان دەستی پێکرد، بەڵام هەموویان تووشی شکست بوون.

نووسەری کتێبەکە لە هەمان لاپەڕەدا هۆکارەکانی شکستی شۆڕشەکان بەم شێوەیە پۆلێنبەندی دەکات:

**1- نەبوونی ئەزموونی سیاسی.**
**2- نەبوونی پرۆگرامێکی گشتی و گشتگیر.**
**3- نەبوونی ئیستراتژییەکی سەربازی.**
**4- نەبوونی پشتیوانیی دەرەکی.**
**5- بوونی ناکۆکیی عەشایری کە بە فاکتەری هەرە سەرەکیی شکستی شۆڕشەکان دێتە ئەژمار.**

ئەم یەکنەبوونە بوو بە هۆی ئەوەی کە هەر میرێك بە تەنیایی بێتە گۆڕەپانی شۆڕش و لە کۆتاییدا هەموویان تووشی شکست هاتن. [1]

شەرەفکەندی لەم بەشەدا زۆر بە وردی باس لە شۆڕشەکانی کورد و دەسکەوت و لایەنە باش و نەرێنیەکانی کردووە و زیاتر بە چاوێکی رەخنەگرانەوە سەیری شۆڕشەکانی کوردی کردووە. مەبەستیشی لەم شێوە روانینە ئەوە بووە کە نەوەی داهاتووی کورد، کەموکۆڕییەکانی شۆڕشەکانی پێش خۆیان باش بزانن تاکوو دووبارە ئەم هەڵە گەورانە دووبارە نەکەنەوە.

فەسڵی سێهەمی بەشی یەکەم بۆ بارودۆخی کورد لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیست تەرخان کراوە و باس لەو گۆڕانکارییانە دەکات کە لەسەر دەستی کۆمەڵەی ئیتحاد و تەرەقی هاتنە دی. هەر لەو فەسڵەدا باس لە دامەزرانی یەکەمین ڕێکخراوە نەتەوەییەکانی کورد و دۆخی کورد لە سەردەمی شەڕی یەکەم و دوای شەڕ و ئەو پەیماننامە نێودەوڵەتییانە(سیڤەر و لۆزان) دەکات کە وەکوو یەکێك لە ئەنجامەکانی شەڕ مۆر کران و چارەنووسی کوردیان تێدا دیاری کرا.

لەم بەشەدا باس لە سیاسەتی فریودەرانەی ئیمپراتۆریی عوسمانی بەتایبەتی سولتان عەبدولحەمیدی دووەم (1876-1909) دەکات. ناوبراو لە جلی ئیسلامدا توانیبووی متمانەی کوردەکان بۆ لای خوی رابکێشێت.

---

[1]- سعید بدل، سەرچاوەی پێشوو، ل10

هەروەها بە دانی کۆمەڵێك ئیمتیازی دیکەی وەکوو دانی پلەو پایەی بەرزی ئیداری لە دائیرە حکوومییەکان بە بنەماڵەی بابان، دانی پۆستی سیناتۆر بە شێخ عەبدولقادر کوڕی شێخ عوبەیدوڵلای شەمزینان لە ساڵی 1908 و پاشان دیاریکردنی وەکوو سەرۆکی مەجلیسی سینای عوسمانی و.... توانیبووی متمانەیان بە دەست بێنێت. کوردەکانیش زۆر ساویلکانە ئەو پۆستانەیان وەر دەگرت و پێیان وابوو کە ئەمانە بە هۆی توانایی و لێهاتوویی خۆیان پێیان دراوە. کەچی بە بڕوای نووسەر، مەبەستی سەرەکیی ئیمپراتۆریی عوسمانی لەم کارانە بەکارهێنانی هێزی کورد بۆ پاراستنی دەسەڵاتی خۆی و بەتایبەتی، بەکارهێنانیان بۆ شەڕکردن دژی رووسەکان بوو کە لەگەڵ عوسمانییەکان شەڕیان دەکرد. هەروەها بۆ سەرکوتکردنی نەتەوەکانی ژێردەستی ئیمپراتۆریی عوسمانی کە بۆ گەیشتن بە ئازادی شەڕیان دەکرد، وەکوو ئەرمەنییەکان، عەرەبەکان، ئالبانیاییەکان و تەنانەت خودی کوردەکانیش بەکار دەهێنران. [1]
پێکهێنانی سوپای حەمیدیە لە لایەن سوڵتان عەبدولحەمید لە ساڵی 1890 کە لە کوردەکان پێك هاتبوو، راست لە پێناوی ئەم ئامانجانەدا بوو. سوپای حەمیدیە یەکەمین خزمەتی خۆی بۆ ئیمپراتۆریی عوسمانی بە کوشتوبڕی دەیان هەزار ئەرمەنی لە نێوان ساڵەکانی 1894-1896 دەست پێکرد. پاشان دەستیان کرد بە کوشتنی عەرەبەکان و تەنانەت کوردەکانی دێرسیمیشان سەرکوت کرد. [2]
نووسەر سیاسەتی سولتان عەبدولحەمید بەرامبەر بە کوردەکان بە سیاسەتێکی سەرکەوتوو ناو دەبات و دەڵێت: لەبەر ئەوەی کە ئەم سیاسەتە سیاسەتێکی سەرکەوتوو بوو، پاش شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلا، ئیتر هیچ شۆڕشێکی ئەوتۆ لە لایەن کوردەکانەوە دژی ئیمپراتۆر لەو سەردەمەدا سەری هەڵ نەدا.[3]

بەشی دووەمیش سێ فەسڵی لە خۆ گرتووە کە بەپێی پلەبەندیی نێو کتێبەکە باس لەسەر راپەرینەکان لە ئێران و عێراق و پاشان لە تورکیادا لە خۆ دەگرێت. لەو فەسڵەدا کە بۆ ئێران تەرخان کراوە، بەکورتی و پوختی باس لە ڕاپەڕینەکەی سمایلئاغای شکاك و پاشانیش ئەو وردە ڕاپەڕینانە کراوە لە باشووری کوردستانی ڕۆژهەڵات ڕوویان داوە.
لە فەسڵی دووهەمدا باس لە دامەزراندی وڵاتی عێراق و شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی بەرزنجی و شێخ ئەحمەدی بارزانی دەکات.
فەسڵی سێهەمی بەشی دووهەمی کتێبەکەش لە لاپەڕە 93-99 باس لە دامەزراندنی کۆماری تورکیا و رۆڵی کوردەکان دەکات. هەروەها لە لاپەڕە 99 تا 116 باس لە گرینگترین بزووتنەوەکانی نەتەوەی کورد لە کۆماری تورکیا دەکات کە بەم شێوەی خوارەوە بە پێی کاتی روودانیان پۆلێنبەندیی کردوون.

**1- شێخ سەعیدی پیران.**
**2- خۆیبوون و بزووتنەوەی ئارارات.**
**3- دێرسیم و سەید رەزا.**

بەشێکی ئەم کتێبە لە لاپەڕە 49 تاکوو 58، بۆ باسکردنێکی ورد سەبارەت بە پەیمانی سیڤەر 1920 و پەیمانی لۆزان1923 تەرخان کراوە. دوو پەیماننامە کە رێڕەوی چارەنووسی گەلی کوردیان بە تەواوەتی

[1]- سعید بدل، سەرچاوەی پێشوو، ل30
[2]- هەمان سەرچاوە، ل30
[3]- هەمان سەرچاوە، ل31

گۆڕی، بە چەشنێك کە تاکوو ئێستاش ئاسەوارە نیگەتیڤەکانی لەسەر جەستە و رۆحی گەلی کورد قورسایی دەکات. دوو پەیماننامە کە بوونەتە هۆی ئەنجامدانی دەیان تراژێدیا بەرانبەر بە گەلی کورد و بە سەدان هەزار کوردی کردە قوربانی. بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی بایەخی ئەم دوو پەیماننامەیە بە پێویستمان زانی کە دەقی وەرگێڕاوەکەی بخەینە بەر دیدی خوێنەرانی بەڕێز.

**هەڵسەنگاندنی کتێبەکە:**

ئامانجی سەرەکیی نووسەر لە نووسینی ئەم کتێبە:

**1- خستنەڕووی زانیاریی ورد سەبارەت بە بزووتنەوە و شۆڕشەکانی نەتەوەی کورد.**

**2- سوودوەرگرتن لە ئەزموونەکانی رابردوو.**

**3- هەڵوەشاندنەوە و شیکردنەوەی بزووتنەوەکانی رابردوو، بە مەبەستی دۆزینەوەی راستییەکان.**

**4- ئاگادار بوون و دەرس وەرگرتن لە لایەنە بەهێز و نێگەتیڤەکانی شۆڕشەکانی رابردووی گەلی کورد و گەلانی دیکەی جیهان بە مەبەستی پێشگرتن لە دووبارەبوونەوەی مێژووی ناخۆش بەسەر گەلی کورددا.**

**5- دروستکردتنی خۆشەویستی بەرامبەر بە سەرکردە شەهیدەکانی رابردووی گەلەکەمان.**

- **رێبازی خستنەڕووی رووداوەکان:**

- **نووسەر لەم کتێبەدا هەوڵی داوە کە لە رێبازی بەڵگەیی سوود ببینێ، بۆیە لە چەندین سەرچاوەی جێگای باوەر و متمانە سوودی وەرگرتووە.**

- **لە رووی داڕشتن و زمانەوانی و دیزاینەوە:**
- **بوونی ناوێکی باش و سەرنجڕاکێش کە بە تەواوەتی لەگەل ناوەڕۆکی کتێبەکە یەك دەگرێت و هەر لە سەرەتاوە زانیاری دەخاتە بەردەست خوێنەر.**
- **هەبوونی پەیامێکی روونی فێرکاری و پەروەدەیی.**
- **خۆ دوورخستن لە باسکردنی شتە لاوەکییەکان.**
- **بوونی پێشەکییەکی بەهێز و سەرنجڕاکێش بە مەبەستی هاندانی خوێنەر بۆ خوێندنی کتێبەکە.**
- **ناوەڕۆکەکە ناوەڕۆکێکی تا ئاستێکی زۆر روون، رێکخراو و سادە بوو بە شێوەیەك کە خوێنەر بە ئاسانی دەتوانێ لێی تێ بگات.**
- **روانین و تێبینییەکانی نووسەر لەسەر بنەمایەکی زانستی و ورد خراونەتە روو.**
- **ئاماژە بە زۆر خاڵی گرینك و جیگای بایەخ کراوە.**
- **زۆر بەڵگە و دیکۆمێنت لەم پێوەندییەدا خراوەتە روو.**
- **نووسینەکە هەڵگری روانینەکانی ئێستا و داهاتووی نووسەرە.**
- **ناوەڕۆکەکە بە تەواوەتی یارمەتیی خوینەر دەدات تاکوو لە بابەتەکە تێ بگات.**
- **دابەشکردنی بابەتەکە بۆ سەر چەند فەسڵ و بەشێك بە لەبەرچاوگرتنی کاتی رووداوەکان.**
- **پەیوەست بوونی بابەتەکان بە یەکەوە و پەیوەستبوونیان بە ئامانجی نووسەرەکە.**

**بەڵام ئەوەی کە دەتوانین وەکوو کەم و کۆڕییەکی بنەمایی لەم کتێبەدا ئاماژەی پێ بکەین بریتییە لە:**

- **کتێبەکە ئەنجامگیریی گشتیی بۆ نەکردووە. هەرچەند کە نووسەر مەبەستەکانی خۆی لە ناو کتێبەکەدا باس کردووە، بەڵام دیسانیش دەبوایە کتێبەکە خاوەنی ئەنجامگیری بوایە.**

- له رووی نەخشەسازی و دیزاینەوە شێوازی کلاسیکی هەیە کە هەڵبەت ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ له بەردەستدا نەبوونی پێداویستییەکانی ئەم سەردەمە.

**دووهەم: کتێبی هەڵبژاردەیەک لە وتارەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی**

ئەم کتێبە هەڵبژاردەیەکە لە وتارەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی کە لە نێوان ساڵەکانی 1362-1368ی رۆژی، دروست ئەو کاتەی کە دوکتور سادق بەرپرسی هەردوو دەزگای رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران و رۆژنامەی کوردستانی سەر بە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بوو، لە دوو دەزگایەدا بڵاو کراونەتەوە. ئەم کتێبە بە بۆنەی 10 ساڵەی شەهید بوونی دوکتور سادق شەرەفکەندییەوە لە لایەن کۆمیسۆنی چاپەمەنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانەوە لە سێپتامبری 2002 چاپ و بڵاو بووە.

ئەم کتێبە کە 232 لاپەڕەیە، 43 وتاری دوکتور سادق شەرەفکەندی لە خۆی گرتووە کە 11 لەو وتارانە لە رۆژنامەی کوردستانەوە وەرگیراون و 31 دانەی تر لە ئارشیوی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانەوە وەرگیراون.

لەم کتێبەدا ئەوەی جێگای سەرنج و تێرامانە ئاستی زمانەوانی وتارەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی یە و جیاوازی ئاستی زمانەوانی ئەو وتارانەی کە بۆ رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران بە بەراورد لەگەل ئەوانەی بۆ رۆژنامەی کوردستان نووسراون. لە راستیدا ئەو وتارانەی کە بۆ رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران نووسراون، ئاستی زمانەوانیان نزمترە لە چاو ئەو وتارانەی کە بۆ رۆژنامەی کوردستان نووسراون، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە دوکتور سادق ئەم دوو دەزگایەی بە تەواوتی لێك جیا کردووە، چوونکە پەی بەوە بردبوو کە وەرگر یا خود وەگرانی رۆژنامە جیاوازن لە وەرگرانی رادیۆ. چوونکە خوێنەری رۆژنامە بە گشتی کەسانێکن کە ئاستی رۆشنبیری و خوێندەوارییان بەرزترە لە وەرگرانی رادیۆ.

# پاری سێهەم:
# بەرپرسایەتییە میدیاییەکانی د. سادق شەرەفکەندی

## یەکەم: رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران

الف: مێژووی دامەزرادنی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران
ب: کاتی بڵاوبوونەوەی بەرنامەکانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران
پ: هۆکاری بڵاوبوونەوەی بەرنامە بە سێ زمان
ت: ئەرکەکانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران
ث: ئاستەنگ و هەڕەشەکانی بەردەم رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران
ج: بەرنامەکانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران
چ: سەرچاوەکانی هەواڵ و زانیاری بۆ رادیۆ
ح: قۆناغەکانی گۆاستنەوەی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران
خ: بەرپرسانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران
ذ: ستافی بەشی هەواڵسازی
د: هەیکەلی بەڕێوەبردنی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران
ر: دەستەی نووسەران
ز: ستافی بەشی دەنگهەڵگرتن و مۆنتاژ (تەکنیک)
س: ستافی بەشی تەکنیك
ش: ستافی بەشی کوردیی دیالێکتی کرمانجیی خوارو
ص: ستافی بەشی کوردیی دیالێکتی کرمانجیی سەروو
ض: ستافی بەشی فارسی
ط: سەرچاوەی بەدەستخستنی زانیاری و هەواڵ بۆ رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران
ظ: داهاتی سەرەکیی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران
ع: ژمارەی ستۆدیۆکانی
غ: ماوەی بڵاوبوونەوەی بەرنامەکانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران
ف: کاتی بڵاوبوونەوەی بەرنامەکانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران
ق: فرێکانسی بڵاوبوونەوەی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران
ك : خشتەی رۆژانەی بەرنامەکانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران

## دووهەم: رۆژنامەی کوردستان

الف: مێژووی دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان:
ب: تەکنیکی رۆژنامەوانی لە رۆژنامەکەدا لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد
-پ: لە رووی زمانەوانییەوە
ت: لە رووی ئازادیی دەربڕینەوە
ث: ناوەڕۆکی رۆژنامەی کوردستان لە سەردەمی کۆماردا
ج: لە رووی بڵاوکردنەوەوە
چ: ئامانجەکانی
ح: سەرچاوەکانی هەواڵ
خ: راستیی زانیارییەکان
د: قۆناغی دووهەمی دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان
-ذ: قۆناغی سێهەمی رۆژنامەی کوردستان
ر: قۆناغی چوارەمی رۆژنامەی کوردستان
ز: قۆناغی پێنجەمی دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان
ژ: کۆمەڵێك تایبەتمەندیی رۆژنامەی کوردستان لە دوای قۆناغی پێنجەمەوە
س: رەنگی بوونی لاپەرەکانی رۆژنامەی کوردستان
س: رۆژنامەی کوردستان لە رووی قەوارەوە
ش: دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان بە زمانی فارسی
ص: بەرپرسەکانی رۆژنامەی کوردستان
ض: سەرنووسەرانی رۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی ح. د. ك. ئێران
ط: سەرنووسەرانی رۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی ح. د. ك
ظ: تایبەتمەندییەکانی رۆژنامەی کوردستان لە دوای قۆناغی پێنجەمەوە
١: ئامانجەکانی رۆژنامەی کوردستان
-٢: لە رووی بڵاوکردنەوە:
٣: هۆکارەکانی دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان بە فارسی
٤: سەرچاوەکانی هەواڵ
٥: راستیی زانیارییەکان
٦: پیشەیی بوونی کارگێڕانی رۆژنامەی کوردستان:
٧: پێگەی رۆژنامەی کوردستان لە نێو خەڵکدا
٨: لایەنی گرافیکی رۆژنامەی کوردستان
٩: ئاستەنگەکانی بەردەم رۆژنامەی کوردستان

# یەکەم: رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران

## - الف: مێژووی دامەزرادنی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران:

پاش رووخانی رێژیمی پاشایەتی لە 11-02-1979 ئازادییەکی فراوان لە بواری بڵاوکردنەوە و راگەیاندندا هاتە ئاراوە، بۆیە زۆر بڵاوکراوە دەرکران. لە کوردستانیشدا بە هۆی ئەوەی کە کوردستان لە ژێر دەستی هێزی کوردی و بەتایبەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراندا بوو و جووڵانەوەی نەتەوەیی-دێمۆکراتیکی گەلی کورد بەشێوەیەکی بەهێز سەری هەڵدابوو، هەلومەرجێکی ئاوا هاتە ئاراوە. بوونی هێزی پێشمەرگە لە نێو خەڵکدا و بوونی بارەگا و بنکەکانی پارتە سیاسییە کوردییەکان لە کوردستان، بوو بە هۆی ئەوەی کە لایەنە سیاسییەکان بتوانن بڵاوکراوەکانیان بەشێوەیەکی فراوان بگەیەننە دەستی خەڵك. بەڵام ئەم بارۆدوخە زۆری نەخایاند، چوونکە رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران پاش ئەوەی کە لە ئێراندا لە ساڵی 1979 توانی دەسەڵات بگرێتە دەست:

**یەکەم: دەستی بەسەر راگەیەنەکانی ئێران بە هەر سێ جۆرەکەی واتە بیسترا و بینراو و خوێنراوەکاندا گرت.**

**دووهەم: زانستگاکانی بە تەواوەتی داخست.**

**سێهەم: گۆرانی و مۆسیقا و هونەر بە تەواوەتی بەرتەسك کران.**

**چوارەم: لە کوردستاندا دامو دەزگای ئیداری و فێرکردن و بارهێنان بە کردەوە هەڵوەشێنرانەوە.**

**پێنجەم: سەبارەت بە بزووتنەوەی کوردی، بۆختان درۆ و دەلەسە تا رادەی سیاسەتی فەرمیی حکوومەت چووە پێش.**

**شەشەم: رێژیمی ئێران هەروەها سنوورەکانی کوردستانی بەسەر هەر جۆرە بڵاوکراوەیەکی خۆماڵی و دەرەکیدا داخست[1].**

هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە ئەم رێژیمە تازە بە دەسەڵات گەیشتووە دانی بە مافەکانی گەلی کورددا نەدەنا. هەرچەند کە شاندی کوردی زۆر دانیشتن و وتووێژیان لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی و بەرپرسانی ئەوکاتی رێژیمی ئێران ئەنجام دا، بەڵام هیچ ئاکامێکی نەبوو و خومەینی لە وەڵامی داخوازییەکانی گەلی کورددا کە ئەو کات داوای دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان بوو، وتی:" کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەر بنەمای ئایینی ئیسلام دامەزراوە و لە ئایینی ئیسلامیشدا نەهاتووە کە خودموختاری بە کورد بدرێت."[2] بەڵام کوردەکان پێداگرییان لەسەر مافەکانیان دەکرد تاکوو وای لێ هات خۆمەینی فتوای جیهادی دژی گەلی کورد دەرکرد و هێزەکانی پاسدار هاتنە کوردستان و جارێکی دیکە حیزبی دێموکرات قەدەغە کرا.[3] لێرەدا بوو کە شەڕی سێمانگە[4] لە رۆژی یەکشەممە 19-08-1957 دژی کورد بە بڕیاری

---

[1]- راپۆرتی دیکۆمنتاری تەسویری بە بۆنەی 22 هەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران (ئارشیڤی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران سالی 1381ی رۆژی)

[2]- ژێرار شالیان، سەرچاوەی پێشوو، بەشی بزووتنەوەی کورد پاش شۆرشی ئیسلامی، ل136.

[3]- هەمان سەرچاوە، ل 136

[4]- پاش ئەوەی کە رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هاتە سەر دەسەڵات، زۆربەی گەلانی زۆڵملێکراوی ئێران داخوازییەکانیان خستە بەردەم ئەم رێژیمە، کەچی رێژیمی ئێران بەسەرکوت کردنی ئەم گەلانە سەرجەم داخوازییەکانیشی رەد کردەوە. لەم نێوانەدا تەنیا کوردستان بوو کە بە توندی پێداگریی لە سەر مافە رەواکانی دەکرد، بۆیە کوردستان ببووە کۆسپ لە بەردەم پێکهێنانی دیکتاتوریی ئایینی لە سەرانسەری ئێراندا و دەبوا ئەم کۆسپە لە لایەن دەسەڵاتدارانی ئێرانەوە لا

ئایەتوڵڵا خومەینی[1] ڕێبەری ئەوکاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەڵگیرسا. ئەمەش بوو بە هۆی ئەوەی کە سەرجەم کوردستان لە لایەن هێزەکانی ئێرانەوە گەمارۆ بدرێت و پێش لە بڵاوبوونەوەی هەرچەشنە بڵاوکراوەیەك گیرا. ئەمەش بوو بە هۆی درووستبوونی بیرۆکەی دامەزراندنی دەزگایەك کە بتوانێ ئەم بۆشاییە پڕ بکاتەوە. چوونکە پێش هەڵگیرسانی شەڕی سێ مانگە، ڕۆژنامەی کوردستان کە ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بوو، لە تیراژێکی زۆردا بڵاو دەکرایەوە و بۆ هەموو شارەکانی کوردستان و تارانیش دەنێردرا. بەڵام دوای شەڕی سێ مانگە، جگە لەوەی کە توانای چاپی ژمارەیەکی زۆر و بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی کوردستان لە نێو شارەکاندا نەما، لە ڕاستیدا دەرکردنی ڕۆژنامە بە شێوەی مانگانەش وە زەحمەت کەوت. جگە لەوەش بە هۆی ئەوەی کە زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستانیش نەخوێندەوار بوون، ڕۆژنامە نەیدەتوانی ئەڵقەیەکی باش بۆ پێوەندی لە نێوان حیزب و کۆمەڵانی خەڵکدا بێت.[2]

بۆیە بیرۆکەی دامەزراندنی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران لە لایەن دوکتور قاسملووەوە پێشکەش کرا. بیرۆکەی دامەزراندنی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، لە هەلومەرج و سەردەمی لە دایکبوونیدا، بیرۆکەیەکی زۆر پێشکەوتنخوازانە، زانستییانە، بە لێکدانەوەیەکی عەقڵانی و ڕوو لە داهاتوو بووە. قاسملوو یەکەم جار ئەو بیرۆکە دەخاتە بەر بیر و ڕای ڕێبەرایەتیی حیزب و دوای پەسەند کردنی، ئەو بە هەموو تواناوە هەوڵی دا بۆ دامەزراندنی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران کە بە تەواوی هەست بە پێویستیی مێژوویی دەکرا و لەو سەردەمەدا توانیی بە سەرەتاییترین کەرەستەی تەکنیکی و کەمترین ئیمکاناتی ماددی، ئەو ڕادیۆیە دابمەزرێنێ و دەست بە وەشانی بەرنامەکانی بکات. ئەو بۆ پاراستن و دابینکردنی پێداویستییەکانی ڕادیۆ لە هیچ ئیمکاناتێکی ماددی و مەعنەوی درێغیی نەدەکرد.[3] لە ئەنجامی ئەو هەوڵانەدا بوو کە لە کۆتاییدا د. قاسملوو بە یارمەتیی ئیستوارێکی ئازادیخوازی ئەرتەشی بە ناوی موهەندیس

---

ببرێت. هەر بۆیە پاش کۆبوونەوەی مەجلیسی خیبرەگان لە 1979/08/18 و ڕۆژێك دواتر (واتە1989/08/19) بە دەرکردنی فتوایەك لە لایەن خومەینیەوە شەڕ دژی کورد دەستی پێکرد و شەڕێکی نەخوازراو و ماڵوێرانکەر بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپێنرا. لە ئاکامی ئەم شەڕەدا کە بە "شەڕی سێ مانگە" ناسراوە، سەدان کەس بوون بە قوربانی و بە هەزاران کەسیش ماڵوێران بوون و هەروەها خەڵکێکی زۆر بۆ داکۆکی لە ماف و ئازادییەکانیان هاتنە ریزی بەرگری لە خاك و نیشتمانەکەیانەوە. بڕوانە (کتێبی نیو سەدە تێکۆشان، عەبدوڵڵا حەسەن زادە، بەرگی یەکەم، بەشی شەڕی سێ مانگە، ل161) هەروەها بروانە ڕاگەیەندراوی سێ حیزبی (سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لە بەرواری 17/8/2011 بە بۆنەی 32هەمین ساڵڤەگەڕی هەڵگیرسانی ئەم شەرە.) هەروەها بڕوانە کتێبی (تراژیدیای کورد، ژێرار شالیان، وەرگێڕانی وریا ڕەحمانی، بەشی کوردەکانی ئێران، ل 136، سالی چاپ2010- هەولێر، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی (دهۆك)

[1]- سید روح‌الله مصطفوی موسوی خمینی لە 21 سپتامپر 1902 زایینی لە شاری خومەین لە ئێران لە دایك بوو، ناوبراو یەکەمین ڕێبەری کۆماری ئیسلامیی ئێران بووە کە پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ساڵی 1979، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی دامەزراند و تا کوتایی تەمەنی خۆی ئەو ڕێژیمەی ڕێبەری کرد. ناوبراو یەکێك لە تیئۆریسیەنەکانی سیستەمی ویلایەتی فەقیە لە ئێران بوو. ناوبراو لە ۳ ی ژووئەنی ۱۹۸۹(لە تەمەنی 87 ساڵیدا کوچی دوایی کرد.

[2]- (عەبدوڵڵا حەسەن زادە، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی یەکەم، بەشی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، ل 247.

[3]- وتووێژ ماڵپەڕی کوردستان میدیا لە گەڵ لۆقمان مێهفەر، بەرپرسی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، 2012/06/15)

غولامرەزا خەیاتی کە بە رەگەز تورکی ئازەرییە، سەرەتا لە ڕێگای سیستمی بێتەل لەیەکێك لە دوایین ڕۆژەکانی زستانی ساڵی 1979 وەشانی بەرنامەکانی رادیۆی وە گەڕ خست.[1]

بەڵام ئەو رادیۆیە نەیدەتوانێ وەڵامدەری پێویستییەکانی سەردەم بێت و رووبەری زۆر فراوانی نەدەگرتەوە و لە رووی تەکنیکییەوە زۆر پێشکەوتوو نەبوو و تەنیا لە ناوچەی مەهاباد و دەوروبەری دەبیسترا.[2]

بۆیە لە 1980/06/09 رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران پاش هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر و بە شێوەیەکی باشتر لە ڕێگای ئامێرێکی بێتەل کە لە دەستبەسەرداگرتنی سەربازگەی مەهاباد کەوتبووە دەستی حیزبی دێموکرات و دیسان بە هاوکاریی موهەندیس خەیاتی لە یەکێک لە بەرزاییەکانی "دۆڵی شێخان"ی ناوچەی مەنگوورانی مەهاباد دامەزرا و بەرنامەی تاقیکاریی خۆی دەست پێکرد.[3]

ڕۆژی چوارشەممە 11-06-1980 بە پەیامی رادیۆیی سکرتێری ئەو کاتی حیزبی دێموکرات، شەهید دوکتور قاسملوو، وەشانی ئاسایی رادیۆ دەستی پێکرد. بەڵام بە هۆی گیرو گرفتی تەکنیکی کەس نەیتوانی گوێبیستی ئەو پەیامە بێت. هەر بۆیە رۆژی سێ شەممە 17-06-1980 رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران بە شیوەی فەرمی دەستی بە کار کرد.[4]

### ب: کاتی بڵاوبوونەوەی بەرنامەکانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران:

لە سەرەتادا دەنگی کوردستانی ئێران بەرنامەکانی بۆ ماوەی کاتژمێرێک، واتە 30 خولەک بە زمانی کوردی و 30 خولەک بە زمانی فارسی لە سەر شەپۆلی کورتی 31 میتر،41 میتر دەست پێکرد. پاشان بەرنامەی کوردی بۆ ماوەی کاتژمێرێک درێژ کرایەوە و هاوکاتیش بەرنامەیەکی بە زمانی ئازەری بۆ ماوەی سی خولەک خستە نێو بەرنامەکانی. پاشان دەنگی کوردستانی ئێران وێڕای بە هێز کردنی دەنگەکەی پەرەی بە زیادکردنی شەپۆلەکانیشی دا ولە 75 میتریش بەرنامەکانی دەبیسترا[5].

### پ: هۆکاری بڵاوبوونەوەی بەرنامە بە سێ زمان:

بەو پێیە کە ئێران لە چەندین نەتەوەی جۆراوجۆری وەکوو کورد، فارس، تورک، عەرەب، بەلووچ و... پێك هاتووە و لە رووی پێکهاتەی دانیشتوانەوە بەشێك لە شارە کوردنشینەکان وەکوو ورمێ، نەغەدە، خوێ، ماکوو، سەڵماس،میاندوواو، لە هەردوو نەتەوەی کورد و ئازەری پێك هاتوون، ڕێژیمی ئێران هەوڵی دەدا لەم راستییە بۆ نانەوەی ئاژاوە لە نێوان کورد و ئازەری کەڵك وەر بگرێت و هەروەها نەتەوەی فارسیش دژی

---

[1]- وتووێژی گۆڤاری لڤین لە گەل موهەندیس رەزا خەیاتی، یەکێك لە دامەزرێنەرانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، 13ی تشرینی دووهەمی 2012، ژمارە

[2]- کتێبی مستەفا هیجری، خەبات لە پێناوی ئازادیدا، ئامادەکردن و کۆکردنەوە، لوقمان مێهفەڕ، ساڵی چاپ 2011، بەشی یەکەم، پەیام و وتارەکانی مستەفا هیجری، پەیامی مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێوڕەسمی 25همین ساڵرۆژی دامەزراندنی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران. کۆیە 2005/06/16 ل42.

[3]- وتووێژ لە گەڵ ئەحمەد شێربەگی، یەکێك لە کارمەندانی پێشووی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، 10-11-2012

[4]هەمان سەرچاوە.

[5]- هەمان سەرچاوە.

کوردەکان هان بدات، بۆیە د. عەبدولڕەحمان قاسملوو بوونی ئەم سێ زمانەی بە شتێکی پێویست زانی تاکوو بتوانێ سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئێران دژی کورد لەقاو بدات.[1]

بە کورتی، دەکرێ هۆکاری بڵاوبوونەوەی بەرنامەکانی رادیۆ بە سێ زمانی کوردی، فارسی و تورکی بەم شێوەیە پۆلێنبەندی بکەین:

- بوونی تەبلیغات و پرۆپاگەندە دژی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و بەتایبەتی حیزبی دێموکرات لە لایەن کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە.
- هەوڵدانی ڕێژیم بۆ نائومێد کردنی خەڵك لە سیاسەتەکانی حیزبە کوردییەکان.
- نیشاندانی سیمای کورد وەکوو نەتەوەیەکی بێگانەپەرەست بە خەڵکانی دیکەی ئێران.
- هەوڵەکانی ڕێژیمی ئێران بۆ گەورەتر نیشاندانی سەرکەوتنەکانی بەرانبەر بە بزووتنەوەی کورد.[2]

بێگومان، هەر دەزگایەك کە دادەمەزرێت، بە مەبەستی بەجێ گەیاندنی کۆمەڵێك ئەرك دادەمەزرێ و لەم پێناوەدا هەوڵ دەدات. رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانیش وەکوو دەزگایەکی راگەیاندن بە مەبەستی جێبەجێکردنی کۆمەڵێك ئەرك دامەزرا کە بەم شێوەی خوارەوەن:

**ت: ئەرکەکانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران:**

- گەیاندنی پەیامی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە خەڵکی شار و گوندەکانی کوردستان.
- روونکردنەوەی سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب و ئاگادارکردنەوەی خەڵك لەم سیاسەت و هەڵوێستانە.
- بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی پێوەندیدار بە جووڵانەوەی کورد و خەباتی کادر و پێشمەرگەکان.
- لەقاودانی پیلانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران.
- دروستکردنی پێوەندیی دۆستانە لە نێوان نەتەوەکانی ئێران، وەکوو کورد و ئازەری و فارس.
- پاراستن و پەرەپێدانی زمان و کولتوور و ئەدەبی کوردی.
- هەوڵدان بۆ رۆشنبیرکردنی کۆمەڵانی خەڵك.
- راکێشانی خەڵك بۆ نێو ڕێزەکانی شۆڕش.
- گرینگی پێدان و پشتیوانی کردن لەسەرجەم داوا رەواکانی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بەتایبەتی ژنان و لاوان.
- نیشاندانی سەرکەوتنەکان و شکستەکانی بزووتنەوەی کورد.
- گەیاندنی پەیامی هەقخوازانەی جووڵانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بە سەرجەم ئێرانییەکان.[1]

---

[1]- راپۆرتی دیکۆمنتاری تەسویری بە بۆنەی 22هەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و یەکەم بێژەری رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران. (ئارشیڤی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ساڵی 1381ی رۆژی)

[2]- هەمان سەرچاوە.

هەموو دەزگایەك وەکوو لە شیکردنەوەی SWOT دا هاتووە، کۆمەڵێك ئاستەنگ و کەموکۆڕیی هەیە کە رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانیش لە کەمو کۆڕی بێبەش نییە. ئەوانیش بەم شێوەیەی خوارەوەن:

### ث: ئاستەنگ و هەڕەشەکانی بەردەم رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران:

- بوونی پارازیتی توند بۆ سەر رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران.
- نەبوونی کادری پێشکەوتوو و پرۆفیشناڵ.
- نەبوونی پێشکەوتن لە بواری تەکنیکەوە.
- لاواز بوونی لایەنی دارایی.
- نەبوونی ئەمنیەت.
- هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ سەر رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران بەشێوەیەکی بەردەوام.[2]

### ج: بەرنامەکانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران:

ناوەڕۆکی بەرنامەکان:

لە سەرەتادا بەرنامەکانی دەنگی کوردستانی ئێران لە رووی بەرنامەیەکی دیاریکراوەوە نەبوو. وتار و هەواڵ بوو. پاشان هێدیهێدی ئەزموونی پەیدا کرد و بەرنامەکانی بە شێوەیەکی ڕێكوپێکتر بەڕێوە برد. ئەویش بە پێشکەشکردنی رۆژانەی وتاری سیاسی و بەشی هەواڵەکان لە دەنگی کوردستانی ئێران، جگە لە رۆژانی هەینی بوو کە بۆ وەڵامدانەوەی " نامەی گوێگرەکان "تەرخان کرابوو[3]:

### چ: سەرچاوەکانی هەواڵ و زانیاری بۆ رادیۆ:

دیارە سەرچاوەی هەواڵەکان کە دەگەیشتنە دەنگی کوردستانی ئێران، کۆمیتەکانی حیزبی لە سەرتاسەری کوردستان بوون. هەواڵەکان لە ڕێگای بێتەلەوە بۆ دەنگی کوردستان بەڕێ دەکران. بۆ ئەم مەبەستەش لە لایەن نەمر کاك تەها عەتیقی، کارگێڕی بە توانای دەنگی کوردستانی ئێرانەوە خولێکی تایبەتی بۆ نێردراوانی کۆمیتەکانی حیزبی دانرا. جێگای ئاماژەیە کە شەهیدی نەمر، دوکتور شەرەفکەندی وەسواسێکی یەکجار زۆری لە بەشی هەواڵەکاندا هەبوو، بۆیە بە جیددی بە دواداچوونی بۆ دەکرد. زۆر بە دەگمەن وهەڵکەوتووە کە هەواڵێک بە هەڵە لە رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران بڵاو بکرێتەوە. ئەگەریش هەڵەیەکی وا رووی دابێت،، هەر ئەو رۆژە هەڵەکە راست کراوەتەوە و داوای لێبووردن لە گوێگرەکان کراوە. هەر بۆیەش دەنگی کوردستانی ئێران تا دەهات، زیاتر متمانەی گوێگرەکانی بەدەست دەهێنا.[4]

---

[1]- راپۆرتی دیکۆمنتاری تەسویری بە بۆنەی 22هەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران. (ئارشیڤی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ساڵی 1381ی رۆژی)

[2]- راپۆرتی دیکۆمنتاری تەسویری بە بۆنەی 22هەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، بابا عەلی مێهرپەروەر، (ئارشیڤی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران ساڵی 1381ی رۆژی)

بابا عەلی مێهرپەروەر

[3]- وتووێژ لە گەڵ ئەحمەد شێربەگی، یەکێك لە کارمەندانی پێشووی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، 10-11-2012

[4]- هەمان سەرچاوە.

له كاتی دامەزراندنی رادیۆ دەنگی كوردستانی ئێراندا، هیچ رادیۆیەكی وا نەبوو یا خود زۆر كەم بوون، بۆیە رادیۆ دەنگی كوردستانی ئێران رۆڵێكی بەرچاوی لە گەیاندنی هەواڵ و زانیاریدا هەبوو و جەماوەرێكی زۆری لە دەوری خۆی كۆ كردبوو و ببوو بە سەرچاوەیەكی سەرەكیی گەیاندنی هەواڵ و زانیاری بە خەڵكی ئێران بەگشتی و خەڵكی كوردستان بەتایبەتی.

## ح: قۆناغەكانی گۆاستنەوەی رادیۆ دەنگی كوردستانی ئێران:

رادیۆ دەنگی كوردستانی ئێران لەسەرەتای دامەزراندنیەوە تاكوو ئێستا، واتە لە ماوەی ئەم 32 ساڵەدا كە دامەزراوە، بە هۆی ئەوەی كە بەردەوام لە ژێر هێرشی ئاسمانی و سەربازیی هێزەكانی كۆماری ئیسلامیی ئێراندا بووە، و 29 جار بە شێوەیەكی زۆر توند كەوتووتە بە هێرشی ئاسمانی كۆماری ئیسلامی ئێران،18 جار جێگای گۆڕیوە [1] كە بەشێكیان بەم شێوەی خوارەوەیە:

1- سەرەتا لە 1980/06/09 رادیۆ دەنگی كوردستانی ئێران لە یەكێك لە بەرزاییەكانی "دۆڵی شێخان"ی ناوچەی مەنگووڕانی مەهاباد دامەزرا و بەرنامەی تاقیكاریی خۆی دەست پێ كرد.

2- یەكشەممە 20ی ژووئەن (6) 1982 لە 'دۆڵی شێخان"ی ناوچەی مەنگوڕان گوازرایەوە بۆ "دۆڵی ئاڵی مەڕان" لە ناوچەی سەردەشت.[2]

3- رۆژی هەینی 13ی ئووت (8) 1982 لە "دۆڵی ئاڵی مەڕان"ی ناوچەی سەردەشت گوازرایەوە بۆ دووئاوی دۆڵەتوو".[3]

4- رۆژی پێنجشەممە 21ی ئۆكتۆبر (10) 1982 تاكوو رێكەوتی شەممە 6ی نۆڤامبر (11) 1982 لە گوندی چۆڵكراوی "سونێ"ی نزیكی سنوور جێگیر بوو. [4]

5- لە رێكەوتی شەممە 6ی نۆڤامبر (11) 1982 لە گوندی چۆڵكراوی "سونێ" گوازرایەوە بۆ گوندی "دوولكان"ی ناوچەی ئالانی سەردەشت. [5]

6- لە رێكەوتی پێنجشەممە 2ی ژووئەنی (6) 1983 رادیۆ دەنگی كوردستانی ئێران گوازرایەوە بۆ "بەری نۆڕی" هەر لە ناوچەی ئالانی سەردەشت لە نزیك گوندی مەزناوێ.[6]

7- لە رێكەوتی سێشەممە 25ی ئۆكتۆبری (10) 1983 گوازرایەوە بۆ ئەو دیوی سنووری كوردستانی ئێران و لە شوێنێك بە ناوی گەلاڵە' لە ناوچەی شینكایەتی جێگیر بوو. [7]

8- رۆژی پێنجشەممە 5ی ئاڤریل (4) 1984 بەرەو گوندی كاولكراوی "گاورێ دێ" هەڵكەوتوو لە ناوچەی شینكایەتی لە كوردستانی عێراق گوازرایەوە.[8]

---

[1]- وتوێژ لەگەل موهەندیس رەزا خەیاتی، كۆیە 25-3-2013.

[2]- وتووێژ لە گەڵ ئەحمەد شێربەگی، یەكێك لە كارمەندانی رادیۆ دەنگی كوردستانی ئێران، 10-11-2012

[3]- هەمان سەرچاوە.

[4]- هەمان سەرچاوە.

[5]- هەمان سەرچاوە.

[6]- هەمان سەرچاوە.

[7]- هەمان سەرچاوە..

[8]- هەمان سەرچاوە.

9- له ڕێکەوتی یەکشەممە 13ی دیسامبری (12) 1987 ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران گوازرایەوە بۆ گوندی چۆڵکراوی "بۆڵێ"ی دۆڵی شەهیدان لە بناری قەندیل.[1]

10- لە ڕۆژی شەممە 12ی مارس (3) 1993 ڕادیۆ گوازرایەوە بۆ هاوینەهەواری بەنداوی "دووکان" کە بنکەیەکی حیزبی سۆسیالیستی باکووری کوردستانی لێ جیگیر بوو.[2]

11- ڕۆژی سێشەممە 19ی جوولای (7) 1993 ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران گوازرایەوە شاری کۆیە و لە دەشتی کاکێ لە قەلای ویرانەی کۆیە جێگیر کرا.[3]

پاش ئەوەی کە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران گوازرایەوە بۆ شاری کۆیە، لە زستانی ساڵی 1995 پاش داخستنێکی 3 ڕۆژە[4] سەرەنجام ڕۆژی شەممە 18ی مارسی(3) 1995 دەستەیەك پێشمەرگەی یەکێیتی نیشتمانیی کوردستان لەسەر داوای کۆنەپەرەستیی فەرمانڕەوا لە ئێراندا بنکەی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانیان داگیر کرد و پێشیان بە بڵاوبوونەوەی بەرنامەکانی ڕادیۆ گرت.[5]

12- پاش ئەم ڕووداوە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران بۆ ماوەی 5 مانگ لە وەشان ڕاوەستا تاکوو ڕۆژی چوارشەممە 16ی ئووت (8) 1995 ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران گوازرایەوە بۆ ناو شاری کەرکووك و لەوێ دەستی بە وەشانی بەرنامەکانی خۆی کرد.[6]

13- ساڵی 1997 ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران لە ناو شاری کەرکووك گوازرایەوە بۆ ناوچەی تورکەلانی ئەم شارە تاکوو ساڵی 2002.[7]

14- ساڵی 2003 ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران گوازرایەوە بۆ گوندی مەلا عەبدوڵڵا لە سەر ڕێگای حەویجە لە کەرکووك.[8]

15- پاش ڕووخانی ڕێژیمی بەعس لە ساڵی 2003 ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران جارێکی دیکە گوازرایەوە بۆ شاری کۆیە و لە نزیك قەلای کۆیە جێگیر کرا.[9]

لە ساڵی 2003 تاکوو ئێستا ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران لە نزیك قەلای شاری کۆیە سەر بە پارێزگای هەولێر جێگیر بووە و هەموو ڕۆژێك بۆ ماوەی 2 کاتژمێر بەرنامەکانی خۆی بڵاو دەکاتەوە.

---

[1]- وتوویژ لە گەڵ ئەحمەد شێربەگی، یەکێك لە کارمەندانی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، 10-11-2012

[2]- هەمان سەرچاوە.

[3]- هەمان سەرچاوە.

[4]- هەمان سەرچاوە.

[5]- عەبدوڵڵا حەسەن زادە، سەرچاوەی پێشوو، بەرگی یەکەم، بەشی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، ل 250-251، ئووتی 1995.

[6]- وتوویژ لەگەڵ نوورەدین سوفی زادە، ئەندامی کۆمیسیۆنی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران. کۆیە، 2012/11/26

[7]- هەمان سەرچاوە.

[8]- هەمان سەرچاوە.

[9]- هەمان سەرچاوە.

### خ: بەرپرسانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران:

بەرپرسانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران لە سەرەتاوە تا ئێستا بەشێوەی زنجیرەیی و یەک لە دوای یەک، ئەم کەسانەی خوارەوە بوونە:[1]

| ناوی بەرپرس | ماوەی بەرپرسایەتی |
|---|---|
| دوکتور عەبدولرەحمان قاسملوو | [2]1983-1979 |
| 3- د. سادق شەرەفکەندی | 1989-1983 |
| 4- حەسەن شەرەفی | [3]2000-1989 |
| 5- بابا عەلی مێهرپەروەر | 2002-2000 |
| 6- عوسمان رەحیمی | 2004-2002 |
| 7- عومەر باڵەکی | 2006-2004 |
| 8- کەریم پەرویزی | 2008-2006 |
| 9- لۆقمان مێهفەڕ | 2008-2012 |
| 10- شاهۆ فەرازمەند | لە ساڵی 2012 دا بووە بەرپرسی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران |

### د: هەیکەلی بەڕێوەبردنی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران:[4]

| | |
|---|---|
| بەرپرسی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران | شاهۆ فەرازمەند. |
| بەرپرسی بەشی ئیداری | نوورەدین سۆفیزادە |
| بەرپرسی بەشی دەرهێنان | سیامەند تەربی |
| بەرپرسی بەشی تەکنیکی | موهەندیس رەزا خەیاتی |
| بەرپرسی بەشی دەنگهەڵگرتن | چەنگیز سیگارچی |

### ذ: ستافی بەشی هەواڵسازی:[5]

- نوورەدین سۆفیزادە.
- سیامەند تەربی.
- شەماڵ تەرغیبی.
- سمایل مەعرووفی.

---

[1]- وتووێژ لە گەڵ نوورەدین سۆفیزادە، کۆیە، 2012-11/26

[2]- وتوێژ لەگەل موهەندیس رەزا خەیاتی، کۆیە 25-3-2013.

[3]- هەمان سەرچاوە.

[4]- هەمان سەرچاوە.

[5]- وتووێژ لە گەڵ نوورەدین سۆفیزادە، کۆیە، 2012-11/26

**ر: دەستەی نووسەران:**[1]

- شاهۆ فەرازمەند.
- نوورەدین سۆفیزادە.
- سیامەند تەربی.
- شەماڵ تەرغیبی.
- سمایل مەعرووفی

**ز: ستافی بەشی دەنگهەڵگرتن و مۆنتاژ (تەکنیک):**[2]

- موهاجر کوردنژاد
- فارۆق سوڵتانی
- فەرهاد ئەمینی

**س: ستافی بەشی تەکنیک:**[3]

- رەسووڵ قۆرخی.
- چەکۆ ئەحمەدی
- ئەبووبەکر

**ش: ستافی بەشی کوردیی دیالێکتی کرمانجیی خواروو:**[4]

- سەفیە مەحموودی.
- شەماڵ تەرغیبی.
- سمایل مەعرووفی.

ص: **ستافی بەشی کوردیی دیالێکتی کرمانجیی سەروو** :[5]

- - نوورەدین سۆفیزادە.
- سیامەند تەربی.

[1]- وتووێژ لە گەڵ نوورەدین سۆفیزادە، کۆیە، 2012-11/26.
[2]-وتووێژ لەگەڵ موهاجر کوردنهژاد، هەولێر، 2012/12/3.
[3]- هەمان سەرچاوە.
[4]- وتووێژ لەگەڵ نوورەدین سۆفیزادە، کۆیە، 2012-11/26.
[5]- هەمان سەرچاوە.

**ض: ستافی بەشی فارسی:**[1]

- زوبەیدە عەلیپوور.

لەیلا محەممەدی.

چەنگیز سیگارچی.

**ط: سەرچاوەی بەدەستخستنی زانیاری و هەواڵ بۆ رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران:**[2]

- ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران (WWW.Kurdistanmedia.com)

- ئاژانسی کوردپا www.kurdpa.net

- بیبیسی، بەشی فارسی. B.B.C و زۆر ماڵپەڕی دیکەی کوردی و فارسی.

**ظ: داهاتی سەرەکیی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران:** [3]

- حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانە.
- هەروەها زۆر جاریش خەڵکی نیشتمانپەروەری کوردستان یارمەتیی ماڵیی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران دەکەن.

**ع: ژمارەی ستۆدیۆکانی:**[4]

- 2 ستۆدیۆی هەیە.
- ستۆدیۆی ژمارە یەك، بۆ بەشی کوردی.[5]

- ستۆدیۆی ژمارە دوو، بۆ بەشی فارسی.[6]

**غ: ماوەی بڵاوبوونەوەی بەرنامەکانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران:**[7]

- لە 24 کاتژمێردا بەرنامەی ئامادەکراو 2 کاتژمێرە.

---

[1]- وتوویژ لەگەڵ نوورەدین سۆفیزادە، کۆیە، 2012-11/26.
[2]- هەمان سەرچاوە.
[3]- وتوویژ لەگەڵ سیامەند تەربی، کۆیە، 2012/11/29
[4]- هەمان سەرچاوە.
[5]- وتوویژ لە گەڵ موهاجر کوردنژاد، هەولێر، 2012/12/3.
[6]- هەمان سەرچاوە.
[7]- وتوویژ لە گەڵ نوورەدین سۆفیزادە، کۆیە، 2012-11/26.

### ف: کاتی بڵابوونەوەی بەرنامەکانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران:[1]

- هەموو رۆژێك بەرنامەکانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران کاتژمێر 16 بە کاتی تاران بڵاو دەبنەوە و دووبارەبوونەوەی 7:30 بەیانی بە کاتی تارانە.

### ق: فرێکانسی بڵاوبوونەوەی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران:[2]

رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران لە سەر فرێکانسی 60m بەرامبەر بە 4860 کیلۆهێرتز بە کیلۆ هێرتز و 75m بەرامبەر بە 3975 کیلۆهێرتز و هەروەها لەسەر تیشكتیڤی لەسەر فرێکانسی 11585 مێگاهێرتز لەسەر مانگی دەستکردی هاتبێرد 13 بەرنامەکانی بڵاو دەکاتەوە.

- تێبینی: رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران هیچ پەیامنێرێکی نییە.[3]
- سەرجەم کارمەندانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران 19 کەسن کە بەم شێوەیەی خوارەوەن:[4]
- بەرپرسی گشتی، یەك کەس.
- کارمەندانی بەشی دیالێکتی کرمانجیی خواروو 3 کەس.
- کارمەندانی بەشی دیالکێتی کرمانجیی سەروو 3 کەس.
- کارمەندانی بەشی فارسی 3 کەس.
- کارمەندانی بەشی دەنگهەڵگرتن 3 کەس.
- کارمەندانی بەشی فرستەندە 6 کەس.
- بەشی ئینترنێت 1 کەس.

---

[1]- وتووێژ لە گەڵ نوورەدین سۆفیزادە، کۆیە، 2012-11/26.

[2]- هەمان سەرچاوە.

[3]- هەمان سەرچاوە.

[4]- وتووێژ لە گەڵ موهاجر کوردنژاد، هەولێر، 2012/12/3.

## ک : خشتەی رۆژانەی بەرنامەکانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران

| ناوی بەرنامەکان | ئامادەکار | پێشکەشکار | ماوەی بڵاوبوون | رۆژی بڵاوبوونەوەی | ناوەرۆک |
|---|---|---|---|---|---|
| چەند چرکەیەك لە مێژوو | شەهاب خالیدی[1] | سیامەند تەربی[2] | 3 خولەك[3] | رۆژانە | بەرنامەیەکی مێژووییە |
| شرۆڤەی رووداو | نوورەدین سۆفی زادە | نوورەدین سۆفی زادە | 20 خولەك | رۆژانی شەممە | بەرنامەیەکی سیاسییە |
| بەرنامەی دەنگی خوێندکار | سەربەست ئوورمیە[4] | سەربەست ئوورمیە[5] | 20 خولەك | یەکشەممە | بەرنامەیەکی تایبەتە بە توێژی خوێندکار |
| بەرنامەی لاوان | ئیبراهیم | ئیبراهیم | 20 خولەك | دووشەممە | بەرنامەیەکی تایبەتە بە لاوان |
| بەرنامەی ژنان | سەفیە مەحموودی | سەفیە مەحموودی | 20 خولەك | سێ شەمەە | بەرنامەیەکی تایبەتە بە ژنان |
| کۆلکە زێڕینە | سیامەند تەربی | سیامەند تربی | 20 خولەك | چوارشەممە | بەرنامەیەکی ئەدەبییە. |
| کاروانی شەهیدان | 1- شەماڵ تەرغیبی<br>2-نوورەدین سۆفی زادە، سیامەند تەربی | - شەماڵ تەرغیبی<br>2-نوورەدین سۆفی زادە.<br>3- سیامەند تەربی. | 20 خولەك | پێنج شەممە | بەرنامەیەکی تایبەت بە شەهیدانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانە. |
| ئێمە و گوێگرەکان | 1-چەنگیز سیگارچی.<br>2- سیامەند تەربی. | -چەنگیز سیگارچی. 2- سیامەند تەربی. | 40 خولەك | هەینی | بۆ وەڵامدانەوەی ئیمەیل و داخوازییەکان. |
| مافی مرۆڤ | 1-چەنگیز سیگارچی.<br>2- سیامەند تەربی. | 1-چەنگیز سیگارچی.<br>2- سیامەند تەربی | 20 خولەك | هەینی | بەرنامەیەکی تایبەتە بۆ پێشلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران و کوردستاندا. |
| گەشتێك لە نێو شیعری کوردیدا | 1-چەنگیز سیگارچی.<br>2- سیامەند تەربی. | 1-چەنگیز سیگارچی. 2- سیامەند تەربی. | 6 خولەك | هەینی | ئەدەبییە. |

[1]- وتووێژ لە گەڵ موهاجر کوردنژاد، هەولێر، 2012/12/3.
[2]- هەمان سەرچاوە.
[3]- هەمان سەرچاوە.
[4]- هەمان سەرچاوە.
[5]- هەمان سەرچاوە.

# دووهەم: ڕۆژنامەی کوردستان

**الف: مێژووی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان:**

پاش ئەوەی کە حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە بەرواری 22-01-1946 کۆماری کوردستانی لە شاری مەهاباد بە پێشەوایی قازی محەممەد ڕایگەیاند و یەکەمین حکوومەتی کوردی لە مێژووی سەدان ساڵەی کورددا بەشێوەیەکی فەرمی پێك هات ، هەرچەند کە تەمەنی ئەم حکوومەتە زۆری نەخایاند و پاش 11 مانگ بە هۆی کۆمەڵێك فاکتەری دەرەکی و ناوخۆیی کۆتایی بە تەمەنی هات، بەڵام سەرەڕای ئەوەش، ئەم کۆمارە جوانەمەرگە لەو ماوە کەمەشدا کۆمەڵێك دەسکەوتی باشی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری و ... هەبوو.

یەکێك لە کارە گرینگ و پڕبایەخەکانی کۆماری دێمۆکراتیکی کوردستان، لە ڕووی ڕۆشنبیری و کولتوورییەوە دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردستان بوو کە هەوڵدانێکی سەرکەوتوو بوو و بناغەدانانێك بوو بۆ ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانەی کوردی کە زەحمەتێکی زۆر و تواناییەکی مادی و مەعنەویی زۆری پێویستە. کوردستان لە دونیای ڕۆژنامەگەریی کوردیدا خاڵی وەرچەرخانێکی تازە بوو و سەلماندی کە ئەگەر نووسەر و ڕۆژنامەنووسی کورد، پێداویستییەکانی بۆ دەستەبەر بکرێ، دەتوانێ داهێنان بکات، لەگەڵ هەموو کەم و کورتییەکانیشدا ڕۆژنامەی کوردستان وەکوو زمانحاڵی حکوومەت و ئۆرگان یان بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، هەنگاوێکی مەزن بوو.[1]

یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان، بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، لە 10ی ژانویەی 1946دا دەرچوو، کە بە هەموویەوە 114 ژمارەی لێ چاپ کرا.[2] بەڵام ژمارەی 114 هەر لە چاپخانەکەدا مایەوە و نەچووە دەرەوەی چاپخانە تاکوو بگاتە دەستی خەڵك، چوونکە ئەرتەشی ئێران هات و مەهابادی داگیر کرد و دەستی بە سەر چاپخانەکەدا گرت و هەموویانی سووتاند.[3] تاکوو ئێستا 92 ژمارەی لێ دۆزراوەتەوە.[4]

کوردستان سەرەتا وەکوو ڕۆژنامەیەکی ڕۆژانە دەرچووە، بەڵام بە هۆی گۆڕانی هەلومەرج بەر لەوەی مۆمی دووهەمین ساڵی تەمەنی خۆی داگیرسێنێ، نەیتوانی درێژە بە تێکۆشانی خۆی بدات و بۆ ماوەیەکی زۆر بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ بێجگە لەم 42 ساڵەی دواییدا لە تاراوگە و بەشێوەی 2 حەوتووانە و مانگانە دەرچووە.

گۆڤاری گەلاوێژ بە بۆنەی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان نووسیویەتی: کوردستان ڕۆژنامەیەکی کوردییە، بە شێوەی موکری، بە زمانی کوردی ڕۆژێ نە ڕۆژی لە شاری مەهاباد بە سوورەتێکی ڕەسمی دەرئەچێت. ئێمە بۆ پۆستە تا ئێستا 7 ژمارەمان وەرگرتووە. باس و خواستی ئەم ڕۆژنامەیە چۆنیەتیی کردەوەی کوردەکان و هەڵسووڕانیان، کۆبوونەوەیان بۆ کردنەوەی چاپخانەی کوردستان، نووسینی باسی زانایانی

---

[1]- د. هیمداد حوسین، سەرچاوەی پێشوو، فەسڵی دووهەم، ڕۆژنامەی کوردستان، ل82

[2]- چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادیدا، د. عەبدولڕەحمان قاسملوو، ، فەسڵی دووهەم، کار و کردەوەی کۆمار ، بەرگی یەکەم، چاپی دووهەم 1988، ل72

[3]- موستەفا مەعرووفی، مامۆستای زانکۆ، سیمیناری 67مین ساڵیادی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان، کوردکاناڵ

[4]- عارف نادری، ڕۆڵی ڕۆژنامەی کوردستان لە پرۆسەی خەملێنی شۆناسی نەتەوایەتیی کورددا، www.Kurdistanmedia.com

کورد، وەرگرتنی دەنگوباسی دەرەوە، بە هۆی ڕۆیتەرەوە، ئامانجی قەومی، وتار و کۆبوونەوە بۆ هاندانی خەڵك بۆ کردنە باوی خوێندنی کوردی و گەلێك شتیتره.[1]

لە ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی کوردستان و لە بەشی سەرەوەدا نووسرابوو، (بە ناوی خوای بەخشەندە و میهربان) و لە خوارەوەی ڕۆژنامەکەش نووسرابوو: (بڵاوکەرەوەی بیرەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان).[2]

سەید محەممەد حەمیدی سەرنووسەری ڕۆژنامە،[3] لە ژێر ناوی ئامانجی ئێمە لە یەکەمین ژمارەدا نووسیویەتی: ( لەم کاتەدا کە نیشتمانی کوردستان زیاتر لە هەر کاتێك پێویستیی بە گیانفیدایی ڕۆڵەکانی خۆیەتی، لەم سەردەمەدا کە گەلانی جیهان بۆ پاراستن و بەدەستخستنی ئازادیی خۆیان و بەدەستخستنی ئامرازەکانی پێشکەوتنی هاوڵاتیانی خۆیان هەوڵ دەدەن، لەم قۆناغەدا کە هەموو گەلانی جیهان جگە لە ئازادی و سەرکەوتنی نیشتمانیان، هیچ ئامانجێکی دیکەیان نییە و شەو و ڕۆژ بۆ گەیشتن بۆ ئەم ئامانجە هەوڵ دەدەن، ئێمە بە چییەوە سەرقاڵین و ئامانجی ئێمە چییە؟

پاش چەندین ساڵ ئاوارەبوون و خەم و ئێش و زیندان و ئەشکەنجەی زۆر و قوڕبەسەری و چارەڕەشی، و پاش ئەوەی کە بە ئیشارەتی دۆژمنان بە ناوی مەنگووڕ و مامەش و زەڕزا و دێبوکری و گەورك و گەڵباغی و... کەوتبووینە گیان و ماڵی یەکتر، خوێنی یەکترمان دەمژی و دەمانڕشت و بۆ قازانجی شەخسیی خۆمان هیچ شتێکمان بۆ نەدەمایەوە بەرچاو و هەر خەریك بووین دووبەرەکی و تەفرەقە بخەینە ناو یەکتر... لە بیری هاونیشتمانانی خۆماندا نەبووین و... پیاوە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان یان کوژران و یان لە شیراز و تاران و خۆراساندا بەند کرابوون، ئێستا لە کوردستاندا ناوی مەنگووڕ و مامەش و زەڕزا و دێبوکری و هەر پیتێك کە بۆنی جودایی لێ بێت، ناگوترێت. هەموو بە یەك دەنگ دەڵێین ئێمە کوردین و کوردمان دەوێت. ئیمڕۆ سەرکزیمان بە سەربڵیندی و هەژاریمان بە دەوڵەمەندی و دووبەرەکیمان بە یەکێتی گۆڕیوەتەوە. هاونیشتمانان بە چاوێك تەماشا دەکەین و هەموومان بۆ میللەت کار دەکەین و بە زمانی شیرینی کوردی دەخوێنین، ئەخلاقی ناپەسەندمان گۆڕی بۆ ئەخلاقی جوان.

ئێمە کە چاوەڕوانی هەبوونی چاپخانەمان نەبوو، ئەمڕۆکانە بە یارمەتیی خوای گەورە ڕۆژنامەی کوردستان دەرچوو و یەکەمین ژمارەی بڵاو کرایەوە. ئەم بڵاوکراوەیە کە لە لایەن حیزبی دێمۆکراتی کوردستانەوە بڵاو دەبێتەوە، دەیەوێت قەڵایەکی ئاسنین لە ئیتیحاد و برایەتی بێنێتە بەرهەم کە بناغەی بە زانست و هونەر و لەشساغی دانرابێت و بتوانێت لەگەڵ سێڵاوی دووبەرەکی و بێدینی و هەموو جۆرە ڕەوشتێك کە بۆ سەربەستی زەرەری هەبێت، بەربەرەکانێ بکات.) [4]

---

[1]- - د. هیمداد حوسێن، سەرچاوەی ، ل83.

[2]- نوشیروان مصطفی امین حکومت کوردستان، وەرگێڕان بۆ فارسی، سمایل بەختیاری، فصل چهارم، روزنامه کوردستان، ل168، چاپخانەی شڤان، 2005

[3]( هەرچەند کە بەشێوەیەکی ڕەسمی نەنووسراوە کە سەید محەممەدی حەمیدی سەرنووسەری ڕۆژنامەکە بووە بەڵام هەروەکوو لە ڕیپۆرتاژێکی ڕۆژنامەکەدا کە بە بۆنەی جەژنی سەربەخۆیی و ناساندنی سەرۆك کۆمار لە ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردستان و ئیدارەی چاپخانەدا بڵاوکراوەتەوە دەڵێت: ( خیتابی سەید محەممەدی حەمیدی، مودیر و سەردەبیری ڕۆژنامە و گۆواری کوردستان) بڕوانە (ڕۆژنامەنووسیی کوردیی سەردەمی کۆماری کوردستان، 1942-1947، د. هیمداد حوسێن، فەسڵی دووهەم، ڕۆژنامەی کوردستان، ل84، چاپخانەی سەردەم. سلێمانی، 2002)

[4]- نوشیروان مصطفی امین، سەرچاوەی پێشوو، ل168- 169.

هەرچەند کە ناوی دەستەی نووسەران نەنووسراوە، بەڵام لە ڕێگەی ئەم ریپۆرتاژەوە دەردەکەوێ هاشم خەلیلزادە لە دەستەی نووسەران و بەپێی هێندێك پرسیار و سوراغیش دەزانین کە هێمن و زەبیحی و مەلا قادری مودەڕیسی و عەلی خوسرەویش لە دەستەی نووسەران بوون).[1]

سەید محەممەد حەمیدی لە چالاکترین نووسەرانی ڕۆژنامەکە بوو کە جگە لە چەندین سەروتار و وتووێژی سیاسی سەبارەت بە پرسی ڕۆژ، زنجیرە راپۆرتی درێژ سەبارەت بە بزووتنەوەی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان و وەرگێرانی کوردەکان لە سەرەتای مێژوو تاکوو ساڵی 1920 لە زمانی فارسی و وەرگێرانی چارەنووسی ئاراراتی ڕۆژنامەی کووهستانی چاپی تاران و زانایانی کوردی چاپ کردووە کە چارەنووسی ئارارات زانیاریی ورد سەبارەت بە شۆڕشی ئاگری لە خو دەگرێت.[2]

حەسەن قزڵجی، هێمن، هەژار، هاشم خەلیلزادە، ڕەسووڵ میکائیلی، دڵشاد ڕەسووڵی و ئیبراهیم نادری لە نووسەرانی دیاری ئەم ڕۆژنامەیە بوون. جگە لەوانە چەندین کەسی دیکەی وەکوو قادر مودەڕیسی، محەممەد مجدی، مەلا محەممەد ئەیووبی، عەلی خوسرەوی، عزیز مەولەوی،عەبدولڕەحمان ئیمامی، محەممەد شاپەسەندی، سەید محەممەد تەهازادە، عەبدولڕەحمان زەبیحی، ئەحمەد ئیلاهی، عەبدولڕەحمان سالار، سەید عەبدولقادر سیادەت، قاسم ئوتمیشی، عەبدولقادر دەباغی، محەممەد یاهوو و محەممەد قادری وتار و بابەتی جۆراوجۆریان نووسیوە.[3]

لە ڕۆژنامەی کوردستاندا ژنانیش بێبەش نەبوونە، سەرەڕای دواکەوتوویی بارودۆخ لەو سەردەمەدا کە زۆربەی زۆری پیاوەکان نەخوێندەوار بوون، چ بگاتە ژنان، بەڵام سەرەڕای ئەوەش ژمارەیەك لە ژنان بۆ هێندێك بۆنەی سیاسی پەیامیان هەبوو کە لە ڕۆژنامەی کوردستان چاپ کراون، وەکوو ویلمە سیادیان، خەدیجە حەیدەری، سەلتەنەت داوودزادە، عەشرەت عەزیمی، فەریدە زەندی، ئیران بلووری، یا خود ژمارەیەك لەوان وتاریان نووسیوە: وەکوو کوبرا عەزیمی، حەلەب ئیسمائیل فەرەجی، شام سولتان خانمی فەتاح قازی.

چەند نووسەرێکی باشووری کوردستانیش بە نووسینی وتار و هەڵبەست یارمەتیی ڕۆژنامەی کوردستانیان کردووە، وەکوو محەممەد مەحموود، محەممەد توفیق وێردی و ....[4]

ڕۆژنامەی کوردستان بەشێکە لە مێژووی گەلی کورد و سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوە کە توێژەران دەتوانن بە خوێندنەوەی سوودی لێ ببینن و ئاگاداری بارودۆخی سیاسی، ئابووری، هونەری، کۆمەڵایەتیی گەلی کورد لە سەردەمی کۆماری کوردستان و دوای کۆمار بن. چوونکە هەرچی دەنگوباس و ئاگاداری و بانگەواز و کارو کردەوە و وتار و چاوپێکەوتن و لێدوانەکانی قازی محەممەد هەیە، لەم ڕۆژنامەیەدا بڵاو کراوەتەوە کە زمانحاڵی حکوومەت بووە. [5] هەر وەها دەکرێ لەم ڕۆژنامەیە کەڵك وەربگیرێت بۆ ئاگاداربوونەوەی وەزعی کورد لە دوای ڕووخانی کۆمار، چوونکە ڕۆژنامەی کوردستان پاش ڕووخانی کۆمار هەرچەند بۆ ماوەیەکی کاتی لە وەشان راوەستا، بەڵام دیسان لە چەند قۆناغی جیاوازدا چاپ و بڵاو دەکرێتەوە و زۆر هەوراز و نشیو بە خۆیەوە دەبینێ تاکوو دەگاتە قۆناغی ئێستا.

---

[1]- د. هیمداد حوسێن، سەرچاوەی پێشوو، ل84،

[2]- نوشیروان مصطفی امین، سەرچاوەی پێشوو، ل169

[3]- هەمان سەرچاوە،. ل169

[4]- هەمان سەرچاوە.ل170

[5]- د. هیمداد حوسێن، سەرچاوەی پێشوو، ل82.

**ب: تەکنیکی رۆژنامەوانی لە رۆژنامەکەدا لە سەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد:**

لە سەردەمی کۆماردا کلیشەی رۆژنامەکە بەم شێوەیە: لەسەرەوەی لاپەڕەی یەکەم و لە ناوەڕاستدا ناوی رۆژنامەکە (کوردستان) نووسراوە و بە خەتی چاپی و بە بچووکتر لە ژێر ئەودا نووسراوە: بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان. لە سەرەوەی ناوی کوردستانیش نووسراوە ( بە نێوی خوای بەرز و بێ هاوتا) لە دەستی راست و چەپی لاپەڕەکەدا دوو چوارگۆشەی چوارچێوەکەی بە وردە گوڵی چاپی نەخش کراوە و لەوەی دەستی راستدا نووسراوە: (کوردستان لە لایەن هەیئەتی تەحریریەوە دەر دەچێ)، لەوەی دیکەدا ئابوونەمان یەکساڵە 300 ریال، 6 مانگ 160 ریاڵ و دانە بە ریاڵ، تا ژمارە 6 دانەی بە یەك ریاڵە و لە ژمارە 7ەوە بووە بە 2 ریاڵ. لە نێوانی دوو هێڵی ئاسایی چاپی ئاسۆیی سەرانسەری ژمارە و ساڵ و مێژووەکەی بە پێی ساڵی کوردی و عەرەبی و زایینی نووسراوە. بۆ نموونە ژمارە (1) ساڵی یەکەم، پێنج شەممۆ، 20-10-1324، 11ی ژانوییەی 1946)[1].

هەروەها پەیامنێری لە شارەکانی وەکوو نەغەدە و مەهاباد هەبووە و لە رووی هۆنەرییەوە تا رادەیەك باش بوو.[2]

**-پ: لە رووی زمانەوانییەوە:**

لە رووی زمانەوانییەوە خاوەنی زمانێکی پاراو و بە شێوەزاری موکریانی نووسراوە،[3] رۆژنامەی کوردستان خزمەتێکی زۆری بە زمانی کوردی کرد، راستە وشەی بێگانەی تێدا بوو، بەڵام بەپێی بارودۆخی ئەو سەردەمە کە رەزاشا زمانی کوردی، جلوبەرگی کوردی و کولتووری کوردیی قەدەغە کردبوو، رۆژنامەی کوردستان بە زمانی کوردی شتی دەنووسی.[4]

**ت: لە رووی ئازادیی دەربڕینەوە:**

تایبەتمەندییەکی دیکەی رۆژنامەی کوردستان ئازادیی بیروڕا بوو، ئازادییەك کە لە رۆژنامەی کوردستانی سەردەمی کۆماردا وە بەرچاو دەکەوت، ئێستاش دوای 67 ساڵ تەنانەت لە کەشوهەوایەکی مۆدێرنی وەکوو ئەمڕۆشدا، ئازادیی بیروڕا وەکوو ئەو دەم نییە. هەر لە رۆژنامەی ئەو کاتدا بابەتی وا چاپ کراون کە رەنگە لە بەرژەوەندیی حیزبی خۆی و حکوومەتەکەی نەبووبێت، بەڵام بەو حاڵەش چاپی کردووە. بۆ نموونە لە ژمارەی 5ی 19-01-1946دا کەسێك بە نێوی قاسم عەسکەری سکاڵا دەکات و دەڵێت: زۆلم و زۆرم لێ کراوە و بەرپرسانی حیزبی بە دەنگمەوە نایەن. یا خود نموونەیەکی لەمە سەرنجڕاکێشتر لە ژمارە 77 رۆژنامەی کوردستان 15-08-1946دا بابەتێك بەنێوی شینی برای کۆچکردوو بڵاو کرایەوە بە نێوی وێردی کە دەبێ محەممەدی وێردی بێت کە بە ئەسڵ خەڵکی کۆیە بووە و لەوێدا لە سەرتای بابەتەکەیدا دەڵێت( هەرچەند رۆژنامەی کوردستان رۆژنامەیەکی حیزبییە و ئۆرگانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانە، ئەم مەقالەی ژێرەوەش لە بیری حیزبی دێموکرات دوورە، بەڵام بە نێوی ئازادیی قەڵەم لە ژێرەوە چاپ دەکەین.

---

[1]- ، د. هیمداد حوسێن، سەرچاوەی پێشوو، ل86

[2]- [2]- د. ئازاد کوردی، وانەی مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیی سەردەمی کۆماری کوردستان، قۆناغی یەکی راگەیاندن، 2009

[3]-. هەمان سەرچاوە.

[4]- موستەفا مەعرووفی، مامۆستای زانکۆ، سیمیناری 67مین ساڵیادی دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان، کوردکاناڵ.

هەبوونی شتێکی وا ئەویش 67 ساڵ لەمەو پێش و لە رۆژنامەی حیزبی سیاسیدا، بەڵگەیەکی یەکجار بەهێز و حاشا هەڵنەگرە بۆ ئازادیی بیروڕا، هەم لەسەردەمی کۆماری کوردستان و هەم رۆژنامەی کوردستان.[1]

**ڤ: ناوەڕۆکی رۆژنامەی کوردستان لە سەردەمی کۆماردا:**

رۆژنامەی کوردستان ئەو دەم لە راستیدا بە پێی پێوەری راستەقینەی رۆژنامە، لە رۆژنامەیەکی راستەقینە نزیك بوو، لەبەر ئەوەی کە بابەتەکانی هەمەڕەنگ بوون، و رۆژنامەیەك بووە کە ئاوێنەی باڵانوێنی کۆمەڵگای کوردستان بووە. لە رۆژنامەی کوردستاندا جگە لە وتاری سیاسی، ئاگاداریی تێدایە، نرخی شتی رۆژانەی تێدایە، بارودۆخی بازاڕی تێدایە، لە زۆر بوارەوە باس لە گرانفرۆشی دەکات و هۆشیاری دەداتە خەڵك. لەو سەردەمە بە دواوە تاکوو ئێستا رۆژنامەی کوردستان نەیتوانیوە بەپێی ئەم پێوانانە بەڕێوە بچێت.[2]

بابەتەکانی رۆژنامەی کوردستان بریتی بوون لە سیاسی، ئەدەبی، پەروەردەیی، کۆمەڵایەتی، وتاری مێژوویی، هەواڵ.[3]

**ج: لە رووی بڵاوکردنەوەوە:**

هەبوونی نووسەرانی پارچەکانی دیکەی کوردستان وەکوو باشووری کوردستان یا خود ئەو شارانەی کە لە چوارچێوەی حوکمڕانیی کۆماردا نەبوون، وەکوو سنە و کرماشان، نیشانەی ئەوەیە کە پانتایی بڵاوبوونەوەی رۆژنامەی کوردستان زۆر لە دەسەڵاتی سیاسیی ئەو کات بەرینتر بووە.[4]

کوردستان دەگەیشتە هەموو ئەو شوێنانەی کە دەسەڵاتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی لێ بوو، هەروەها گەیشتووەتە باشووری کوردستانیش.[5]

**چ: ئامانجەکانی:**

ئامانجی رۆژنامەی کوردستان بەدیهێنانی سەربەستی و ئازادی و پێشکەوتنی کورد و رێکخستنی ناوماڵی کورد، گەیاندنی زانیاری و هەواڵ سەبارەت بە چالاکییەکانی حیزبی دێموکرات، پێشخستنی زمان، کۆکردنەوەی نووسەران و ئەدیبان لە دەوری خۆی و...بووە.[6]

**ح: سەرچاوەکانی هەواڵ:**[7]

هەواڵ یەکێك لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی رۆژنامەیە، لە رۆژنامەی کوردستاندا سەرچاوەکانی هەواڵ رادیۆ بیانییەکان، رۆژنامەکانی تاران و ئازەربایجان بووە.

**خ: راستیی زانیارییەکان:**

رۆژنامەی کوردستان نەیویستووە درۆ لەگەڵ خەڵك بکات، ویستوویەتی هەمیشە راستی بڵێت، ناتوانین بڵێین هەواڵی بە هەڵە بڵاو نەکردووە. بڵاوی کردووە، بەڵام زۆر بە کەمی. بەڵام هیچ کات بە ئەنقەست ئەم کارەی نەکردووە و زۆر جار لە دەرفەتی گونجاودا هەڵەکانی راست کردووە و پێی عەیب نەبووە. ئەم رۆژنامەیە

---

[1]- موستەفا مەعرووفی، مامۆستای زانکۆ، سیمیناری 67ەمین ساڵیادی دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان، کوردکاناڵ.

[2]- موستەفا مەعرووفی، سەرچاوەی پێشوو

[3]- د. ئازاد کوردی، وانەی مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیی سەردەمی کۆماری کوردستان، قۆناغی یەکی راگەیاندن، 2009.

[4]- موستەفا مەعرووفی، هەمان سەرچاوە.

[5]- - د. ئازاد کوردی، وانەی مێژووی رۆژنامەگەری کوردی، سەردەمی کۆماری کوردستان، قۆناغی یەکی راگەیاندن، 2009

[6]- د. ئازاد کوردی، سەرچاوەی پێشوو.

[7]- د. هیمداد حوسێن، سەرچاوەی پێشوو، ل86

هیچ کاتێك ئەدەبیاتێکی سووك و ناشیرینی بەکار نەهێناوە، تەنانەت ئەو کاتانەی کە روو بە دوژمن قسەی کردووە. هەمیشە بە ئەدەب و ئیحترامەوە دواوە و واقیعبینانە قسەی کردووە..[1]

### د: قۆناغی دووهەمی دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان:

پاش دوو ساڵ دوای رووخانی کۆماری کوردستان جارێکی دیکە لە باکوو، رۆژنامەی کوردستان وەکوو پاشکۆیەك لە رۆژنامەی ئازەربایجان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بەردەوام بوو.[2]

سەرنووسەری ئەم دەورەیە، د. رەحیم سەیفی قازی بووە. لە راستیدا، ئەم دەورەیەی رۆژنامەی «کوردستان»، بە هەوڵ و هیممەتی ئەو گرووپە لە لاوانی کورد کە کۆماری کوردستان، بۆ درێژەی خوێندن ناردبوونییە یەکێتیی سۆڤێت، دامەزرا و درێژەی پێ درا، بە جۆریک کە بۆ ماوەی 16 ساڵ بەردەوام بوو. دیارە «کوردستان» لەم دەورەیەدا، نەک رۆژنامە یا بڵاوکراوەیەکی سەربەخۆ، بەڵکوو لاپەڕەیەک لە بڵاوکراوەی «اذربایجان»ی ئۆرگانی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان بووە.[3] ئەم دەورەیەش 1337 ژمارەی لێ دەرچووە.[4]

ڕۆژنامەی «کوردستان» کە بە پێی نووسراوەی سەرنووسەرەکەی، ڕەحیمی قازی لە ساڵی 1947 تا ساڵی 1963واتە بۆ ماوەی 16 ساڵ، بەردەوام بووە. ئەو ڕۆژنامەیە وەکوو ‹ئورگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان› لە لاپەڕەیەکدا بڵاو کراوەتەوە و لە سەرەوە لە گۆشەی چەپدا نووسراوە « لە لایەن دەستەی نووسەرانەوە دەر دەچیت. دواتر لە نێوەڕاستدا بە خەتی درشت نووسراوە « کوردستان» و لە بن ئەو ناوەدا نوسراوە : «اورگانی حزبی دێموکراتی کوردستان» و لە کادرێکدا بەرەو لای چەپی گۆشەی ڕاستی سەرەوەی ڕۆژنامەکە، ژمارە، ڕۆژی بڵاو بوونەوە، بەروار و مانگ و لە بنەوە ساڵی هەتاوی و لە بن ئەویشدا هاوتای رۆژ و مانگ و ساڵی زایینی هاتووە. ڕۆژنامەکە لە حەوتوودا دووجار ڕۆژانی شەممە و چوارشەممە بڵاو کراوەتەوە[5].

لە باری تێکنیکییەوە ڕۆژنامەکە پیتچنی کراوە بەڵام چوکڵە لە سەر و ژێری پیتەکاندا نییە.

لە بەر ئەوەی زۆربەی ئەندامانی دەستەی نووسەران خەڵکی ناوچەی موکریان بوون، ڕۆژنامەکە بۆن و بەرامەیەکی ئاشکرای موکریانی پێوە دیارە، ڕستەی کورت و هاسان لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆژنامەکەن و لەو ڕۆژنامەیەدا زۆر زاراوەی وەها دەبینرێن کە پێشتر لە چاپەمەنیی کوردیی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نەبوون. دەستەی نووسەران گەلێک زاراوەی سیاسی و کۆمەڵایەتییان داڕشتووە کە لە چاپەمەنیی دواتردا ڕچەیان

---

[1] - عەبدوڵڵا حەسەن زادە، سەرنووسەری پێشووی رۆژنامەی کوردستان، سیمیناری 67مین ساڵیادی دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان، کوردکاناڵ.

[2] - عەبدوڵڵا حەسەن زادە، سەرنووسەری پێشووی رۆژنامەی کوردستان، سیمیناری 67مین ساڵیادی دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان، کوردکاناڵ

[3] - رۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، قادر وریا، وتاری (کوردستانی چاپی باکۆ)، ژمارە 600، ل18

[4] - رۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان،هاشم کەریمی، وتاری (لەسەر بیۆگرافی دەورە جیاجیاکانی رۆژنامەی کوردستان). ژمارە600، ل4، 2012.

[5] - رۆژنامەی کوردستان، ئورگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکرات، وتووێژ لە گەڵ عەلی قازی، کوڕی پێشەوا قازی محەممەد، ل18.

کوێر بووەتەوە و ئەوەش دەکرێ لە بەر بڵاو نەبوونەوە و نەگەیشتنی ئەو ڕۆژنامەیە بە خوێنەران لە کوردستانی ئێران بووبێت[1].

دەستەی نووسەران بەرنامەیەکی ڕادیۆییشیان بەڕێوە بردووە و وێدەچێ لە بەرنامە ڕادیوییەکاندا لە بابەتەکانی نێو کوردستانیش کەڵک وەرگیرابێت.

بەڵگەیەکی گرینگ لە مەر هەڵسووڕێنەرانی «کوردستان» نامەیەکە (ڕەشنووسەکەی بە دەستەوەیە) بە واژۆی دەستەی نووسەران کە لە 15ی مەی 1958 لە باکوو، ماوەیەکی کورت بەر لە هەڵوەشانی ڕێژیمی پاشایەتی لە عێراق، بۆ مەلا مستەفای بارزانی نووسراوە . نامەکە بە واژۆی دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی «کوردستان»ە کە بە پێی ئەم بەڵگەنامەیە بریتی بوون لە:

1- عەبدوڵڵا ڕەزماوەر
2- ڕەحیم قازی
3- قادر مەحموودزادە
4- سوڵتان ئووتمیشی
5- عەلی گەلاوێژ

ڕەشنووسەکە بە بەراورد لە گەڵ سەرچاوەی دیکە، دەردەکەوێ کە بە خەتی «عەلی گەلاوێژ» نووسراوە. ئەو بەڵگەیە گرینگییەکی مێژوویی زۆری هەیە و دەبێ زیاتر شیتەڵ بکرێتەوە[2].

ئەوە بە تەواوی نازانرێت کە مەلا مستەفا وەڵامی چ بووە. بەڵام لە ساڵی 1947ەوە زۆربەی ئەندامانی دەستەی نووسەرانی کوردستان لە چالاکییەکانی ‹فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان›دا بەشدار بوون و ڕەحیمی قازی دوو جار وەکوو یەکێك لە دوو جێگری سەرۆکی فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان و عەلی گەلاوێژ وەکوو ئەندامی کومیتەی ناوەندی دیاری کراون. سەبارەت بەو هەوڵانەی کە لە سەرەتای پەنابردنی بارزانییەکان بۆ ئازەربایجانی سۆڤێت بۆ پێکهێنانی ڕێکخستنێکی سەربەخۆی کورد دراوە زۆر کەم نووسراوە. لەو ساڵانەی دواییدا زرار دەرگەڵەیی لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژەیەکی گشتیی بەو هەوڵە کردووە[3].

لە نێوەڕۆکی ئەم نامەیە دەردەکەوێ کە تا ئەو کاتە (1958) کوردەکانی عێراق و ئێران لە سۆڤێت ڕێکخراوەیەکی یەکگرتوویان نەبووە. بەڵام ئەوە باش زانراوە کە زۆربەی کوردەکانی ڕۆژهەڵات لە فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجاندا وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان کاریان کردووە[4].

**-ذ: قۆناغی سێهەمی ڕۆژنامەی کوردستان:**

جارێکی دیکە بە نهێنی لە مانگی مەی ساڵی 1954، غەنی بلووریان یەکەمین ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستانی پاش ڕووخانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد، لە نێوخۆی وڵاتدا لە شاری تەورێز کە شارێکی تورکنشینە چاپ و بڵاو کردەوە. ناوبراو ئەم ڕۆژنامەیەی لە شارەکانی مەهاباد، سەقز و سنەی ڕۆژهەڵاتی

---

[1]- ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان وتووێژ لە گەڵ عەلی قازی، ژمارە 600، ل18

[2]- [2]- ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان وتووێژ لە گەڵ عەلی قازی، ژمارە 600، ل18

[3]- هەمان سەرچاوە.

[4]- هەمان سەرچاوە.

کوردستان بڵاو دەکردەوە. ئەم رۆژنامەیە سەرەڕای ئەوەی وەکوو بەشێکی سەربەخۆ لە ئێران دەیڕروانییە رۆژهەڵاتی کوردستان، هێڵێکی سۆسیالیستیی پەیڕەو دەکرد و هەر ئەم جیاییخوازییە بوو کە ببووە هۆی تووڕەبوونی حیزبی توودەی ئێران و گشت گرووپە چەپەکانی دیکە لەم وڵاتەدا و ناکۆکیی خستە نێوان حیزبی دێموکرات و هاوپەیمانە ئاساییەکانی. ئەم قۆناغەی دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان زۆر درێژەی نەکێشا. ماوەیەك دوای دەرچوونی 5ەمین ژمارەی لە سیپتامبەری هەمان ساڵدا، پۆلیس چاپخانەکەی لە تەورێز دۆزییەوە. ئەم بڵاوکراوەیە خوازیاری کوردستانێکی سەربەخۆ و ئازاد لە ژێردەستیی وڵاتانی ئێران، تورکیە و عێراق بوو.[1]

**ر: قۆناغی چوارەمی رۆژنامەی کوردستان:**

ژمارەی 1ی لە فیورییەی 1965[2] بە سەرپەرشتیی دوکتور قاسملوو لە دەرەوە، نەك بە ناوی ئۆرگانی حیزبی دێموکرات، بەڵکوو هەر بە ناوی (ئەوە لە لایەن دەستەی نووسەرانەوە) دەرچووە، دەردەچێت. نووسەرەکانی دوکتور عەبدوڵرەحمان قاسملوو، کەریم حسامی، حەسەن قزلچی، محەممەد موهتەدی و مارف خەزنەدار بوونە.[3] ئەویش 26 ژمارەی لێ دەرچووە و دوا ژمارەی لە سێپتامبری 1970 بووە.[4]

لە بەر ئەوەی بەشێک لە نووسەرانی ئەو دەورە ئەندام و لایەنگری حیزبی دێموکرات بوون، هەر چەند بە ناوی ئۆرگانی حیزبی دێموکرات بڵاو نەدەبۆوە، بەڵام تا رادەیەک لە خەت و رێبازی حیزبی دێموکراتدا بووە.[5]

**ز: قۆناغی پێنجەمی دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان:**

قۆناغی پێنجەمی دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان لە رێبەندانی ساڵی 1971 لە بەغدا بە سەرنووسەریی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو دەرچووە. ئەم دەورە تا گەڕانەوەی حیزبی دێموکرات بۆ نێوخۆی وڵات کە دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی 1979، 35 ژمارەی لە عێراق چاپ بووە و بە هۆی نزیکایەتیی ریژیمی بەعسی عێراق لە گەڵ ریژیمی حەمەرەزا شا، حکوومەتی عێراق ساڵی 1974 نەیهێشت ئیتر رۆژنامەی کوردستان لە عێراق چاپ ببێت.[6] بۆیە رۆژنامەکە دەگوازرێتەوە ئەورووپا و تاکوو ساڵی 1978 لە ئەورووپاش 19 ژمارەی لێ دەردەچێت. بەڵام پاش ساڵی 1979 کە لە ئێراندا شۆرش سەرهەڵدەدا و رێژیمی پاشایەتی دەرۆخێ، سەرکردەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران دەگەرێنەوە زێدی خۆیان.[7]

---

[1]- دیوید مەك داوڵ، سەرچاوەی پێشوو، بەشی ایران، ایجاد یك جنبش ملی، ل428.

[2]- گۆڤاری رۆژنامەنووس، شادمان مەلا حەسەن، رۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتیکوردستانی ئێران، ژمارە 4، 2005، ل93.

[3]- هەمان سەرچاوە، ل 94.

[4]- عەبدوڵلا حەسەن زادە، سەرنووسەری پێشووی رۆژنامەی کوردستان، سیمیناری 67ەمین ساڵیادی دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان، کوردکاناڵ.

[5]- رۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، هاشم کەریمی، وتاری (لەسەر بیۆگرافیی دەورە جیاجیاکانی رۆژنامەی کوردستان) ژمارە600، ل4، 2012.

[6]- هەمان سەرچاوە.

[7]- گۆڤاری رۆژنامەنووس، شادمان مەلا حەسەن، رۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتیکوردستانی ئێران، ژمارە 4، 2005، ل96.

لەو کاتەدا ئاڵۆگۆڕێکی بنەڕەتی لە رۆژنامەی کوردستان پێك هات، کوردستان کە دەرەتانی بڵاوکردنەوی بە نهێنی یا نەبوو یان زۆر کەم بوو و بە دەگمەن لە ئورووپا و کورستانی عێراق ژمارەیەکی دەگەیشتەوە کوردستانی ئێران، ئیدی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانێ دەرەتانی دەرچوون و بڵاوبوونەوەی بە شێوەی بەرین و دەستڕاگەیشتن بە نووسەری زیاتری بۆ رەخسا و لێرەدایە کە بە هۆی زۆربوونی نووسەرەکانییەوە جۆرێك لە فرەچەشنی زمانی هاتە نێو رۆژنامەی کوردستانەوە.[1]

هەر لەو ساڵەدا حیزبی دێمۆکرات بە یارمەتی ئابووری خەڵك چاپخانەیەکی کۆنی حیزبی تودە لە تاران دەکڕێ و دەگوازێتەوە بۆ شاری مەهاباد و دەست دەکات بە چاپکردن و بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی کوردستان. سەرەتا مانگی دووجار و دوایی بوو بە هەفتەی جارێك. ئەم دەورەیە تاکوو ژمارە 70 لە نێوخوی کودرستان و بە قەوارەی A3 و لە 6 لاپەرەدا کە چواری کوردی و 2ی فارسی بووە، دەردەچێ. ئامانجەکانی رۆژنامەی کوردستان لەم ماوەیەدا بریتی بووە لە گەیاندنی پەیام و درۆشم و روونکردنەوەی رێبازەکانی حیزب، هەوڵدان بۆ فێرکردنی خەڵك بۆ نووسین و خوێندنەوەی زمانی کوردی.[2]

تا پێش گەڕانەوەی حیزبی دێموکرات بۆ نێوخوی وڵات، ئەم قۆناغەی رۆژنامەی کوردستان هەڵکشان و داکشانی زۆری تێدایە. بەڵام بە گشتی دەتوانین بێژین لەم قۆناغەدا رۆژنامەی «کوردستان» زۆربەی تایبەتمەندییەکانی سەردەمی زێڕینی خۆی لە دەست دەدا و زیاتر روو لە داکشان دەکات. پێش هەموو شتێك لەم قۆناغەدا رۆژنامەی «کوردستان» وەك ئۆرگانی حیزبی دێموکرات لە ناو دڵی خەڵکی خۆرهەڵاتی کوردستاندا چاپ و بڵاو نابێتەوە و دەگوازرێتەوە بۆ تاراوگە. بەمەش سروشتییە کە رۆژنامەکە تا رادەیەکی زۆر لە خەڵك دوور دەکەوێتەوە، ئەو گرینگی و بایەخەی کە دەبێ بە هەواڵ و رووداوەکانی ناوخۆی خۆرهەڵاتی کوردستانی بدات، زۆر کەم دەبێتەوە. بەم بۆنەیەوە توانراوە کوردستان ناوە ناوە لە کەناڵی نهێنی و رێکخستنەکانی حیزبی دێموکراتەوە چەند ژمارەیەکی کەمی بنێردرێتەوە بۆ خۆرهەڵاتی کوردستان و لەوێش جگە لە کەسانێکی دیاریکراو، نەگەیشتووە بە دەستی خەڵك و کەسانی دیکە و دەستاودەست بە نهێنی خوێندراوەتەوە. هەر بۆیە رۆژنامەکە کاریگەریی لە سەر رای گشتی نامێنێت و ناتوانێ رای گشتی رێك بخات.[3] بەو پێیەی کە حیزبی دێموکرات دەگەڕێتەوە و ماوەیەك لەناو خەڵکدا دەبێت، چەند ژمارەیەکی لەوێ چاپ و بڵاو دەکرێتەوە. دواتر لەگەڵ گواستنەوەی بنکە و بارەگانی حیزبی دێموکرات، بنکە و بارەگای «کوردستان»یش[4] لە رێکەوتی سێ شەممە 25ی ئۆکتۆبری (10) 1983 بۆ ئەو دیوی سنووری کوردستانی ئێران. [5] دەگوازرێتەوە و دیسان لە تاراوگە درێژە بە ژیانی خۆی دەدات.

بەو پێیەی کە ژیانی رۆژنامەی کوردستان گرێدراوی ژیانی حیزبی دێموکرات بووە، رۆژنامەی «کوردستان» نەیتوانیوە لە سەر ئەو بنەما و تایبەتمەندییانەی کە لە سەردەمی کۆماردا لە سەری بنیات نرابوو، درێژە بە تەمەنی خۆی بدا و گەشە بکات. بە تایبەتی ئەگەر لە رووی پیشەییەوە لەسەر ئەو بنەمایانەی کە

---

[11]- حەسەن شەرەفی، رۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، ژمارە 600، ساڵی 2013، لاپەرە 1، پاشکۆی تایبەت بە ژمارە 600

[2]- گۆڤاری رۆژنامەنووس، شادمان مەلا حەسەن، رۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتیکوردستانی ئێران، ژمارە 4، 2005، ل96.

[3]- رۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، مادیح ئەحمەدی، وتاری «کوردستان» لە دوو قۆناغی جیاوازدا.، ژ600، ل16، 2012.

[4]- هەمان سەرچاوە.

[5]- وتووێژ لە گەڵ ئەحمەد شێربەگی، یەکێك لە کارمەندانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، 10-11-2012

«کوردستان» لە سەردەمی کۆماردا پێی ناسرابوو، گەشەی کردبایە، بێگومان رۆژنامەی «کوردستان» دەبوو ئێستا یەکێك لە رۆژنامە پرۆفیشناڵەکانی کوردستان بووایە. بەڵام بەداخەوە ژیانی سیاسیی حیزبی دێموکرات ئەو دەرەتانەی لە «کوردستان» داخستوە و بەردەوام رۆژنامەگەریی ئەزموونی بە سەر «کوردستان»دا زاڵ بووە.[1]

ئەو ژمارانەی کە لە مەهاباد چاپ دەکران لە قەوارەیەکی گەورەتردا بوون، بەڵام کاتێک حیزبی دێمۆکرات، کوردستانی بە جێ هێشت و لە ساڵی 1983 رووی لە شاخ کرد و ئیمکاناتی چاپ کردن ئەوە نەبوو کە لە شارەکان دەست دەکەوت، ژمارەکانی دوایی بە دەزگای «پۆلی کۆپی» و بە تایپی زۆر کۆن تایپ دەکران. نەبوونی کەسی بە ئەزموون لە باری چاپ و بڵاوکردنەوە گرفتی بۆ هەموو لایەک هەبوو، بێ ئەزموونی لەو بارەوە و نەبوونی کاغەزی باش! لاپەڕەکانی رۆژنامەی بە جارێک تێک دابوو. لەو سەردەمەدا کاغەزی ستاندارد وەکی (A4) زۆر کەم دەست دەکەوت، هەر بۆیە ئەگەر چاوێک لە و ژمارانە بکەین کە لە «شێوەجۆ «(بنکەی دەفتەری سیاسی لە ناوچەی رەبەت) چاپ کراون ٣.٥ سانتیمیتر درێژتر و هەر وەها کاغەزێکی وەک پەڕۆ کە جەوهەری بڵاو دەکردەوە و لاپەڕەکانی گەلێک ناشیرین دەکرد و جاری وا هەبوو بە باشی دێڕەکانیشی نەدەخوێنرانەوە![2]

بە درێژایی تەمەنی رۆژنامەی «کوردستان» بۆ ماوەی 25 ساڵ لە بەشی سەرەوەی رۆژنامەکە نووسرابوو ، «دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان»، خوارتر بە پیتی گەورە نووسرابوو کوردستان . لەخوارتریشەوە نووسرابوو «ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران «. ژمارەکانی کوردستان تا کۆنگرەی ٤ی حیزب ئەو دروشمەیان لە سەر نەبوو ( دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان) پاش کۆنگرەی 4 ئەو دروشمە لە لاپەرەی یەکەم و لە سەرەوە دەنووسرا.[3] تاکوو کونگرەی 13ی حیزبی دێموکرات ساڵی 2004 درووشمەکە دەگۆڕدرێت بۆ (دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێمۆکراتیکی فیدراڵدا.)[4] لە ماوەی ئەو ٤٢ ساڵەدا کە «کوردستان» بەردەوام چاپ کراوە، تەنیا شێوەی نووسینی وشەی « کوردستان « هەر وەک خۆی ماوەتەوە و گۆڕانی بە سەردا نەهاتوە، لاپەڕەکانی رۆژنامەی «کوردستان» کەم وا بووە کە چەند ژمارە بە قەدەر یەک بن، جاری وا هەبوو ٢٠ لاپەڕە بوو، جاری واش هەبوو لە زیاتر لە ٤٠ لاپەڕەداچاپ دەکرا.[5]

لە ژمارە 71 تاکوو 171 ئامانجەکانی رۆژنامەی کوردستان گۆڕانی بەسەردا دێت چوونکە لە ساڵی 1980 شەڕ دژی گەلی کورد دەسەپێنرێ، بۆیە لێرەدا ئامانجەکانی رۆژنامەی کوردستان جگە لە گەیاندنی پەیام و ئامانجەکانی حیزب دەنگی هێزی پێشمەرگە و ریسواکردنی تاوانەکانی رێژیمیش دەرحەق نەتەوەکەی دەگەیەنێتە خەڵکی ئێران.[6]

---

[1]- رۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، مادیح ئەحمەدی، وتاری «کوردستان» لە دوو قۆناغی جیاوازدا. ژ600، ل16، 2012.

[2]- - رۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، برایم قەززاق، وتاری (لە گەڵ رۆژنامەی «کورستان»دا لەمەهابادەوە تا پاریس) ژ600، ل12، 2012.

[3]- هەمان سەرچاوە.

[4]- توێژەر.

[5]- برایم قەززاق، سەرچاوەی پێشوو.

[6]- گۆڤاری رۆژنامەنووس، شادمان مەلا حەسەن، رۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتیکوردستانی ئێران، ژمارە 4، 2005، ل96.

لەم قۆناغەدا ئەوەی کە ڕۆژنامەی کوردستان زۆربەی لاپەڕەکانی بۆ خۆی تەرخان دەکرد، هەواڵەکانی شەڕ و حەماسەخولقێنەرەکان واتە هێزی پێشمەرگە بوو. کوردستان توانیی بەشێکی مێژووی پرشنگداری نەتەوەکەمان تۆمار بکات و لە فەوتان ڕزگاری بکات.[1].

### ژ: کۆمەڵێک تایبەتمەندیی ڕۆژنامەی کوردستان لە دوای قۆناغی پێنجەمەوە:

- کوردستان لە ڕووی ئازادیی دەربڕینەوە لە قۆناغی پێنجەم بە دواوە، واتە لە دوای ساڵی 1971 هەر بابەتێک کە لە ڕۆژنامەی «کوردستان»دا بڵاو دەکرێتەوە، دەبێ لەگەڵ ئەو بابەتانەی کە لە کۆنگرەکانی حیزبدا پەسەند دەکرێن، بێتەوە و نابێ ڕاست بە پێچەوانەی بڕیارەکانی کۆنگرە بێت. دیارە ئەمە بەم واتایە نییە کە دەربڕینی بیروڕای جیاواز لە ناو حیزبدا پێشگیریی لێ دەکرێت. چوونکە هەر ئەندامێکی حیزب دەتوانێ بە تایبەتی لە کۆنگرەکانی حیزبدا، بیر و ڕوانگەی جیاوازی خۆی بە بێ هیچ چەشنە گیر و گرفتێک دەربببڕێت. بەڵام، دوای تەواو بوونی هەر کۆنگرەیەک، هەر چەشنە بیروڕایەکی نوێ کە لە لایەن زۆربەی ئەندامانی بەشدارەوە پەسەند بکرێت، دەبێ هەموو ئەندامانی حیزب پابەندی بن و بە تایبەتی لە دەرەوەی حیزبدا پشتیوانیی لێ بکەن. دیارە، لە ناوخۆی حیزبدا هەموو ئەندامان لە کاتی کۆبوونەوەی ئۆرگانەکانیان، دەتوانن ڕوانگە جیاوازەکانیان ڕاستەوخۆ باس بکەن و ئەگەر زۆربەی ئەندامەکان پێیان دروست بێت، لە ڕێگەی بەرپرسی ئۆرگانەوە بە ئاگاداریی ڕێبەرایەتیی حیزب دەگەیەنرێت و لە ئاکامدا لە ڕۆژنامەی «کوردستان» بڵاو دەکرێتەوە[2].

### س: ڕەنگی بوونی لاپەرەکانی ڕۆژنامەی کوردستان: [3]

- هەتا ئیستاش هەموو لاپەرەکانی ڕۆژنامە نەبوون بە ڕەنگی. لە نیوەی دووهەمی دەیەی 60ی هەتاوی را و تەنانەت پێشتریش، بۆ هێندێک تیتر و سەردێڕ و مانشێت، ڕەنگی جیاواز(زیاتر ڕەنگی سوور )بە کار دەهێنرا.

لە دەیەی حەفتای هەتاویدا دا، بۆ هێندێک ژمارەی تایبەتی وەک یوبیلی زێڕینی حیزب، هیرشی نیزامی و تۆپخانەیی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر بنکەکانی حیزب لە کۆیە، 100 ساڵەی ڕۆژنامەنووسیی کوردی، دەرچوونی بڕیاری مێژوویی دادگای میکونووس، پێکهاتنی کۆنگرەی یازدەهەم، ژمارە نەورۆزییەکان و هێندێک یاد و بۆنەی دیکە، لە لاپەڕەی یەکەم و دوالاپەرە ، چەند ڕەنگ بە کار هاتوە.

---

[1]- ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، برایم قەززاق، وتاری (لە گەڵ ڕۆژنامەی «کورستان»دا لەمەهابادەوە تا پاریس) ژ600، ل12، 2012

[2]- ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، فەتاح کاویان، وتاری (ڕۆژنامەی «کوردستان» و ڕوانگەی پێشمەرگەیەکی دێرین) ژ600، ل11، 2012

[3]- وتوویژ لەگەڵ قادر وریا، سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کۆمیتە ناوەندی حیزبی دێمۆکراتیکوردستان. کۆیە 2013-2-23

**س: ڕۆژنامەی کوردستان لە رووی قەوارەوە:**[1]

لە ژمارە 54 تاکوو 69 لە قەوارەی A3 دا دەردەچێ، لە 70 هەتا 92، لە سایزیA4 دا و لە 93 هەتا 109 لە سایزی کتیبی دا، بڵاو بۆتەوە. لە ژمارە 110 را هەتا ژمارە 330 دیسان لە سایزی A4 دا بڵاو بۆتەوە. لە ژمارە 331یشەوە هەتا ئیستا کە ژمارە 602ی بڵاو بۆتەوە، لە قەتعی گەورە دا بڵاو دەبێتەوە.

**ش: دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان بە زمانی فارسی:**[2]

لەم دەورەیەی ئێستا دا ( واتە قۆناغی پێنجەم) کە لە فێوریەی 1971ی هەتاویدا دەستی پێکردوەە، ڕۆژنامەی "کوردستان" لە یەکەم ژمارەوە، نوسخەی فارسیشی هەبووە، دیارە لە سەرەتا دا وەکوو پاشکۆی "کوردستان" (ضمیمە "کوردستان")ناویان بردوە. بەڵام دواتر هاوکات لە گەڵ ژمارە یا نوسخەی کوردی، نوسخەی فارسییشی لێ بڵاو بۆتەوە

**ص: بەرپرسەکانی ڕۆژنامەی کوردستان**

| ناوی سەرنووسەران | ماوەی بەرپرسایەتی |
|---|---|
| سەید محەممەد حەمیدی | 1947-1946 |
| ڕەحیمی قازی | 1947- 1963 سەرنووسەری "کوردستان"ی چاپی باکۆ(پاشکۆی آذربایجان) |
| غەنی بلووریان | مەی 1954 - سیپتامبەری1954 |
| دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو | 1970 -1965 |
| ماموستا عبدالله حسن زاده | 1982-1979 |
| د. سادق شەرەفکەندی | 1989-1982 |
| حەسەن شەرەفی | 1991-1989 |
| مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە | 1995-1991 |
| مستەفا هیجری | 2000 -1995 |
| حەسەن شەرەفی | 2004-2000 |
| باباعەلی مێهرپەروەر | 2006-2004 |

پاش لەتبوونی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە سەرماوەزی ساڵی 2006 ڕۆژنامەی کوردستانیش تووشی لەتبوون دەبێ و لەم قۆناغە بەدواودا هەم حیزبی دێمۆکراتی کوردستان ئێران و هەم حیزبی دێمۆکراتی کوردستان هەڵدەستن بەدەرکردنی ڕۆژنامەی کوردستان هەر لە ژێر یەك ناوەوە کە ئەویش (کوردستان)ە. بەرپرسەکانی ئەم قۆناغەش بەم شێوەی خوارەوەن:

---

[1]- وتووێژ لەگەڵ قادر وریا، سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کۆمیتە ناوەندی حیزبی دێمۆکراتیکوردستان. کۆیە 2013-2-23

[2]- وتووێژ لەگەڵ قادر وریا، سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کۆمیتە ناوەندی حیزبی دێمۆکراتیکوردستان. کۆیە 2013-2-23

**ض: سەرنووسەرانی رۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی ح. د. ک. ئێران**[1]

| ناوی سەرنووسەر | ماوەی بەپرسایەتی |
|---|---|
| تەیموری مستەفایی | 2007-2006 |
| عیرفان رەهنموون | 2008-2007 |
| ناهید حوسێنی | لە 2008 تاکوو ئێستا |

**ط: سەرنووسەرانی رۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی ح. د. ک**[2]

| ناوی سەرنووسەر | ماوەی بەپرسایەتی |
|---|---|
| قادر وریا | 2009-2006 |
| عەبدوڵلا بەهرامی | لە مارسی 2009 تاکوو ژۆئەنی 2009 |
| قادر وریا | 2013-2009 |
| کویستان فتووحی | 2013 تاکوو ئێستا |

## ظ: تایبەتمەندییەکانی رۆژنامەی کوردستانی قۆناغی پێنجەم

### 1: ئامانجەکانی رۆژنامەی کوردستان :[3]

رۆژنامەی کوردستان بڵاوەکەرەوەی سیاسەت و روانگەکانی حیزبی دێموکراتە و سەرەڕای ئامانجی سەرەکیی کە راگەیاندن و دەربڕینی هەڵوێستەکانی حیزب سەبارەت بە پرسە جۆراوجۆرەکان و پڕوپاگەندەی سیاسی بۆ حیزبی دێموکراتە، کۆمەڵێك ئامانجی دیکە پێڕەو دەکات، بۆ نموونە:

**ئا:** تۆمارکردنی مێژوو بەپێی خوێندنەوەی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران و پاراستنی ئارشیڤێکی فەرمی و پێشگرتن بە فەوتان و لەناوچوونی بەڵگەنامە و هەڵوێست و خوێندنەوە سیاسییەکانی حیزبی دێموکرات لە سەردەمە جۆراوجۆرەکاندا و ئارشیڤکردنی هەواڵ و رووداوەکانی تایبەت بە بزاڤی نەتەوایەتیی کورد لەم بەشەی کوردستاندا.

**ب:** دانی رێنوێنی و روونکردنەوە لەسەر پرسی نەتەوایەتی، مافی مرۆڤ، مافەکانی ژنان و چین و توێژە جۆراوجۆرەکان و روونکردنەوەی تایبەتمەندییەکانی قۆناغە جیاوازەکانی خەبات بەتایبەتی لە سەردەمی ئێستادا.

**ج:** دەوڵەمەند و بەهێزکردنی گوتاری نەتەوایەتی ـ دێمۆکراتیك لە کوردستانی ئێراندا.

**د:** هاندان و پشتگیری کردن لە خەباتی کولتووری و پەرەپیدانی زمان و وێژە و هونەری کوردی.

---

[1]- وتووێژ لەگەڵ سەلام ئیسمائیل پوور، بەرپرسی بەشی فارسی رۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کۆیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتیکوردستانی ئێران، کۆیە 2013-3-16کۆیە، 25-3-2013

[2]- وتووێژ لەگەڵ قادر وریا، کۆیە، 23-2-2013.

[33]- وتووێژ لەگەڵ سەلام ئیسمائیل پوور، کۆیە 16-3-2013

هـ: بەرپەرچدانەوەی چەواشەکاری و پڕوپاگەندەی سیاسیی نەیارانی حیزبی دێموکرات، بەتایبەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دژ بە بزووتنەوەی مافخوازی کورد و حیزبی دیموکرات.

- و: نیشاندانی هاوپەیوەندی و خەباتی هاوبەشی نەتەوەکانی ئێران بۆ گەیشتن بە ئامانجە هاوبەشەکان.

**-2: لە رووی بڵاوکردنەوە:**[1]

- لە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتەوە بڵاو دەکرێتەوە و بەشێکی کەمی دەنێردرێتەوە بۆ نێوخۆی وڵات. هەروەها ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە ڕێگەی ئیمەیل، فەیسبووك و ئامرازەکانی دیکەی تۆڕی ئینێرنێتەوە هەوڵ دەدەن رۆژنامەی کوردستان لە پانتایەکی بەربڵاوی جیهانیدا بگەیەننە دەستی خوێنەران.

**3: هۆکارەکانی دەرچوونی رۆژنامەی کوردستان بە فارسی:**[2]

**ئا**: راگەیاندنی سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکرات بە نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران و لایەنە سیاسییەکانی هاوخەباتی نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکرات لە ئێراندا.

**ب**: لەقاودانی سەرکوت و زەبروزەنگی سیستماتیکی زاڵ بە سەر کوردستان و ناوچەکانی دیکەی شوێنی نیشتەجێبوونی نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران و ئاگادارکردنەوەی هەموو لایەنەکانی نێو گۆڕەپانی سیاسیی ئێران لە دۆخی بزووتنەوەی کورد و کۆمەڵگای کوردستان.

ج: پەرەپێدانی گوتاریی سیاسی فێدرالیزمی نەتەوەیی ـ جوغرافیایی و ئێرانی دێمۆکراتیك و بە رۆژەڤکردنی مافی چارەی خۆنووسین، دێموکراسی و پرسی نەتەوایەتی لە باس و بابەتە سیاسی و میدیاییەکانی ئۆپۆزیسیۆن و کۆمەڵگا و لە رەوتی خەباتی سەرانسەری دژ بە دەسەڵاتی سەرەڕۆیانەی حکوومەتی ناوەندیدا.

**4: سەرچاوەکانی هەواڵ :**[3]

- هەموو ماڵپەڕ، راگەیاندن و هەواڵدەرییە گرینگ و ناسراوە بیانی، ئێرانی و کوردستانییەکان، بەتایبەتی ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکرات (کوردستان میدیا)
- . ئادرێس لەسەر تۆڕی ئینترنێت:
- www.kurdistanmedia.com
- www.pdki.org

**5: راستیی زانیارییەکان:** [4]

راستبێژی، پرەنسیپی سەرەکیی کوردستانە و ئەو هەواڵانەی کە لە کوردستاندا بڵاو دەبنەوە، پشتبەستوو بە سەرچاوە باوەڕ پێکراوەکانی هەواڵن و لە ئەگەری ناڕاستبووندا، پاش داوای لێبووردن لە خوێنەران، هەواڵەکە راست دەکرێتەوە.

---

[1]- وتوویژ لەگەڵ سەلام ئیسماعیل پوور، کۆیە 16-3-2013

[2]- هەمان سەرچاوە.

[3]- هەمان سەرچاوە.

[4]- هەمان سەرچاوە.

### 6: پیشەیی بوونی کارگێڕانی ڕۆژنامەی کوردستان:

ئەو کەسانەی کە لە ڕۆژنامەی کوردستاندا کاریان کردووە، ڕۆژنامەنووسی پیشەیی نەبوون، و وانەی ڕۆژنامەوانییان نەخوێندووە، تەنانەت بەشی زۆریان هەر ئەزموونی ڕۆژنامەخویندنیشیان نەبووە، بەڵام دەبوا فێر بن و دەبوا دەربچێت.[1]

### 7: پێگەی ڕۆژنامەی کوردستان لە نێو خەڵکدا:[2]

هەڵسەنگاندنی پێگەی کوردستان لە نێو جەماوەری خۆیدا، واتە لە کۆمەڵگای کوردستانی ئێران، بە هۆی نەبوونی ئازادی و دەرەتانی بڵاوکردنەوەی لە نێو خەڵکدا کارێکی دژوارە، بۆیە هەر جۆرە دەربڕینێك لەم ڕاستایەدا دەچێتە خانەی لایەنگری یان دژایەتی کردن و لە ڕووی زانستییەوە بێکەڵك دەبێت.

### 8: لایەنی گرافیکی ڕۆژنامەی کوردستان:

مەبەست لە لایەنی گرافیکی ڕۆژنامەی کوردستان، واتە دەرهێنانی ڕۆژنامەوانی لە ڕووی لە ڕووی ڕوخساری دەرەوە و کاری هونەری، واتە چۆنیەتیی خستنەڕووی بابەتەکان و کاردانەوەی لەسەر وەرگرە. کاری دەرهێنانی ڕۆژنامەگەری چەند قوتابخانەی سەرەکی لە خۆیدا دەبینێ کە بریتین لە قوتابخانەی کلاسیك، قوتابخانەی هاوسەنگی، قوتابخانەی نوێ و قوتابخانەی دوای نوێبوونەوە یاخود ئەوپەڕی نوێبوونەوە. بێگومان گەشەکردنی ئەم قوتابخانانەش پەیوەستە بە گەشەسەندنی لایەنی تەکنولۆجیای گەیاندن و چاپکردن.

لەسەردەمی کۆماری کوردستاندا ڕۆژنامەی کوردستان لە خولی یەکەمی خۆیدا ستایلی تایبەت بە خۆی هەبووە و زۆربەی توخمەکانی تایپۆگرافی تێیدا بەکارهاتوون، واتە ڕەنگ و ڕووی ڕۆژنامەیەکی هەبوو.[3]

بەڵام لە قۆناغی دواتردا کە لە شێوەی A4 دەردەچێت تا ئاستێك توانیویەتی لەگەل پێشکەوتنەکان و لەگەڵ وێنەش کار بکات و وێنە هەواڵەکانیش بەکار بێنێت. بەڵام ئاڵوگوری گرینگ لە ڕۆژنامەی کوردستان لە ژمارەی 300 بەرەو ئەملایە. لەم قۆناغەدا ڕۆژنامەی کوردستان دەچێتە نێو فۆرم و قەوارەی نوێ کە A3 یە. کوردستان پاش گەورەبوونی قەوارەکەی، لە ڕووی گرافیکی و دیزاین و مانۆڕی هونەرییەوە دەستی ئاوەڵاتر دەبێت، واتە دەتوانێ تا رادەیەك خۆی ئاپدەیت بکات، بەتایبەتی لە ژمارەی 490-491 توانیی تەنانەت بە دابەشکردنی لاپەڕەکان لە بواری ناوەڕۆکەوە، گۆڕانێکی بەرچاو بە خۆیەوە ببێنێت.

یەکەمین جار لە نەوروزی ساڵی 1994ی ڕۆژی بە بۆنەی نەورۆزەوە ڕۆژنامەی کوردستان لەسەر سەربەرگێکی تەواو ڕەنگی چاپ کرا.[4]

---

[1]- وتوویژ لەگەڵ سەلام ئیسمائیل پوور، کۆیە 16-3-2013.

[2]- هەمان سەرچاوە.

[3]ئەیووب شەهابی راد، بەرپرسی پێشووی هۆنەریی ڕۆژنامەی کوردستان، سیمیناری 67مین ساڵیادی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان، کۆیە 2013، کوردکاناڵ.

[4]- کامران حەدداد، تێکۆشان لە «کوردستان»دا، شانازییەک کە بە نسیبی منیش بووە، ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان. ژ600، ل10، 2012.

9: **ئاستەنگەکانی بەردەم رۆژنامەی کوردستان:**[1]

**ئا:** دووربوونی فیزیکی لە شوێنی رەسەنی جوغرافیایی خۆی و قەدەغەبوونی لە نێوخۆی وڵاتدا.

**ب:** کەموکۆڕیی ماڵی و دواهاتەکانی.

**ج:** نەبوونی ماڵپەڕی تایبەت بە خودی رۆژنامەی کوردستان.

**د:** نەبوونی هەواڵنێری پرۆفیشناڵ لە نێوخۆی وڵاتدا کە پێرسۆنێلی فەرمیی رۆژنامەی کوردستان بێت.

**هـ:** کەمبوونی تیراژ.

**و:** نەبوونی دەرەتان بۆ رێکلامی بازرگانی، بە هۆی هەلومەرجی سیاسییەوە.

**ز:** زۆربوونی ماوەی نێوان دووجار دەرچوونی رۆژنامە (15 رۆژ جارێك).

**ح:** زاڵبوونی کاری ئەزموونی بە سەر کاری ئاکادێمیك و زانستی لە بەڕێوەبردنی رۆژنامەدا.

---

[1]- وتوویژ لەگەڵ سەلام ئیسمائیل پوور، بەرپرسی بەشی فارسی رۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کۆیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتیکوردستانی ئێران، کۆیە 16-3-2013

# بەشی چوارەم:

# شیکردنەوەی ناوەڕۆکی وتارەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی

الف: بنەماکانی ئەخلاقی ڕۆژنامەنووسی
ب: بارودۆخی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی ئێران و کوردستان و کاریگەری لە سەر کاری ڕۆژنامەگەری شەرەفکەندی و بەها ئەرێنی و نەرێنییەکان
پ: ئامانجەکانی ڕۆژنامەنووسیی شۆڕشگێڕ

## الف: بنەماکانی ئەخلاقی رۆژنامەنووسی:

رۆژنامەنووس لە کۆمەلگادا رۆڵێکی زۆر بنچینەیی و ئەساسی دەگێرت لە رووی خستنەرووی زانیارییەکان، گەشەپێدانی کۆمەلایەتی، سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و هۆنەری و...

خاوەن دەزگاکان و راگەیەنەکارەکان ئەرکێکی زۆر گەورەیان لەسەر شانە. چوونکە ئامادەکردن و بلاوکردنەوەی هەواڵێك، بابەتێك، راپۆرتێك، چاوپێکەوتنێك و... دەتوانێ کاریگەرییەکی قووڵی هەبێ لەسەر رای گشتی کۆمەڵگا. هەندێ جار ئەم کاریگەرییە ئەرێنییە و هەندی جار بەپێچەوانەوە، نەرێنییە. لێرەدایە کە گرینگی و بایەخی پیشەی رۆژنامەوانی زۆرتر لە هەرکاتێك دەکەوێتە بەرچاو. هەموو ئەمانە لە تەنیشت یەکتردا گرینگی و پێویستی ئەخلاق لە راگەیەنەکاندا و کاری رۆژنامەوانیدا بایەخدار و پڕ رەنگتر دەکات.

بۆیە رۆژنامەنووسان لە کۆمەڵگادا چەندین ئەرکی قورسی لەسەر شانە کە لێرەدا بەکورتی ئاماژە بەهەندێ خاڵ دەکەین:[1]

- ئەرکی رۆژنامەنووس دۆزینەوەی راستییەکان و گواستنەوەی گشت رووداو و بابەتەکانە بەشێوەیەکی دادپەروەرانەیە.
- رۆژنامەنووسان لە هەر دەزگایەك یا خود بلاوکراوەیەکدا ئیش بکەن، هەوڵ دەدەن بە دەست پاکییەوە لە خزمەت خەڵکدا بن. ئەمانەتداری پیشەیی بەردی بناغەی باوەڕی رۆژنامەنووسە.
- رۆژنامەنووسان دەبێ لە کۆکردنەوە و گواستنەوەی زانیاری و رووداوەکان، راستگۆ، دادپەروەر و بوێر بن.
- بەها کولتوورییەکانی کۆمەڵگا بە باشی بناسن و خۆیان لە سەپاندنیان بۆ سەر خەڵکانی تر بە دوور بگرن.
- لە ئاڵوگۆری بۆچوونە ئازادەکان، تەنانەت بۆچوونە دژبەرانی فیکری خۆشیان پشتەوانی بکەن.
- دەنگی ئەو کەسانە بگوازنەوە کە دەنگیان نابیسرێ، سەرچاوە فەرمی و نافەرمییەکانی زانیاری هەردووکیان وەکوو یەکتر خاوەنی بەهان.
- رۆژنامەنووسان دەبێ خۆیان لە هەر چەشنە بەستراوبوون دوور بخەن و رێز لە مافی گشتی بگرن.

بۆیە ئەمرۆکانە رۆژنامەنووس و راگەیاندن لە کۆمەڵگادا بە دەسەڵاتی چوارەم دەناسێنرێت. هەروەها پردی نێوان حکومەت و خەڵك کە هەوڵی دروستکردنی پێوەندییەکی تەندروست دەدات بۆ لەیەکتر حالی بوون نێوان دەسەلات و خەلك. دروستکردنی جیهانێکی پڕ لە ئاشتی و پێکەوە ژیانی گەلانی ئەم جیهانە لەگەڵ یەکتر.

---

[1]- دبوار پاتر، اموزش روزنامەنگاری، و: حەمید رەزا زاهدی، بەشی یەکەم، نقش روزنامەنگار، ل27، چاپخانەی اطلاعات، تهران، 1389.

بۆ ئەوەی رۆژنامەنووس لە بەرێوەبردنی ئەرکە سەرکییەکانی خۆیدا سەرکەوتوو بێ دەبێ پابەندی کۆمەڵێك بنەما بێت کە بریتین لە:[1]

- پێویستە سەربەخۆ بێت.
- بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگا رەچاو بکات.
- خۆی دوور بخات لە هەرچەشنە رەفتارێکی ناشیاو.
- هەوڵ بدات بۆ بەرجەستەکردنی بنەما و یاسا و ریسا بنەڕەتییەکانی ئیتیکی راگەیاندن.
- هەوڵ بدات بۆ رۆشنبیرکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا.
- پابەندبوون و جەختکردنەوە لەسەر راستییەکان.
- نەبەزاندنی سنووری ئەخلاقییەکان.
- تێکەڵکردنی ئەرکی راگەیاندن و پرۆپاگەندە.
- کار بکات بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگا لە هەموو رووییەکەوە.
- دوورکەوتنەوە لە ناوزڕاندن. و کۆمەڵێکی زۆر لە ئەرك و بەرپرسایەتی رۆژنامەنووس کە رەنگە دەرفەت نەبێ هەمووی لێرەدا باس بکرێ. هەموو ئەمانە دەچنە خانەی رۆژنامەنووسی ئیدەئالدا.

## ب: بارودۆخی سیاسی ـ کۆمەڵایەتی ئێران و کوردستان و کاریگەری لە سەر کاری رۆژنامەگەری شەرەفکەندی و بەها ئەرێنی و نەرێنییەکان:

ئەو ئەرکە رۆژنامەنوسیانەی کە لەسەرەوە باس کران پەیوەستە بە کۆمەڵگایەکی تەندروست و دیمۆکراتیك و زۆرتر لەم کۆمەڵگایەدا دەتوانێ وەدی بێ کە تیادا ئازادی رادەربڕین مسۆگەرە. راگەیاندنی ئازاد هەیە، رۆژنامەنووس لە لایەن یاساوە پشتەوانی لێ دەکرێ. بەڵام ئەو کاتەی کە دوکتور سادق دەستی کرد بە کاری رۆژنامەوانی و بەرپرسایەتی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران و رۆژنامەی کوردستانی وەئەستو گرت، بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئازادی راگەیاندنی ئێران چۆن بوو ؟ ئەمەیە پرسیارێکی سەرەکی ئێمەیە کە دەتوانێ بمان گەینێتە زۆر وڵامی گرینگ.

سادق شەرەفکەندی کاتێ کاری رۆژنامەوانی دەکات واتە لە پاییزی ساڵی 1982 ڕا هەتا هاوینی ساڵی 1989 [2] لە ئێراندا رێژیمێك دەسەڵاتی بەدەستەوە گرتووە کە هەوڵ دەدات نەتەوەکانی ئێران و بەتایبەتی نەتەوەی کورد کە ئامادە نییە بەرامبەر ئەم رێژیمە تەسلیم بێ، ئاسمیلە بکات. بۆیە سەبارەت بە بزووتنەوەی کوردی، بۆختان درۆ و دەلەسە تا رادەی سیاسەتی رەسمی دەوڵەت چووە پێش. بە چەشنێك کە رێژیمی ئێران هەوڵ دەدا کولتوورەکەی لە ناو بەرێت و مێژوویەکەی تێك بدات و داواکارییەکانی بە داواکارییەکی شۆڤێنیستانە و دوور لە مەنتق بناسێنی. بۆیە هەر لەم پێوەندییەدا هەموو هەوڵی خوی دەدات

---

[1]- - ماموستا سادق حەمە غەریب، وانەی رەوشتی راگەیاندن. 10-2-2012

[2]- وتوێژ لەگەل ئەحمەد شێربەگی، ژنو- سوئیس، سێ شەممە، 2012/11/06.

له راگەیەنەکانی خۆیدا نەتەوەی کورد وەکوو قەومێکی یاغی و جیاخواز و شەڕەنگێز بە نەتەوەکانی تر بناسێنێ. ڕێژیمی ئێران ڕاست پاش گرتنی دەسەڵات لە ساڵی 1979، هەموو ڕاگەیەنەکانی ئێرانی خستە ژێر کونترۆڵی خۆی، سەرجەم زانستگاکانی داخست، مۆسیقا و هونەری بەرتەسك کرد، لە کوردستاندا دام و دەزگا ئیداری و فێرکردن و بارهێنان بە کردەوە هەڵوەشێنرانەوە، سنوورەکانی کوردستانی بەسەر هەر جۆرە بڵاوکراوەیەکی خۆماڵی و دەرەکی دا داخست[1].

هۆکارەکەیشی ئەوە بوو کە ئەم ڕێژیمە تازە بە دەسەڵات گەیشتووە دانی بە مافەکانی گەلی کورد نەدەنا. هەرچەند کە شاندنی کوردی زۆر دانیشتن و وتووێژی لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی و بەپرسانی ئەوکاتی ڕێژیمی ئێران ئەنجام دا، بەڵام هیچ ئاکامێکی نەبوو و خومەینی لە وڵامی داخوازییەکانی گەلی کورد کە ئەو کات داوای دیمۆکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستانیان دەکرد وتی:" ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لەسەر بنەمای دینی ئیسلام دامەزراوە و لە دینی ئیسلامیش دا نەهاتووە کە خودموختاری بە کورد بدرێت."[2] بەڵام کوردەکان پێداگریان دەکرد لەسەر مافەکانیان تاکوو وای لێهات خۆمەینی بڕیاری فتوای دژی گەلی کورد دەرکرد و هێزەکانی پاسدار هاتنە کوردستان و جارێکی تر حیزبی دێمۆکرات قەدەغە کرا.[3] ئیتر لێرەدا بوو کە شەڕی سێ مانگە لە ڕۆژی یەکشەممە 19-08-1957 دژی کورد بە فرمانی ئایەتوڵا خومەینی ڕێبەری ئەوکاتی کۆماری ئیسلامی ئێران هەڵگیرسا. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە سەرجەم کوردستان لە لایەن هێزەکانی ئێرانەوە گەمارۆ بدرێت و پێش لە بڵاوبوونەوەی هەرچەشنە بلاوکراوەیەك گیرا.

پاش ئەوەی کە لە ساڵی 1983 هێزەکانی پێشمەرگە ناچار دەبن کوردستان بەجێ بهێڵن و ڕوو لە شاخ بکەن، ئیتر کاری گەیاندنی زانیاریش بۆ خەڵك زۆر ئەستەمتر بوو، چوونکە ئیتر هێزێك وەکوو هێزی پێشمەرگە لە نێو خەڵکدا نەما. لێرەدایە کە ئەرکی دوکتور سادق زۆر قورستر دەبێ. دوکتور سادق نەتەنیا ئامانجی گەیاندنی زانیارییەکان و باسکردن و ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان بوو بۆ جەماوەری کورد، بەڵکوو کار دەکرد بۆ گەیاندی پەیامی حەقخوازانەی گەلی کورد بۆ نەتەوەکانی تری ئێرانیش. بۆ نموونە بڵاوبوونەوەی بەرنامەکانی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران و ڕۆژنامەی کوردستان بە زمانی فارسی ئەم ڕاستییەمان زیاتر بۆ ڕوون دەکاتەوە.

هۆکارەکەشی ئەوە بوو کە ئێران لە چەندین نەتەوەی جۆراوجۆری وەکوو کورد، فارس، تورك، عەرەب، بەلووچ و... پێك هاتوون و لە ڕووی پێکهاتەی دانیشتووانەوە، بەشێك لە شارە کوردنشینەکان وەکوو ورمێ، نەقەدە، خوێ، ماکۆ، سەڵماس، میاندوئاو، لە هەردوو نەتەوەی کورد و ئازەری پێك هاتوون و ڕێژیمی ئێران هەوڵی دەدا لەمە وەکوو هەلێك کەڵك وەرگرێت بۆ دروستکردنی تەشەنە نێوان کورد و ئازەری و هەروەها نەتەوەی فارسیش دژی کوردەکان هان بدات. بۆیە بوونی زمانی فارسیش کە هەموو گەلانی ئێران لێ تێدەگەن پێویستییەکی حەتمی بوو.

---

[1]- ڕاپۆرتی دیکۆمنتاری تسویری بە بۆنەی 22 هەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران (ئارشیو حیزبی دێمۆکراتیکوردستانی ئێران سالی 1381ی ڕۆژی)

[2]- ژێرار شالیان، سەرچاوەی پێشوو، بەشی بووتنەوەی کورد پاش شۆرشی ئیسلامی، ل136

[3]- هەمان سەرچاوە. ل136

چوونکە ڕێژیمی ئێران بەردەوام تەبلیغات و پرۆپاگەندە دژی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و بەتایبەتی حدك ئێرانەوە دەکرد، هەروەها هەوڵی بێ هێڤی کردنی خەڵکی دەدا لە پێوەندی لەگەڵ سیاسەتەکانی حیزبە کوردییەکان. نیشاندانی ڕۆخسارێکی ڕەگەزپەرەستانە و بێگانەپەرەست لە کورد بو خەڵکانی تری ئێران، نیشاندانی سەرکەوتنەکانی خۆی بە شێوەیەکی زیادەڕۆیی.[1] بۆیە دوکتور سادق وەکوو ڕۆژنامەنووسێکی شۆڕشگێڕ بە پێویستی دەزانی کە ئامانجەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانی لە ڕاگەیەنەکانی ئەم حیزبەدا بخاتە روو کە بریتی بوون لە:

- گەیاندنی پەیامی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بۆ خەڵکی شار و گوندەکانی کوردستان.
- ڕوونکردنەوەی سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب و ئاگادارکردنەوەی خەڵك لەم سیاسەت و هەڵوێستانە.
- بڵاوکردنەوەی هەواڵەکانی پێوەندیدار بە جوڵانەوەی کورد و خەباتی کادر و پێشمەرگەکان.
- لەقاودانی پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران.
- دروستکردنی پێوەندی دۆستی نێوان نەتەوەکانی ئێران وەکوو کورد و ئازەری و فارس.
- پاراستن و پەرەپێدانی زمان و کولتوور و ئەدەبی کوردی.
- هەوڵدان بۆ ڕۆشنبیکردنی جەماوەر.
- هەوڵدان بۆ هێنانی خەڵك لە نێو ڕیزی شۆڕش.
- گرینگیدان و پشتەوانیکردن لەسەرجەم داوا ڕەواکانی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بەتایبەتی ژنان و لاوان.
- نیشاندانی سەرکەوتنەکان و شکستەکانی بزووتنەوەی کورد.
- گەیاندنی پەیامی حەقخوازانەی جوڵانەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بۆ سەرجەم ئێرانییەکان.[2]

بێ شك گەیاندنی ئەم ئەرکانە ئەویش لە کەش و هەوایەکی توندوتیژ زۆر ئەستەم بوو، چوونکە لە لایەك ڕێژیمی ئێران شەڕێکی نەخوازراوی بەسەر گەلی کوردا سەپاندبوو و لە لایەکی ترەوە بەردەوام شوێنی جیگیربوونی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران و چاپەمەنی حیزبی دێمۆکراتی دەخستە ژێر توپباراندا، بەچەشنێك کە کارمەندانی ڕادیۆ دەنگی کوردستان لەبەر هێرشەکانی ڕێژیمی ئێران 18 جار بنکەکانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانیان لە شوێنێك بۆ شوێنکی تر گواستوویانە.[3] هەر لەسەردەمی بەرپرسایەتی دوکتور سادق شەرەفکەندا، بنکەکانی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ترسی نەبوونی ئەمنیەت و هێرشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر

[1]- راپۆرتی دیکۆمنتاری تسویری بە بۆنەی 22 هەمین ساڵرۆژی دامەزراندنی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، مستەفا هیجری، سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکراتیکوردستانی ئێران و یەکەم بێژەری رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران. (ئارشیو حیزبی دێمۆکراتیکوردستانی ئێران سالی 1381ی ڕۆژی)

[2]- سەرچاوەی پێشوو، حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران.

[3]- وتوێژ لەگەل عەلی شێربەگی، یەکێ لە کارمەندانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، (10-11-2012)

رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران بەشێوەیەکی بەردەوام، 8 جار لە شوێنێك بۆ شوێنێکی تر گوازراوەتەوە. بەڵام هیچ کاتێ لە بڵاوکردنەوە رانەوەستا.[1] ئەمە جگە لەو ئاستەنگەکانی تری وەکوو

- بوونی پارازیتی توند بۆ سەر رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران.
- نەبوونی کادری پێشکەوتوو و پرۆفشۆناڵ.
- نەبوونی پێشکەوتن لە بواری تەکنیکەوە.
- خراپی لایەنی دارایی.

ئیتر لە بارودۆخێکی وەها دا بووە کە سادق شەرەفکەندی ئەرك و بەرپرسایەتی بەرێوەبردنی دوو دەزگای راگەیاندن وەکوو رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران و رۆژنامەی کوردستان دەگرێتە ئەستووی خۆی. بۆیە سادق شەرەفکەندیش وەکوو بەرپرسێکی دوو دەزگای میدیایی حیزبێکی شۆرشگێر کە بۆ دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە ئێراندا خەبات دەکات، هەوڵی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ پرۆپاگەندە بەرفراوانەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەدات و سەرەڕای ئەوەی کە بیروبۆچوونەکانی خۆیان و ئامانجەکانی خۆیان بۆ گەلی کوردی دەخاتە روو، بە بڵاوکردنەوەی بەرنامەکان بە زمانی فارسی لە رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران و هەروەها دەرکردنی رۆژنامەی کوردستان بە زمانی فارسی، هەوڵ دەدات راستییەکان لە رۆانگەی خۆیانەوە بۆ گەلانی تری ئێران بخاتە ڕوو.

بۆیە دەتوانین بڵێین کە ئەم رۆژنامەنووسییە هەمووی لە چوارچێوەی گوتارێکی نەتەوەییدا دارێژراوە کە خوی لەبەرامبەر ئەویتردا دەبینێت کە هەوڵی سڕینەوە و لابردنی دەدات بەپێی ئەو فتوا شەرعیانەی کە لە پشت ئەم دەسەڵاتە ئایدۆلوژیکیانەی ئێرانەوە هەیە.[2]

هەر بۆیە لە وتارەکانیدا جۆرێك توندوتیژی زمانی دەبینرێ ئەمەش هۆکارەکەی دەوروبەرە کە ئەم دەقانە بەرهەم دەهێنی، چوونکە دوکتور سادق بۆ خۆی بە تەنیا نییە. چوونکە ئەو لە کاری رۆژنامەنووسی خویدا لەگەڵ هەندێ فشاری دەروون سازمانی و دەرەوەی سازمانی بەرەوروویە، و هەر دەقێك گرێدراوی ئەو دەوروبەرەیە کە تێیادا بەرهەم هاتووە، بۆیە لەبەر ئەوەی کە سادق شەرەفکەندی لە چوارچێوەی حیزبێکی نەتەوەی ـ دێمۆکرات و شۆرشگێری وەکوو حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێراندا کاری رۆژنامەنووسی کردووە، بۆیە کارە راگەیەنەکانی لە چوارچێوەی بۆچوونی ئەم حیزبەدا نەچۆتە دەرێ. کەواتە کێشەی شەرەفکەندی لەگەڵ خۆمەینی نییە، بەڵکۆ کێشەکە کێشەی نەتەوەیەکە بەرامبەر رێژیمێك کە ئامادە نییە دان بە مافەکانی بنێت. واتە کێشە و شەڕەکە شەڕی دوو جیهانبینی و ئایدولۆژیایی دژ بە یەك و پێچەوانەی یەکترن.[3]

بۆیە لێرەدا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە شەرەفکەندی وەکوو رۆژنامەنووسێکی شۆرشگێر کاری کردووە نەك وەکوو رۆژنامەنووسێکی ئاسایی لە کۆمەڵگایەکی دێمۆکراتیکدا کە هەموو ئازادییەکان بەتایبەتی ئازادی دەربڕین و گەیاندن تێیادا دەستەبەرە.

---

[1]- وتوێژ لەگەڵ عەلی شێربەگی، یەکێ لە کارمەندانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، (10-11-2012)

[2]- وتووێژ لەگەڵ د. رەحیم سورخی، هەولێر، 11-02-2013

[3]- هەمان سەرچاوە.

بۆیه ئەوەی پێ دەگوترێ مەسەلەی ویژدان و بابەتیانه لەم ململانیەدا، هیچ دیار نییە.[1] چوونکه لێرەدا ئەرکەکانی سادق شەرەفکەندی وەکوو رۆژنامەنووسێکی شۆرشگیر جیا دەکرێت لەگەڵ ئەرکەکانی رۆژنامەنووسێکی بواری گەشەپێدان. پرەنسیپەکانیش بە هەمان شێوە جیا دەکرێنەوە.

چوونکه ئەم جۆرە لە رۆژنامەنووسییە واتە رۆژنامەنووسی شۆرشگێر هەوڵێکی پرۆپاگەندەیی تێدایە، واتە جۆرێك لە پرۆپاگەندە و تەبلیغات، و ئەم جورە پرۆپاگەندەیە وا دەکات کە هێزی کۆمەڵایەتی خۆی بچەسپێنێت. پێگەیەکی جەماوەری بۆ خوی دروست بکات، ئەمەش لە شێوازی دەربڕینەکەی دا بە ئاشکرا دەردەکەوێ. کەواتە ئەم شێوازە رۆژنامەنووسەی کە من لێ دەکۆڵمەوە، بریتییە لە جورێك لە رۆژنامەنووسی شۆرشگێر.

## پ: ئامانجەکانی رۆژنامەنووسیی شۆرشگێر:

نووسەر سموئیل ئادمز کە یەکێك بوو لە رۆژنامەنووسە دڵسوز و نیشتمانپەروەرە ئەمریکاییەکان و کەسێکی بێ وێنە بوو لە بواری پرۆپاگەندە و راگەیاندن، دەڵێت بۆ ئەوەی رۆژنامەنووسی بواری شۆرش یا خود رۆژنامەنووسی شۆرشگێر بتوانێ لە ململانێدا سەرکەوتن بەدەست بێنی دەبێ پێنج ئامانجی سەرەکی جێبەجێ بکات کە بریتین لە:[2]

- یەکەم: رەوایەتی و پاساویان هەبێ بۆ گرتنەبەری رێگەکەیان.
- دووهەم: دەبێ ئەو دەستکەوتانەی لە ئەنجامی سەرکەوتندا بۆیان فەراهەم دەبێ رایبگەیەنن.
- سێهەم: جەماوەر کە هێزی سەرەکی بەرەنگاربوونەوەیە، ئامادە بکەن بۆ چاندنی تۆوی رقبوونەوە لە دوژمنان لە ناخ و گیانیادا.
- چوارەم: هەرچی قسەی لۆژیکی و رەوای نەیاران هەیە بیخەنە لاوە و پەرپەچی بدەنەوە.
- پێنجەم: لەسەریانە چی مەسەلەکان هەن بە تەواوی روونیان بکەنەوە بۆ ئەوەی چی مەبەست و ئامانج هەن ئاشکرا ببن تەنانەت بۆ کرێکارێکی ئاسایش.

بۆیە ئەگەر سەرنجی ئەم خاڵانە بدرێت و لەگەڵ بارودوخی ئێران و کوردستان لە بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی، راگەیاندنی و ئەو ئامانجەکانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران و رۆژنامەی کوردستان کە لە بەشی سەرەوەدا باس کران، بەراورد بکرێن دەبینین کە سادق شەرەفکەندی وەکوو بەرپرسی ئەم دوو دەزگایە هەوڵی داوە لەم ململانییەی نێوان حیزبی دێمۆکرات و کۆماری ئیسلامی ئێراندا، ئەم پێنج ئامانجی سەرەکییە جێبەجێ بکات. چوونکە هەر وەك پێشتر ئاماژە پێکرا ئەرکەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی لە چوارچێوەی ئەرکەکانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران و رۆژنامەی کوردستاندا بووە کە ئەرکەکانی ئەم دوو دەزگایەش گەیاندنی ئامانجەکان و سیاسەتەکانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بووە بۆ نێو خەڵك.

---

[1]- رابەری رۆژنامەنووس لە جیهانی سێهەم دا، ئەلبرت ل. هستر. و: حەسەن عەبدالکریم، بەشی پێنجەم، رۆژنامەی بواری شۆرشگێری و رۆژنامەی بواری گەشە کردن. ل77. دەزگای موکریان، 2007

[2]- - ئەلبرت ل. هستر، سەچاوەی پێشوو، ل76.

بەڵام ئێمە بۆ باشترناسینی دوکتور سادق شەرەفکەندی و بۆچوونەکانی هەڵدەستین بە شیکردنەوەی وتارەکانی، کە نموونەی سەرچاوەکەم کتێبی (هەڵبژاردەیەك لە وتارەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی)[1] یە . کە خوی لە 43 وتار دا دەبینێت کە لەسەرەدەمی کاری رۆژنامەوانی ناوبراودا لە لایەن خویەوە نووسراون و لە رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران و رۆژنامەی کوردستاندا بڵاو بوونەتەوە. توێژەریش بە هۆی زۆربوونی وتارەکانی هەڵدەستێ بە وەرگرتنی سەمپڵێك لە وتارەکانی، کە لە رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێراندا بڵاو بوونەتەوە، کە 10 وتار لە خۆی دەگرێت و ئامانج لەم شیکردنەوەیش ئەوەیە تاکوو بزانین دوکتور سادق بە پێی خاڵە دەستنیشان کراوەکانی سامۆئیل ئادمز وئەسڵی 8 و 9ی پرنسیپەکانی نێونەتەوەی ئەخلاقی پیشەیی لە رۆژنامەگەریدا کە لە لایەن کۆمەڵێك رێکخراو و ناوەندی رۆژنامەنووسی وەکوو رێکخراوی نێونەتەوەی رۆژنامەنووسان (IOJ)، فیدراسیۆنی نێونەتەوەی رۆژنامەنووسان (IFJ)، فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی ئامریکای لاتین (FELAP)، فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی عەرەب (FAJ) یەکێتی کاتلولیکی نێونەتەوەیی راگەیاندن، (UCIP)، فیدراسیۆنی کرێکارانی راگەیاندنی ئامریکای لاتین (FELAP) و کۆنفیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی ئاسیا (CAJ) کە لە نێوان ساڵەکانی 1978- 1983 دارێژراوە و پەسەند کراوە و خوی لە 10 ئەسڵدا دەبینێت، چەندە پابەند بووە بەو پرەنسیپانە بەتایبەتی ئەسڵی هەشتەمی و نۆهەمی پرنسیپەکانی نێونەتەوەی ئەخلاقی پیشەیی لە رۆژنامەگەری کە دەڵێت:[2]

- رۆژنامەنووسێکی واقیعی دەبێ پارێزەری راستەقینەی بەها گشتییەکانی مرۆڤایەتی و لەسەرووی هەموویان پارێزەری ئاشتی، دیمۆکراسی، مافی مرۆڤ، پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و رزگاری نەتەوایەتی بێت. واتە رۆژنامەنووس بە شێوەیەکی چالاك دەبێ بەشدار بێ لە گۆرینی کۆمەڵگا بۆ کۆمەڵگایەکی دیمۆکراتیك.."[3]

- لە ئەسڵی نۆهەمی هەمان بەشدا هاتووە:

- رۆژنامەنووس دەبێ بە تەواوەتی خۆی دوور بخاتەوە لە پاساوهێنانەوە یاخود هاندان بۆ دەستدرێژیکردن بۆ سەر وڵاتان و کێبەرکێ چەکدارنە، بەتایبەتی لە بواری چەکی ئەتۆمییەوە. هەروەها دەبێ خەبات بکات بۆ لە ناوبردنی هەرچەشنە توندوتیژییەك، نفرەت یا خود جیاوازیدانان بەتایبەتی رەگەزپەرەستی، ئاپارتاید، سیاسەتی سەکوتکارانەی رێژیمە دیکتاتۆرەکان، ئیستیعمارو چەوساندنەوە، هەژاری، نەخۆشییەکان. هەروەها دەبێ رێز لە ماف و کەرامەتی هەموو نەتەوەکان بگرێت و خەڵکەکە بەبێ رەچاوکردنی نەژاد، زمان، نەتەوە، دین، و باوەرییە فەلسەفییەکان، گەرەنتی بکات[4].

ئەمانەش هەموویان دەچنە خانەی بەها و پرنسیپە رۆژنامەنووسیەکان.

بۆیە من لێرەدا بە ئاراستە کردنی دوو پرسیاری سەرەکی لە خوم کە بریتین لە:

---

[1]- هەلبژاردەیەك لە وتارەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی( 1362-1368 )، بلاوکراوەی کۆمیسۆنی چاپەمەنی حیزبی دێمۆکراتیکوردستانی ئێران، 2002،

[2]- یونس شکرخواه، خبر، بەشی 15، اصول بين المللى اخلاق حرفه اى در روزنامەنگارى. ساڵی چاپ 1388ی رۆژی. چاپی یازدەهەم، ل125

[3]- هەمان سەرچاوە. ل127

[4]- - هەمان سەرچاوە. ل 128

- دوکتور سادق وەکوو رۆژنامەنووسێك چەندە بۆ بەها و پرنسیپە دێمۆکراتیکەکان هەوڵ دەدات؟
- ئایا ئەوەی ئیدەعای دەکات، بەرامبەر بە نەیارانی خۆی و گەلەکەی، بۆ نموونە کۆماری ئیسلامی ئێران وەکوو جینایەتکار و دیکتاتۆر و تیرۆریست دەیناسێنێ، بۆ خۆی لە دەربڕینی کەلامی رۆژنامەنووسیدا چەندە پرەنسیپی دێمۆکراتیکی تێدایە کە بگونجێ لەگەڵ بەها و پرنسیپەکانی رۆژنامەنووسی؟

هەوڵ دەدەم لە چوارچێوەی بابەتەکەدا لا نەدەم تاکوو بتوانم بگەمە ئەنجامێکی زانستی دروست. بۆ ئەمەش پێویستە وشە بەهادارەکان (نرخێنەرانە) وەکوو (دیمۆکراسیخواز، ئاشتیخواز، ئازادیخواز، یەکسانیخواز، دادپەروەر، دیکتاتۆر، زۆلمکار، قاتل، تیروریست، پێشلکار و...) لە چوارچێوەی وتارەکەدا دەستنیشان بکەم. واتە لە رێگای وەرگرتنی یەکەی وشە، وشە بەهادارەکان دەستنیشان دەکەم.


وشەی بەهاردار:" واتە هەر وشەیەك کە بەرامبەرەکەی بە چاك یا خود خراپ هەڵسەنگێنێت، واتە بەرامبەرەکەت دەنرخێنێت بە چاك یا خود خراپ."[1]

بە پێی ئەم پێناسەیە وشەی بەهادار، دوو رەهەندی هەیە یەکەم وشەی بەهادارە ئەرێنی وەك (دیمۆکراسیخواز، ئاشتیخواز و...) و وشەی بەهادار نەرێنی وەکوو (دیکتاتۆریت، تیرۆریست و...).

[1]- وتووێژ لەگەل د. رەحیم سۆرخی. هەولێر، 11-02-2013

## خشتەی ژمارە (١)

| ناوی وتار | ئاگادارکردنەوەی خەڵکی ئێران لەسەر جوڵانەوەی کوردستان هەنگاوێك بەرەو سەرکەوتنە (١) | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| لە سەدی | دووبارەبوونەوە | وشەی بەهاداری نەرێنی | لە سەدی | دووبارەبوونەوە | وشەی بەهاداری ئەرێنی |
| - | - | - | 42.1% | 8 | پێشمەرگە |
| - | - | - | 15.8% | 3 | شۆڕشگێر |
| - | - | - | 21.1% | 4 | ئازادیخواز |
| - | - | - | 10.5% | 2 | یەکسانخواز |
| - | - | - | 10.5% | 2 | نەبەز |
| | | | | | |
| کۆی گشتی | | | | 19 | 100% |





بە پێی خشتەی ژمارە ١ و ئەو ئەنجامانەی کە لەم خشتەیەدا بەدەست خراون، بۆمان دەردەکەوێ کە دوکتور سادق شەرەفکەندی لە کاتی نرخاندندا تەنیا لە وشە بەهادارە ئەرێنییەکان سوود دەبینێ و بزووتنەوەی کوردیش بە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێر، ئازادیخواز، یەکسانیخواز و نەبەز ناو دەبات و ئەو کەسانەی کە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە خەبات دەکەن، بە پێشمەرگە دەیانناسێنێ. کەواتە، دیسان شەرەفکەندی لەم وتارەدا هەوڵی پێکانی ئەو ئامانجانە دەدات کە  نووسەر سموئیل ئادمز بۆ رۆژنامەنووسێکی شۆڕشگێر دەستنیشانی کردووە. بەتایبەتی هەوڵ دەودات بەم چەشنە خۆناساندنە رەوایی دروست بکات بۆ گرتنەبەری رێگەکەیان.
هەروەها کار دەکات بۆ نیشاندانی سیمایەکی دێموکراسیخواز و یەکسانیخواز لە بزووتنەوەی کورد. ئەمەش دەچێتە خانەی ئەسڵی ٨ و ٩ ئەو پرەنسیپە نێونەتەوەییانەی ئەخلاقی پیشەیی لە رۆژنامەگەریدا. شەرەفکەندی ئەڤینداری یەکسانی، ئازادی بوو و لەم پێناوەدا لە ماوەی ژیانی رۆژنامەوانی خۆیدا هەوڵی بەدەسخستنی دەدا. ئەرکگەلێك کە تەنیا رۆژنامەنووسە راستەقینەکان لە پێناویدا هەوڵ دەدەن.

١- هەلبژاردەیەك لە وتارەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی( ١٣٦٢-١٣٦٨ )، بلاوکراوەی کۆمیسۆنی چاپەمەنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، چاپ ٢٠٠٢، وتاری (ئاگادارکردنەوەی خەڵکی ئێران لەسەر جۆلانەوەی کوردستان هەنگاوێك بەرەو سەرکەوتنە)، نووسین سادق شەرەفکەندی، ل١٥٤،

## خشتەی ژمارە (٢)

| ناوی وتار | چەند قسەیەک لەسەر هەڵوێستی جینایەتکارنەی رێژیم سەبارەت بە خەڵکی کوردستان (١) | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| لە سەدی | دووبارەبوونەوە | وشەی بەهاداری نەرێنی | لە سەدی | دووبارەبوونەوە | وشەی بەهاداری ئەرێنی |
| 33.3% | 5 | فاشیست | 20.0% | 3 | ئازادیخواز |
| 13.3% | 2 | سەرەڕۆ | 6.7% | 1 | شۆرشگێر |
| | | | 6.7% | 1 | رزگاریخواز |
| | | | 20.0% | 3 | پێشمەرگە |
| | | | | | |
| | | | | | |
| کۆی کشتی | 7 | | | 8 | 100% |




بە پێی خشتەی ژمارە ٢ و ئەو ئەنجامانەی کە لەم خشتەیەدا کەوتوونەتە بەردەست، بۆمان دەردەکەوێ کە دوکتور سادق شەرەفکەندی لە کاتی نرخاندندا، رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە فاشیست و سەرەڕۆ ناو دەبات و دەنرخێنێ و خۆی و بزووتنەوەی کوردیش بە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕ، رزگاریخواز و ئازادیخواز ناو دەبات و پێشمەرگەش وەکوو هێزێك کە خەبات دەکات بۆ ئازادی و رزگاریی کوردستان و بەرەنگاری دوژمن دەبێت، ناو دەبات. شەرەفکەندی لەم وتارەدا بە ناساندنی بزووتنەوەی کورد، وەکوو بزووتنەوەیەکی ئازادیخواز، شۆڕشگێڕ و رزگاریخواز هەوڵ دەدا:


- یەکەم: رەوایی بەدەست بخات بۆ گرتنەبەری رێگەکەیان.
- دووهەم: بە ناساندنی رێژیم وەکوو لایەنێکی فاشیست و سەرەڕۆ، جەماوەر کە هێزی سەرەکی بەرەنگاربوونەوەیە، ئامادە بکات بۆ چاندنی تۆوی رق لە رێژیمی ئێران لە ناخ و گیانیاندا.

ئەم ئامانجانە هەروەها دەچێتە خانەی ئەسڵی ٨ و ٩ی پرەنسیپە نێونەتەوەیی ئەخلاقی پیشەیی لە رۆژنامەگەریدا کە باس لەوە دەکەن کە دەبێ رۆژنامەنووس بۆ ئازادی و یەکسانی و دژ بە دیکتاتۆری و ئاپارتاید خەبات بکات.

١- هەلبژاردەیەك لە وتارەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی( ١٣٦٢-١٣٦٨ )، بلاوکراوەی کۆمیسۆنی چاپەمەنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، چاپ ٢٠٠٢، وتاری (چەند قسەیەك سەبارەت بە هەڵوێستی جینایەتکارنەی رێژیم سەبارەت بە خەڵکی کوردستان)، نووسین سادق شەرەفکەندی، ل١٥٠،

## خشتەی ژمارە (٣)

| ناوی وتار | بۆ خەبات چ زۆر ڕێگا؟ (١) | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| له سەدی | دووبارەبوونەوە | وشەی بەهاداری نەرێنی | له سەدی | دووبارەبوونەوە | وشەی بەهاداری ئەرێنی |
| 3.0% | 1 | کۆنەپەرەست | 9% | 3 | ئازادیخواز |
| 3.0% | 1 | دژی گەل | 15.2% | 5 | نیشتمانپەروەر |
| - | - | - | 3.0% | 1 | ژێردەست |
| - | - | - | 24.2% | 8 | پێشمەرگە |
| - | - | - | 12% | 4 | تێکۆشەر |
| | | | 3% | 1 | خەباتگێر |
| | | | 27% | 9 | شۆڕشگێر |
| کۆی کشتی | 2 | | | 31 | 100% |





به پێی خشتەی ژمارە ٣، بۆمان دەردەکەوێ کە دوکتور سادق شەرەفکەندی لە کاتی نرخاندندا، بە مەبەستی چاندنی تۆوی رق بەرامبەر بە ڕێژیمی ئێران لە دڵ و ناخی خەڵکدا کە هێزی سەرەکیی بەرەنگاربوونەوەن و بە مەبەستی ئامادەکردنیان بۆ بەرەنگاری بەرامبەر بە دوژمن، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بە کۆنەپەرەست و دژی گەلی ناساندووە. هەروەها بزووتنەوەی کورد وەکوو بزووتنەوەیەکی ئازادیخواز، نیشتمان پەروەر، و گەلی کورد وەکوو گەلێکی ژێردەست، بەڵام تێکۆشەر، خەباتگێر و شۆڕشگێر لە پێناوی بەدەست هێنانی ئازادیدا دەناسێنێت، بۆ ڕەوایەتی دان بە خەباتی کورد. هەروەها تێکۆشان لە چوارچێوەی ئەسڵی ٨ و ٩ی پرەنسیپەکانی ڕۆژنامەوانیدا، بەتایبەتی ئەسڵی ٨ کە تێیدا هاتووە: -ڕۆژنامەنووسێکی واقیعی دەبێ پارێزەری راستەقینەی بەها گشتییەکانی مرۆڤایەتی و لەسەرووی هەموویانەوە پارێزەری ئاشتی، دیمۆکراسی، مافی مرۆڤ، پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و ڕزگاریی نەتەوەیی بێت. واتە ڕۆژنامەنووس بە شێوەیەکی چالاک دەبێ لە گۆڕینی کۆمەڵگا بۆ کۆمەڵگایەکی دیمۆکراتیکدا بەشدار بێت.

١- هەلبژاردەیەك لە وتارەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی( ١٣٦٢-١٣٦٨ )، بلاوکراوەی کۆمیسۆنی چاپەمەنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، چاپ ٢٠٠٢، وتاری (بۆ خەبات چ زۆر ڕێگا)، نووسین سادق شەرەفکەندی، ، ل ٢١٤.

## خشتەی ژمارە (٤)

| ناوی وتار | شینی کوژرانی 13 لاوی سەقزی[١] | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| لە سەدی | دووبارەبوونەوە | وشەی بەهاداری نەرێنی | لە سەدی | دووبارەبوونەوە | وشەی بەهاداری ئەرێنی |
| 10.0% | 1 | کۆنەپەرست | 10.0% | 1 | ئازادیخواز |
| 10.0% | 1 | دژی گەل | 10.0% | 1 | نیشتمانپەروەر |
| 10.0% | 1 | بەکرێگیراو | 20.0% | 2 | پێشمەرگە |
| 10.0% | 1 | سەرەڕۆ | | | |
| 20.0% | 2 | ئینسانکوژ | | | |
| | | | | | |
| کۆی کشتی | 6 | | | 6 | 100% |





بە پێی خشتەی ژمارە ٤، دوکتور سادق شەرەفکەندی لە کاتی نرخاندن و لەم وتارەدا بۆ چاندنی تۆوی رق لە ناخ و دڵی جەماوەری کورددا بەرامبەر بە رێژیمی ئێران، رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە کۆنەپەرست و دژی گەلی، سەرەڕۆ و مرۆڤکوژ ناو دەبات. هەروەها بزووتنەوەی کوردی وەکوو بزووتنەوەیەکی ئازادیخواز و ئەو کەسانەی لەم پێناوەدا هەنگاو دەنێن، بە نیشتمانپەروەر و پێشمەرگە پێناسە دەکات و ئەو کوردانەی بەرامبەر بە ئازادیی کوردستان رادەوەستن، بە بەکرێگیراو پێناسە دەکات. ئامانج لەمانەش راکێشانی خەڵك بۆ نێو بزووتنەوە و درێژە پێدان بە خەبات، واتە رەواییدان بە درێژەدانی رێگەکەیان، واتە خەبات بۆ ئازادی و یەکسانی و راوەستان بەرامبەر بە توندوتیژی و هەڵاواردن و جیاوازیی نەتەوەیی کە لە ئەسڵی ٨ و ٩ی پرەنسیپەکانی رۆژنامەنووسیدا دەستنیشان کراون.

١- هەلبژاردەیەك لە وتارەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی( ١٣٦٢-١٣٦٨ )، بلاوکراوەی کۆمیسۆنی چاپەمەنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، چاپ ٢٠٠٢، وتاری (شینی کوژرانی ١٣ لاوی سەقزی، نووسین سادق شەرەفکەندی، ل ١٥٨، )

## خشتەی ژمارە (٥)

| ناوی وتار | خومەینی و بزووتنەوەی جیهانی ئیسلام (١) | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| لە سەدی | دووبارەبوونەوە | وشەی بەهاداری نەرێنی | لە سەدی | دووبارەبوونەوە | وشەی بەهاداری ئەرێنی |
| 6% | 1 | زاڵم | 6% | 1 | مەزلووم |
| 6% | 1 | دژی گەل | 18% | 3 | ئازادیخواز |
| 12% | 2 | سەرەڕۆ | 12% | 2 | شۆڕشگێر |
| 24% | 4 | کۆنەپەرەست | 0% | | |
| 18% | 3 | ئیمپریالیست | | | |
| | | | | | |
| | | | | | |
| کۆی کشتی | 11 | | | 6 | 100% |





بە پێی خشتەی ژمارە ٥ بۆمان دەردەکەوێ کە دوکتور سادق شەرەفکەندی لە کاتی نرخاندندا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بە زاڵم، کۆنەپەرەست و دژی گەلی، سەرەڕۆ و ئیمپریالیست ناساندووە، بۆ ئەوەی تۆوی رق بەرامبەر بە ڕێژیمی ئێران لە دڵ و ناخی جەماوەردا وەکوو هێزی سەرەکیی بەرەنگاربوونەوە بچێنێت و بۆ بەرەنگاری بەرامبەر بە دوژمن ئامادەیان بکات. کە زیاتر لێرەدا لەسەر ئەم ئامانجە پێداگریی کردووە. هەروەها بزووتنەوەی کورد وەکوو بزووتنەوەیەکی ئازادیخواز و گەلی کورد وەکوو گەلێکی ستەملێکراو دەناسێنی، و ئەوانەی بۆ لە نێوبردنی ئەم زوڵمە و بەدەستخستنی ئازادی خەبات و تێکۆشان دەکەن، بە شۆڕشگێر ناویان دەبات. لەم وتارەشدا سادق شەرەفکەندی هەوڵ دەدات لە ڕێگای کاری ڕۆژنامەنووسی و ڕۆڵی لە کۆمەڵگادا، خەبات دژ بە کۆنەپەرەستی و لەپێناوی ئازادی، دیمۆکراسی و وشیارکردنەوە و ئامادەکردنی خەڵك بۆ تێکۆشان لە پێناو ئازادی و یەکسانیدا بکات. واتە ئەسڵی ٨ و ٩ی پرەنسیپەکانی ڕۆژنامەوانی.

١- هەڵبژاردەیەك لە وتارەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی( ١٣٦٢-١٣٦٨ )، بڵاوکراوەی کۆمیسیۆنی چاپەمەنی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران، چاپ ٢٠٠٢، وتاری (خۆمەینی و بزووتنەوەی جیهانی ئیسلام)، نووسین سادق شەرەفکەندی، ل ١٠٢.

**خشتەی ژمارە (٦)**

| ناوی وتار | | | یەکگرتوویی کۆمەڵانی خەڵك زامنی سەرکەوتنە (١) | | |
|---|---|---|---|---|---|
| له سەدی | به ژمارە دووبارەبوونەوە | وشەی بەهاداری نەرێنی | له سەدی | به ژمارە دووبارەبوونەوە | وشەی بەهاداری ئەرێنی |
| 13.3% | 2 | خۆفرۆش | 6.7% | 1 | پێشمەرگە |
| 20.0% | 3 | سەرکوتکەر | 26.7% | 4 | ئازادیخواز |
| | | | 13.3% | 2 | شۆڕشگێر |
| | | | 6.7% | 1 | ئینسان دۆست |
| | | | 6.7% | 1 | حەقخواز |
| | | | 6.7% | 1 | ستەملێکراو |
| | | | | | |
| کۆی کشتی | 5 | | | 10 | 100% |





به پێی خشتەی ژمارە ٦، دوکتور سادق شەرەفکەندی لەم وتارەدا، ڕژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران به سەرکوتکەر ناو دەبات و بزووتنەوەی کوردی وەکوو بزووتنەوەیەکی ئازادیخواز، ئینساندوست و حەقخواز ناو بردووە. ئەوانەی بۆ له ناو بردنی سەرەڕۆیی و کۆتایی هێنان به سەرکوتکاری خەبات دەکەن و بۆ بەدەستخستنی ئازادی هەوڵ دەدەن، به پێشمەرگە ناویان دەبات، له بەر ئەوەی کە دەیهەوێ پشتەوانیی جەماوەر بۆیان دەستەبەر بکات و ڕەوایی به خەباتەکەیان بدات. هەروەها ئەو کوردانەی بەرامبەر به ئامانجەکانی پێشمەرگەکان ڕادەوەستن و دەکەونە پاڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران به خۆفرۆش ناویان دەبات تاکوو تۆوی ڕق و قین لەم کەسانە له دڵی جەماوەردا بچێنێت. لەم وتارەدا سادق شەرەفکەندی زیاتر هەوڵ دەدات بۆ بەدەستخستنی پشتەوانی خەڵك له بزووتنەوەکە به مەبەستی درێژەدان به خەبات له ڕێگای خستنەرووی کۆمەڵێك فاکتی وەکوو ئازادیخوازی و مرۆڤدوستی کە وەکوو ڕەوایی پێدانێك بۆ درێژەدان به خەبات دێتە ئەژمار. ئەمانەش خۆیان له چوارچێوەی ئەسلی ٨ و ٩ی پرەنسیپەکانی ڕۆژنامەوانیشدا دەبینن.

١- هەلبژاردەیەك له وتارەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی( ١٣٦٢-١٣٦٨ )، بلاوکراوەی کۆمیسۆنی چاپەمەنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، چاپ ٢٠٠٢، وتاری (یەکگرتوویی کۆمەڵانی خەڵك زامنی سەرکەوتنە)، نووسین سادق شەرەفکەندی، ل ١١١،

## خشتەی ژمارە (٧)

| ناوی وتار | | | تیرۆریزم بە چی دەڵێن؟ (١) | | |
|---|---|---|---|---|---|
| لە سەدی | دووبارەبوونەوە | وشەی بەهاداری نەرێنی | لە سەدی | دووبارەبوونەوە | وشەی بەهاداری ئەرێنی |
| 43.6% | 17 | تیرۆریست | 2.6% | 1 | شۆڕشگێڕ |
| 7.7% | 3 | دیکتاتۆر | 2.6% | 1 | رزگاریخواز |
| 7.7% | 3 | فاشیست | 5.1% | 2 | بەشخوراو |
| 5.1% | 2 | زۆردار | 7.7% | 3 | ژێردەست |
| 15.4% | 6 | سەرەڕۆ | | | |
| 2.6% | 1 | کۆنەپەرەست | | | |
| کۆی کشتی | 32 | | | 7 | 100% |





بە پێی خشتەی ژمارە ٧ و ئەو ئەنجامانەی کە لەم خشتەیەدا بەدەست خراون، بۆمان دەردەکەوێ کە دوکتور سادق شەرەفکەندی لە کاتی نرخاندندا، رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە تیرۆریست، دیکتاتۆر، فاشیست، زۆردار، سەرەڕۆ و کۆنەپەرەست ناو دەبات و دەنرخێنێ و بەهێزترین بەڵگەش بۆ سەڵماندنی قسەکانی دوکتور سادق بەتایبەتی لەسەر تیرۆریستبوونی کۆماری ئیسلامی ئێران، تیرۆرکردنی خودی ئەم رێبەرە کورد و دوکتور قاسملوو بووە ئەویش لەسەر مێزی وتووێژ بۆ چارەسەری پرسی کورد. شەرەفکەندی لەم وتارەدا بزووتنەوەی کوردیش بە بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕ، رزگاریخواز، ژێردەست و بەشخوراو ناو دەبات. ئەم شێوازە نرخاندنەش راستەوخۆ دەچێتە خانەی ئەو ئامانجانەی کە نووسەر سمۆئیل ئادمز بۆ رۆژنامەنووسێکی شۆڕشگێڕ دەستنیشانی کردووە.

هەروە ئەگەر ئێمە بە پێی ئەسڵی ٨و ٩ی پرەنسیپە نێونەتەوەییەکانی ئەخلاقی پیشەیی لە رۆژنامەگەریدا ئەم وشانە بنرخێنین دەبینین کە سادق شەرەفکەندی لە راستی دا دژی دیکتاتوریەت، زۆرداری، کۆنەپەرەستی بووە و خەبات دەکات بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سڤیل و رزگارکردنی وڵاتەکەی.

١- هەڵبژاردەیەك لە وتارەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی( ١٣٦٢-١٣٦٨ )، بلاوکراوەی کۆمیسۆنی چاپەمەنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، چاپ ٢٠٠٢، وتاری (تیرۆریزم بە چی دەڵێن؟)، نووسین سادق شەرەفکەندی، ل ١٦٣.

### خشتەی ژمارە (٨)

| ناوی وتار | یادێك له دوو 28ی گەلاوێژ (١) | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| له سەدی | دووبارەبوونەوە | وشەی بەهاداری نەرێنی | له سەدی | دووبارەبوونەوە | وشەی بەهاداری ئەرێنی |
| 30.8% | 4 | کۆنەپەرست | 38.5% | 5 | ئازادیخواز |
| | | | 7.7% | 1 | حەقخواز |
| | | | 23.1% | 3 | دیمۆکراسی خواز |
| | | | | | |
| | | | | | |
| | | | | | |
| | | | | | |
| کۆی کشتی | 4 | | | 9 | 100% |





بە پێی خشتەی ژمارە ٨ دوکتور سادق شەرەفکەندی لەم وتارەدا، رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە کۆنەپەرست ناو دەبات و بزووتنەوەی کوردی وەکوو بزووتنەوەیەکی ئازادیخواز،حەقخواز و دیمۆکراسیخواز ناو دەبات بۆ بەدەستخستنی پشتەوانی خەڵك بۆ بزووتنەوەکە بە مەبەستی درێژەدان بە خەبات لە رێگای خستنەرووی کۆمەڵێك داواکاری وەکوو ئازادیخوازی وحەقخوازی و دیمۆکراسیخوازی. ئەمانەش دەتوانن ببن بە پاساوێك بۆ درێژەدان بە خەبات. هەروەها هەوڵدان بۆ دابینکردنی دیمۆکراسی، ئازادی و حەقخوازی و خەبات دژی کۆنەپەرستی لە ئامانجە سەرکییەکانی رۆژنامەنووسێك دێتە ئەژمار کە لە مادەی ٨ و ٩ی پرەنسیپەکانی رۆژنامەوانیدا بە روونی ئاماژەی پێکراوە. لەم وتارەدا سادق شەرەفکەندی هەروەك کە خۆی دەڵێت: هیچ جوڵانەوەیەك سەرناکەوێ، مەگەر ئەوەی کە خەڵك جوڵانەوەکە بە هی خۆی بزانێ، کار دەکات تاکوو بە خستنەرووی کۆمەڵێك داواکاری ئینسانی، جولانەوەکە بکاتە هی خەڵك. تاکوو یەکێ لەو ئامانجەی کە سموئیل ئادمز بۆ رۆژنامەنووسی شۆرشگێر دیاری دەکات کە بریتییە لە: رەوایەتی و پاساویان هەبێ بۆ گرتنەبەری رێگەکەیان، بەدەست بخات.

١- هەلبژاردەیەك لە وتارەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی( ١٣٦٢-١٣٦٨ )، بلاوکراوەی کۆمیسۆنی چاپەمەنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، چاپ ٢٠٠٢، وتاری (یادێك لە دوو ٢٨ی گەلاوێژ)، نووسین سادق شەرەفکەندی، ل ١٤٢.

## خشتەی ژمارە (٩)

| ناوی وتار | | | جێگای تایبەتی هەرکەس لە جۆڵانەوەدا (١) | | |
|---|---|---|---|---|---|
| لە سەدی | دووبارەبوونەوە | وشەی بەهاداری نەرێنی | لە سەدی | دووبارەبوونەوە | وشەی بەهاداری ئەرێنی |
| 4.3% | 1 | جینایەتکار | 4.3% | 1 | ژێردەست |
| 4.3% | 1 | دژی ئازادی | 17.4% | 4 | ئازادیخواز |
| 13.0% | 3 | کۆنەپەرست | 13.0% | 3 | رزگاریخواز |
| 4.3% | 1 | دیکتاتۆر | 4.3% | 1 | دیمۆکراسیخواز |
| 17.4% | 4 | خۆفرۆش | 4.3% | 1 | شۆڕشگێڕ |
| 8.7% | 2 | سەرەڕۆ | | | |
| 4.3% | 1 | دژی مرۆڤایەتی | | | |
| کۆی کشتی | 13 | | | 10 | 100% |





دوکتور سادق شەرەفکەندی لەم وتارەدا کە لە خشتەی ژمارە ٩ دا خراوەتە ڕوو، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە سەرکوتکەر، دژی ئازادی، کۆنەپەرەست، دیکتاتۆر، سەرەڕۆ و دژی مرۆڤایەتی ناو دەبات کە لێرەدا زمانەکەی بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێران تا ئاستێکی زۆر توند و تیژیی تێدا دەبینرێ. ئەویش بۆ چاندنی تۆوی رق بەرامبەر ئەم حکومەتەیە. و هەروەها بزووتنەوەی کورد وەکوو بزووتنەوەیەکی ئازادیخواز، رزگاریخواز ناو دەبات. ئەوانەی بۆ ئەم ئامانجانە خەبات دەکەن بە شۆڕشگێر ناویان دەبات ئەویش بۆ بەدەستخستنی پشتەوانیی جەماوەر بۆیان و رەواییدان بە خەباتەکەیان. هەروەها ئەو کوردانەی بەرامبەر بە ئامانجەکانی پێشمەرگەکان رادەوەستن و دەکەونە پاڵ کۆماری ئیسلامیی ئێران بە خۆفرۆش ناویان دەبات تاکوو تۆوی رق لەم کەسانە لای جەماوەر بچێنێت. لەم وتارەدا سادق شەرەفکەندی زیاتر هەوڵی چاندی تۆوی رق بەرامبەر بە ڕێژیمی ئێران لە لای خەڵکی کورد دەدات.

---

١- هەلبژاردەیەك لە وتارەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی( ١٣٦٢-١٣٦٨ )، بلاوکراوەی کۆمیسۆنی چاپەمەنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، چاپ ٢٠٠٢، وتاری (جێگای تایبەتی هەر کەس لە جۆڵانەوەدا)، نووسین سادق شەرەفکەندی، ل ١٧٨.

## خشتەی ژمارە (١٠)

| ناوی وتار | با هەموومان بەشی خۆمان لە خەباتدا بەشداری بکەین (١) | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| لە سەدی | دووبارەبوونەوە | وشەی بەهاداری نەرێنی | لە سەدی | دووبارەبوونەوە | وشەی بەهاداری ئەرێنی |
| 7.1% | 1 | خۆفرۆش | 50.0% | 7 | پێشمەرگە |
| 7.1% | 1 | سەرکوتکەر | 7.1% | 1 | رزگاریخواز |
| 7.1% | 1 | سەرەڕۆ | 14.3% | 2 | ئازادیخواز |
| 7.1% | 1 | کۆنەپەرەست | | | |
| | | | | | |
| | | | | | |
| | | | | | |
| کۆی کشتی | 4 | | | 10 | 100% |





بە پێی خشتەی ژمارە ١٠، دوکتور سادق شەرەفکەندی لە وتارەکەیدا لە کاتی نرخاندندا، رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە سەرکوتکەر، سەرەڕۆ و کۆنەپەرەست ناو دەبات، تاکوو کار بکاتە سەر هەستی جەماوەر بە مەبەستی چاندنی تۆوی رق بەرامبەر بە رێژیمی ئێران لە دڵ و ناخیاندا و ئامادەیان بکات بۆ بەرەنگاری بەرامبەر بە دوژمن. هەروەها لە رێگای ناساندنی بزووتنەوەی کورد وەکوو بزووتنەوەیەکی رزگاریخواز و ئازادیخوازەوە، بۆ رەواییدان بە بەرخۆدانی گەلی کورد بەرامبەر بە رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەوڵ دەدات. ئەوانەی بۆ لە نێوبردنی سەرەڕۆیی و کۆتایی هێنان بە سەرکوتکاری خەبات دەکەن و بۆ بەدەستخستنی ئازادی هەوڵ دەدەن، بە پێشمەرگە ناویان دەبات تاکوو هەستی خۆشەویستی لای جەماوەر بەرامبەر ئەم خەباتکارانە دروست بکات و ئەوانەی بەرامبەر بە داواکارییەکانی پێشمەرگەکان رادەوەستن بە خۆفرۆش ناویان دەبات تاکوو تۆوی رق لەم کەسانە لای جەماوەر دروست بکات کە ئەم ئەرکانەش دەچنە خانەی ئەسڵی ٨ و ٩ی پرەنسیپەکانی رۆژنامەنووسی.

---

١- هەڵبژاردەیەک لە وتارەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی( ١٣٦٢-١٣٦٨ )، بلاوکراوەی کۆمیسۆنی چاپەمەنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، چاپ ٢٠٠٢، وتاری (با هەموومان بەشی خۆمان لە خەباتدا بەشداری بکەین)، نووسین سادق شەرەفکەندی، ل ١٦٧

# سەرجەم وشە بەهادارە ئەرێنییەکان لە کۆی ١٠ وتار دا


| | | |
|---|---|---|
| خشتەی ژمارە (11) | | |
| وشە بەهادارە ئەرێنییەکان | | |
| پێشمەرگە | 29 | 25.7% |
| ئازادیخواز | 29 | 25.7% |
| شۆڕشگێڕ | 18 | 15.9% |
| ڕزگاریخواز | 6 | 5.3% |
| نیشتمانپەروەر | 6 | 5.3% |
| ژێردەست | 5 | 4.4% |
| تێکۆشەر | 4 | 3.5% |
| دیمۆکراسیخواز | 4 | 3.5% |
| بەشخوراو | 2 | 1.8% |
| نەبەز | 2 | 1.8% |
| خەباتگێڕ | 2 | 1.8% |
| یەکسانخواز | 2 | 1.8% |
| حەقخواز | 2 | 1.8% |
| ئینسان دۆست | 1 | 0.9% |
| ستەملێکراو | 1 | 0.9% |
| کۆی گشتی | 113 | 100% |



**خشتەی ژمارە (١٢)**

# سەرجەم وشە بەهادارە نەرینییەکان لە کۆی ١٠ وتار دا

| خشتەی ژمارە (12) | | |
|---|---|---|
| وشە بەهادارە نەرینییەکان | | |
| تیرۆریست | 17 | 20.7% |
| سەرەڕۆ | 14 | 17.1% |
| کۆنەپەرەست | 14 | 17.1% |
| بەکرێگیراو | 9 | 11.0% |
| فاشیست | 8 | 9.8% |
| دیکتاتۆر | 4 | 4.9% |
| ئیمپریالیست | 3 | 3.7% |
| سەرکوتکەر | 3 | 3.7% |
| زۆردار | 2 | 2.4% |
| دژی گەل | 2 | 2.4% |
| ئینسانکوژ | 2 | 2.4% |
| دژی مرۆڤایەتی | 1 | 1.2% |
| دژی ئازادی | 1 | 1.2% |
| جینایەتکار | 1 | 1.2% |
| زاڵم | 1 | 1.2% |
| کۆی گشتی | 82 | 100% |



**ئەنجام:**

بە پێی ئەو توێژینەوەی سەرەوە  کە ئەنجام درا و هەروەها خشتەکان دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە:

**یەکەم:** ئامانجی سەرەکی دوکتور سادق شەرەفکەندی بەدەستخستنی ڕەوایەتی بووە بۆ خەباتی حەقخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران. بۆیە بەردەوام جولآنەوەی گەلی کوردی بە جۆڵانەوەیەکی حەقخوازانە، دیمۆکراسیخواز، ئاشتی خواز، یەکسانخواز و... پێناسە دەکرد و لە نرخاندندا زیاتر وشەی بەهاداری ئەرێنیی بەکارهێناوە. بەتایبەتی وشەی ئازادیخواز و پێشمەرگە. ئامانجی لەم کارە ئەوە بوو کە بتوانێ پشتەوانیی ڕای گشتی بۆ دۆزی کورد بەدەست بخات، هەروەها پێشمەرگە کە ئەمرۆکانە باسکی بەهێزی گەلە، لە نێو جەماوەری کوردا بکاتە نموونەی خەبات بۆ ئازادی و ئاشتی و یەکسانی و مافی نەتەوایەتی.

**دووهەم:** دوکتور سادق شەرەفکەندی لە سەرجەم ئەو وشە بەهادارە نەرینییەکان کە بەکاری هێناوە، زیاتر کۆماری ئیسلامی ئێرانی وەکوو ڕێژیمێکی تیرۆریست و سەرەڕۆ دەیناسێنی. تیرۆرکردنی دوو ڕێبەری گەلی کورد لە کوردستانی ئێران کە یەك لەوان کە دوکتور قاسملوو بوو و لە سەر مێزی وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران لە ئوتریش تیرۆ کرا و ئەوی تریان خودی شەرەفکەندی بوو کە ساڵی ١٩٩٢ لە برلینی ئاڵمان لە ریستۆرانی میکۆنووس لە لایەن تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە تیرۆر کران، بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ تیرۆریست بوونی کۆماری ئیسلامی ئێران کە هیچ بڕوای بە چارەسەری کێشەی کوردی نییە.  بۆیە سادق شەرەفکەندی بە بەکارهێنانی ئەم چەشنە وشانە کە لە خشتەی ژمارە ١٢ دا بە ڕوونی دەبینرێ، هەوڵی دروستکردنی تۆوی رق و کینە لە دڵی جەماوەری کورد دژی کۆماری ئیسلامی ئیرانی دەدات، تاکوو بتوانێ ئەم هێزە سەرەکییەی بەرەنگاربوونەوە بێنێتە ناو مەیدانی خەبات دژی کۆماری ئیسلامی ئێران. بۆیە دوکتور سادق هەوڵ دەدا بە بەکارهێنانی وشەگەلی وەکوو تیرۆریست، فاشیست، سەرەڕۆ، دژی مرۆڤایەتی، ئینسانکوژ، زاڵم و... خەڵك دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران هان بدات و بێنێتە ناو مەیدانی خەبات بۆ بەرەنگاری کردن لە خاك و نیشتمان.

**سێهەم:** سادق شەرەفکەندی ڕۆژنامەنووسێکی شۆرشگێر بوو کە لە تەمەنی کاری ڕۆژنامەوانیی خویدا گەلێك هەنگاو و کاری ڕۆژنامەوانیی بەسوود و پڕبایەخ بۆ گەلەکەی کردووە و بەردەوام هەوڵی ئاشکراکردن و لەقاودانی تاوان و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دژی گشت گەلانی ئەم وڵاتە و گەلی کورد بەتایبەتی دەدا.

**چوارەم:** دوکتور سادق شەرەفکەندی ڕۆژنامەنووسێکی شۆرشگێر بەڵام لە هەمانکاتدا کەسێکی دیمۆکرات بوو کە بڕوای قووڵی بە دیمۆکراسی هەبوو و گەرەنتی بوونی مافی کورد لە کوردستانی ئێراندا لە بوونی سیستەمێکی دیمۆکراتدا دەدەیت.

**پێنجەم:** شەرەفکەندی باوەڕییەکی قووڵی بە مافی سەرجەم گەلانی جیهان هەبوو و لەسەر ئەو باوەڕە بوو کە کاتێ ئاشتی ڕاستەقینە لە جیهاندا مسۆگەر دەبێ کە ئاشتی لە نێوان گەلاندا دروست بێت.

**شەشەم:** دوکتور شەرەفکەندی بڕوای بە مافی یەکسان لە نێوان ژن و مێر هەبوو و خەبات بۆ یەکسانی و دابینکردنی مافی بەرامبەری ژن و پیاو لە کۆمەڵگادا، بە کەمتر لە خەبات بۆ بەدەستخستنی مافی نەتەوایەتی نەدەزانی.

**حەوتەم:** مرۆڤێکی ئاشتی خواز بوو، بەڵام بڕوای بە خەباتی توندوتیژ هەبوو بۆ دەرکردنی داگیرکەرانی کوردستان.


**هەشتەم:** دژی هەژاری و فەرق و جیاوازی چینایەتی بوو، بەڵاك لە هەمانکاتدا باشترین ڕێچارە بۆ لەناوبردنی هەژاری لە کۆمەڵگاد لە سیستمێکی سۆسیالیست و دیمۆکراتدا،دەدەیت. ناوبراو بڕوای بەوە هەبوو کە کاتێ ئێمە دەتوانین هەژاری بنبڕ بکەن کە سەرەتا دیمۆکراسی لە وڵاتدا دابین بکرێت.

**نۆیەم:** سادق شەرەفکەندی پێ وابوو بۆ ئەوەی هەموو ئایینەکان بتوانن بە ئاشتی و برایەتی پێکەوە لە چوارچێوەیەکی جوغرافیاییدا بژین، تەنیا سیستمێکی سکۆلارە کە دەتوانێ ئەم ئاشتی و پێکەوەژیانە گەرەنتی بکات.

**دەیەم**: سادق شەرەفکەندی لە ماوەی  کاری رۆژنامەگەری خۆیدا، رووبەرووی زۆر ئاستەنگ و هەڕشە دەبێت بۆ نموونە  نەبوونی ئیمکاناتی پێویست بۆ کاری میدیایی، نەبوونی کەسانی شارەزا لە بواری راگەیاندن، نەبوونی تەکنولۆجیایی بەرزی گەیاندن، دوور بوون لە خەڵکی کوردستانی ئیران، هەبوونی پارازیت لەسەر رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، یاساغ بوونی رۆژنامەی کوردستان لە لایەن رێژیمی ئێرانەوە، نەبوونی ئازادی راگەیاندن لە ئێراندا، هەبوونی هێرش و تۆپارانکردنی بەردەوامی بنکەی راگەیاندنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە لایەن رێژیمی ئێرانەوە و زۆر کۆسپ و ئاستەنگی تر کە رێگر بوون لەبەرامبەر پرۆسەی کاری رۆژنامەوانی سادق شەرەفکەندی. بەڵام هیچ یەك لەم ئاستەنگانە نەیتوانی ناوبراو لە بەردەوامبوون لەم ئەرکە پیرۆزەدا پاشگەز بکات. ئەمەش  گرینگی و پێگەی راگەیاندن لای شەرەفکەندی دەردەخات.
**یازدەهەم**: دوکتور سادق شەرەفکەندی بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی گەیاندن و زانیاری، هەوڵی دەدا بۆ رێکخستنی خەڵکی کوردستان و یەکگرتوو کردنیان بۆ خەبات و بەربەرەکانی دژی رێژیمی ئێران و نەهێشتن و لەناوبردنی دەسەڵاتی ئەم رێژیمە هەم لە کوردستان و هەم لە ئێران، و لەم پێوەندییەدا هیچ پاوەندییەك نەبوو بە رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، کە هەوڵی دەدا بڕۆخێنێ.
**دوازدەهەم**: دوکتور سادق شەرەفکەندی لە ماوەی کاری رۆژنامەوانی خویدا تەنیا رووداوەکان بڵاوی نەدەکرد و شی یان نەدەکرد، بەڵکۆ هەوڵی دەدا رووناکی بخاتە سەر بارودۆخی ناهەموار و رۆخێنەر و خەبات دەکرد بۆ نەهێشتنیان.
**سێزدەهەم**: سادق شەرەفکەندی هەوڵی بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و رزگاربوون لە دەسەڵاتی رێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانی دەدا و هەروەها کار دەکرد بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی دادپەروەر و تێدەکۆشی بۆ گۆڕینی وڵات و چاککردنی پاشەڕۆژی میللەتێکی دیاریکراو.

# پاشکۆی


# وێنە



# شه هید

کاتێ زانییان
دڵت پاپۆری ئەوینە و
بۆ گەیشتن بە بەندەری خۆشەویستی
دەریای شەختە و سەهۆڵ ئەبڕی
هاتن سینگتیان هە ڵدری !
کاتێ زانییان
دڵت پردێکە پان و پۆر
بەرەو ناخی مێژووی جیهان
دەستی کۆێستانت گرتووە
لە قووڵایی مەرگ و خوێنا
ئەیبەی بەرەو کۆشکی ژیان
پەردەی وەرزی زریان ئەدڕێ
هاتن سینگتیان هە ڵدری !
کاتێ زانییان
بۆرکانە دامراوەکان ئەخرۆشێنی
بوومەلەرزە خنکاوەکان
لە ناو خوێنتا ئەجوێنە وە
نەخشەی جیهان ئەشێوێنی
سنوورەکان لە ژێر پێتا ئەتوێتەوە
وەك بلیسەی کڵپەی ئاگر
لە ناو شەوە زەنگا ئەگری
هاتن سینگتیان هەڵدری !
کاتێ زانییان
ناوت بووە بە جوانترین وشەی ئەوین
دڵدارەکان ئەبزوێنێ
دەنگت بووە بە چەپکە تیشک
شەوی چلکن ئەشلەقێنێ
شانت داوە بە ژێر خەمی نیشتمانا و
فرمێسک لە چاو هەژار ئەسڕی
هاتن سینگتیان هە ڵدری !
کاتێ زانییان
کۆێستانت کردووە هێلانە
بە شمشاڵی لوولەی تفەنگ
دڵدارەکان بۆ جێژوانی چیا ئەچڕی
هاتن سینگتیان هە ڵدری !
هاتن سینگتیان هە ڵدری !

هۆنراوە: جەلال مەلەکشا
ساڵی ١٣٦٨ سنە



د. سادق شەرەفكەندی لە كاتی كاركردن لە رادیۆ دەنگی كوردستانی ئێران

کاك محەممەد
سادق شەرەفکەندی
بە معدلی 17/35
لە ئەزموونەکانی
کۆتایی ساڵی پۆلی
چواری سەرەتایی
ساڵی 1332-1333
رۆژی، پلەی یەکەمی
بە دەست خستووە.



آقای محمد صادق شرفکندی با
معدل ۱۷٫۳۵ در امتحانات سالیانه
کلاس چهارم در سال تحصیلی
۳۲-۳۳ شاگرد اول شده است

وێنەی دوکتور سادق شەرەفکەندی لە تەمەنی مناڵیدا کە لە یەکێ لە رۆژنامەکانی ئەو کاتی ئێران بە بۆنەی بەدەست خشتنی پلەی یەکەم لە پۆلی چواری سەرەتایی بلاو کراوەتەوە



با لاوانی کورد،
کچ و کوڕ باش
بزانن کە ژیان لە
ئەسیری و ژێردەستیدا
و بە سەرشۆڕی و
شەرمەزارییەوە چەندە
بێ قەدر و قیمەتە و
لەبەرامبەردا، هەڵمژینی
هەوای پاك و بێگەردی
سەربەرزی و ئازادی
چەندە خۆش و دلڕفێنە.

دوکتور سادق شەرەفکەندی لەگەڵ پۆلێك لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران




دیمۆکراسی دەبێ نێوەرۆکێکی واقعی هەبێ، دیمۆکراسی وەکوو هەوایەکی ئازاد وایە کە بۆ بەرگری لە خنکاندنی ئەفراد پێویستە. بەڵام ئینسان تەنیا بە هەوا ناژی و نانیشی دەوێ. بۆیە ئەم دیمۆکراسییەی ئێمە دەمانەوێ، دەبێ جگە لە ئازادی، بەرابەری و یەکسانی یان بەواتایەکی دیکە دادی کۆمەلایەتیش تا ئەو جێگایەی دەکرێ دابینی بکات



د. سادق شەرەفکەندی  لە کاتی زیارەتی مەزاری شەهید قاسملوو لە پێرلاشزی فەرانسە

ئێمە گەلێکی مەزڵوومین و زوڵممان لێ دەکرێ، زۆرداران بە کوشتنی دوکتور قاسملوو دەیانەوێ پێمان بڵێن کە تەنیا کاتێك مافی هەناسەکێشانمان هەیە کە ژێردەست و ژێرچەپۆکەیان بین. بەڵام لەمێژە گوتوویانە کە قبووڵی زوڵم لە خودی زوڵم کردن خراپترە.




لە لای راستەوە: بەرێزان مام جەلال، مەسعوود بارزانی و د. سادق شەرەفکەندی

تا ئەو کاتەی زۆلم و زۆر هەبێت، تا کاتێك چەوساندنەوەی جۆراوجۆری چینایەتی، نەژادی، نەتەوەیی، مەزهەبی و جینسی باو بێت، تا کاتێك دیکتاتوری و سەرەڕۆیی لە لایەك و یەخسیری و کۆیلەتی و دیلی و ژێر چەپۆکی و هەژاری لە لایەکی دیکەوە لە گۆڕێدا بێت، شەڕ و ناکۆکی هەر دەبێ و هەر دەشبێ ببێت، چەوسێنەر و زاڵم و سەرەڕۆ هیچ کاتێك بە مەیلی خۆی دەست لە چەوساندنەوە و زۆڵم و دیکتاتۆری هەڵ ناگرن، مەگەر بە زۆری و لە ئاکامی شکست لە خەباتی توندوتیژدا نەبێت.

د. سادق شەرەفکەندی

مرۆڤ دەتوانێ
کەموکۆڕی و
گیروگرفتی
ئابووری لە ژیانیدا
تەحەمول بکات،
بەڵام ناتوانێ بە بێ
ئازادی بژی.

د. سادق شەرەفکەندی






سوڵح و ئاسایش و
ئاشتی و هێمنایەتی
تەنیا بە رێککەوتن
و ئاشتی لە نێوان
دەوڵەتاندا وە دی نایەت،
بەڵکوو کاتێك ئاشتیی
راستەقینە لە جیهاندا
بوونی دەبێت کە ئاشتی
و ئاسایش بۆ گەلانی
جیهان بەدی بێت




مەراسمی بە خاك سپاردنی د. سادق شەرەفکەندی و هاورێیانی لە پێرلاشزی فەرانسە



با دایکانی کوردستان رۆڵەکانیان
لە باوەشی گەرم و پڕ لە
خۆشەویستیی خۆیاندا بە هەستی
گەرمی نیشتمانپەروەری و ئازادیخوازی
پەروەردە بکەن و چیرۆکی ژیانی
دوکتور قاسملوو و شەهیدانی
ڕێگای رزگارییان بە گوێدا
بخوێنن، با باوکانی کوردستان
دەرسی ئازایەتی و خەباتگێڕی
فێری منداڵەکانیان بکەن و تێیان
بگەیەنن کە چەندە خۆشە جێگای
هیوا و هومێدی کۆمەڵگەکەیان و
گەلەکەیان بن.

د. سادق شەرەفکەندی



دوکتور سادق شەرەفکەندی لەگەل شەهید مەنسووری رەشە هەورامی

ئەو نەتەوەی کە ئاگاداری مافی خۆیەتی و بۆ گەیشتن بە مافەکانی خەبات دەکات، هیچ کاتێ لە ناو ناچێت و هەتا هەتایە زیندوو و سەربڵێند دەمێنێت.

د. سادق شەرەفکەندی










سەربازی وون

کە وە فدێ دە چێتە شوێنێ
بۆ سەر گۆڕی سەربازی وون
تاجە گوڵێنەیەك دێنێ
ئەگەر سبەی
وە فدێ بێتە وڵاتی من
لێم پرسی:
کوانێ گۆڕی سەربازی ون؟
دە ڵێم:
گەورەم
لە کەناری هەر جۆگەیێ
لەسەر سەکۆی هەر مزگەوتێ
لەبەر دەرگای هەر ماڵێ
هەر کلیسەیێ
هەر ئەشکەوتێ
لەسەر گابەردی هەر شاخێ
لەسەر درەختی هەر باخێ
لەم وڵاتە
لە سەر هەر بستە زەویێ، لەسەر
هەر گزە ئاسمانێ
مەترسە و کەمێ سەر داخە و
تاجە گوڵێنەکەت دانێ!!!!!!

عبد ولا پە شیو



# سەرچاوەکان

**سەرچاوە سەرکییە کوردییەکان (کتێبەکان):**

●ئەلبرت ل. هستر، رابەری رۆژنامەنووس لە جیهانی سێهەم دا، و: حەسەن عەبدالکریم، دەزگای موکریان، 2007.

●ژێرار شالیان، تێراژیدیای کورد، راپۆرتێك بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، وەرگێڕان، وریا رەحمانی، چاپخانە موکریان ـ هەولێر ، ساڵی چاپ 2012.

●سمایل شەرەفی، شەرەفکەندی سیمای شۆڕشگێڕێکی نەتەوەیی.

●عەبدولڕەحمان قاسملوو، چل ساڵ خەبات لە پێناوی ئازادیدا، چاپی دووهەم .1988

●عەبدوڵلا حەسەن زادە، نیو سەدە تێکۆشان، بەرگی یەکەم و دووهەم، ساڵی چاپ 1374.

●لۆقمان مێهفەر، کتێبی میکۆنوس بکوژانی شەرەفکەندی ریسوا دەکا، ساڵی 2007.

● مستەفا هیجری، خەبات لە پێناوی ئازادیدا، ئامادەکردن و کۆکردنەوە، لوقمان مێهفەڕ، ساڵی چاپ 2011.

●هەلبژاردەیەك لە وتارەکانی دوکتور سادق شەرەفکەندی( 1362-1368 )، بلاوکراوەی کۆمیسۆنی چاپەمەنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، 2002.

●هیمداد حوسەین، رۆژنامەنووسیی کوردیی سەردەمی کۆماری کوردستان، 1942-1947، ، چاپخانەی سەردەم. سلێمانی، 2002، ل82.

**●سەرچاوە کوردییەکان پیتی لاتینی:**

.tî Û azadî, Şehab XalidîşDR. Qasimlo Banga A -11

12 -Nevîn Gûngor Reşan, Navdarên Kurd ,çapa yekem 2008.

**●سەرچاوە سەرەکییە فارسییەکان :**

● امیر مدنی، تاریخ معاصر ایران، سالی چاپ 1374.

●حسین قاضی، کتێبی " سقوط رضا شاه"، سالی چاپ 1362، چاپخانەی مهر.

●دیوید مك داول، تاریخ معاصر کرد، و: ابراهیم یونسی، سالی چاپ1380.

●دبوار پاتر، اموزش روزنامەنگاری، و: حەمید رەزا زاهدی، بەشی ، چاپخانەی اطلاعات، تهران، 1389 .

●سعید بدل، تاریخچە جنبش ملی کرد از قرن نوزدهم تا پایان جنگ جهانی دوم. (مێژووی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە سەدەی نوزدەهەم تا کۆتایی شەڕی دووهەمی جیهانی) خەزەڵوەری 1393ی رۆژی (11-1984)ی میلادی.

●سەلام عەزیزی، سەفەری بێ گەڕانەوە.

●کریستین بولارد، کتێبی شترها باید بروند، وەرگێڕان، دکتر علی اکبر فرهنگی، ساڵی چاپ، 1381ی رۆژی. چاپخانەی فردوسی.

●مهران پاینده، عباس خداقلی، حمید نوذری، کتێبی (هنوز در برلین قاضی هست- ترور و دادگاه میکونوس) چاپی دووهەم، ساڵی 2000، چاپخانەی نشر نیما، شوێنی چاپ ئاڵمان.

•نجفقلی پسیان و خسرو معتضد، از سوادکوه تا ژوهانسبورگ: زندگی رضاشاه پهلوی، چاپی سێهەم، ساڵ ۱۳۸۲، ل122.
•نوشیروان مصطفی امین حکومت کوردستان، وەرگێڕان بۆ فارسی، سمایل بەختیاری،ساڵی چاپ 2000، چاپخانەی شڤان.
•هوشنگ مهدوی، سیاست خارجه ایران در دوران پهلوی، چاپخانەی اذر. ساڵی چاپ 1370.
•یونس شکرخواه، خبر، ساڵی چاپ 1388ی رۆژی.

**سەرچاوە لاوەکییەکان: (وتارەکان)**

•ئازاد کوردی، وانەی مێژووی رۆژنامەگەریی کوردیی سەردەمی کۆماری کوردستان، قۆناغی یەکی راگەیاندن، 2009.
•برایم قەززاق، وتاری (لە گەڵ رۆژنامەی «کورستان»دا لەمەهابادەوە تا پاریس) رۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ژ600.
•حەسەن شەرەفی، رۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ژمارە 600، ساڵی 2013، پاشکۆی تایبەت بە ژمارە 600.
•سادق حەمە غەریب، وانەی رەوشتی راگەیاندن. 10-2-2012
•سۆران عەلیپوور، وتاری ئاوڕدانەوەیەك لە کتێبە مێژوویییەکەی د.سادقی شەرەفکەندی . ، یەک شەممە, 23 .9 201، www.kurdistanukurd.com
•شادمان مەلا حەسەن، رۆژنامەی کوردستان ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، گۆڤاری رۆژنامەنووس، ژمارە 4، 2005.
•عارف نادری، رۆڵی رۆژنامەی کوردستان لە پرۆسەی خەمڵێنی شۆناسی نەتەوایەتیی کورددا.www.Kurdistanmedia.com
•فەتاح کاویان، وتاری (رۆژنامەی «کوردستان» و روانگەی پێشمەرگەیەکی دێرین، رۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان،) ژ600.
•کامران حەدداد، وتاری تێکۆشان لە کوردستاندا، شانازییەک کە بە نسیبی منیش بووە، رۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان. ژ600.
•مادیح ئەحمەدی، وتاری «کوردستان» لە دوو قۆناغی جیاوازدا، رۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ژ600.
•ناسر ساڵحی، وتاری رۆژهەڵاتی کوردستان و گەشەی ئابووری، بەرواری نووسین: 14 / 8 / 2009، ئادریسی ئینترنێتی:
www.komale.comJ=235&http://beyan.info/Direje.aspx?C=Witar
•هاشم کەریمی، وتاری (لەسەر بیۆگرافیی دەورە جیاجیاکانی رۆژنامەی کوردستان) رۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان ژمارە600.

**وتووێژەکان و دیکۆمنتەکان:**

- ڕاپۆرتی دیکۆمنتاری تەسویری بە بۆنەی 22 هەمین ساڵڕۆژی دامەزراندنی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران (ئارشیڤی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سالی 1381ی ڕۆژی).
- عەبدوڵلا حەسەن زادە، سەرنووسەری پێشووی ڕۆژنامەی کوردستان، سیمیناری 67مین ساڵیادی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان، کوردکاناڵ.
- موستەفا مەعرووفی، مامۆستای زانکۆ، سیمیناری 67مین ساڵیادی دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان، کوردکاناڵوتوێژ لەگەڵ سەلام ئیسمائیپوور، بەپرسی بەشی فارسی ڕۆژنامەی کوردستان، کۆیە(21-2-2013)
- وتووێژ لە گەڵ جەلیل گادانی، کۆیە، (5-11-2012).
- وتووێژ لەگەل د. ڕەحیم سۆرخی. هەولێر (22-2-2013).
- وتووێژ لە گەڵ ئەحمەد شێربەگی، ژنێڤ- سووئیس، سێ شەممە، (6/11/2012).
- وتووێژ ماڵپەڕی کوردستان میدیا لە گەڵ لۆقمان مێهفەر، بەرپرسی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، (15/06/2012)
- وتووێژی گۆڤاری لڤین لە گەل موهەندیس ڕەزا خەیاتی، یەکێك لە دامەزرێنەرانی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، (13ی تشرینی دووهەمی 2012).
- وتووێژ لەگەڵ نوورەدین سوفی زادە، کۆیە،( 26/11/2012)
- وتووێژ لەگەڵ موهاجر کوردنە ژاد، هەولێر، (3/12/2012).
- وتووێژ لەگەڵ سیامەند تەربی، کۆیە،(29/11/2012).
- وتووێژ لەگەڵ قادر وریا، سەرنووسەری ڕۆژنامەی کوردستان، ئۆرگانی کۆمیتە ناوەندی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان. کۆیە(23-2-2013).
- وتووێژ لەگەڵ د. ڕەحیم سورخی، هەولێر، (11-2-2013).